دابینکردنی مافه نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٥٦
www. kurdistanukurd.com
ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران
پێنج شەمە ● ١٠ی رەشەممەی ١٣٨٥ ● ١ی مارسی ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## روونکردنەوەیەکی پێویست

هێندێ دەنگۆ لەسەر زاران و لە هێندێك سایتی ئینتێرنێتی و رادیۆ و هەواڵدەری‌یەکان دا بڵاو بوونەوە کە گۆیا لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنی بەرامبەردا وتووێژ بۆ یەکگرتنەوە دەستی پێ کردوە و تەنانەت بە ئاکامیش گەیشتوە. بەم هۆیە رادەگەیەنین کە:

١ـ ئێمە هەمیشە دژی لەتبوونی حیزب بووین و ئەو لەتبوونە لەلایەن کۆنە هاورێکانمانەوە بەسەر ئێمەدا سەپێندراوە.

٢ـ هەموو کاتێك ئامادەین بەپێی میکانیزم و پرەنسیپ و زەمانەتێکی ئیجرایی لەگەڵ لایەنی بەرامبەرو تەنانەت لەگەڵ رێکخراوێکی دیکەش لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەش یان حیزبێك دا یەك بگرین.

٣ـ بەڵام تا ئێستا هیچ وتووێژێکی یەکگرتنەوە لەنێوان ئێمە و لایەنی بەرامبەردا لەبارەی یەکگرتنەوەوە رووی نەداوە و هەرچی لەو بارەوە گوتراوە ناڕاست و بێ‌بناغەیە.

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٣٨٥/١٢/٩)

## پەیامی دەفتەری سیاسی بۆ کۆڕیادی ٣ی رەشەمە و راپەڕینەکانی ماکۆ

خوشك و برایانی بەڕێز!
کادر و پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی حیزب!

بەشدارانی بەڕێزی کۆڕی بیرەوەریی رووداوە تاڵ و خوێناوی یەکانی شاری سنەی خۆڕاگر و ماکۆی ئازاو قارەمان و گشت شارو ناوچە سەربەرزەکانی کوردستان!

ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەوە بۆ رێز گرتن لە خەبات و فیداکاریی رۆڵە بە وەج و گیان لە سەردەستەکانی کوردستان کە هیچ هەلومەرجێکی سەخت و دژوار چۆکی پێ دا نەداون و لە بەرامبەر دوژمنان دا بۆ پاراستنی ماف و مەوجوودیەتی گەلەکەیان لە مردن نەترساون و لە هەر دەرفەت و بۆنەیەکدا بە گژ دەسەڵاتی زوڵم و کۆنەپەرستی دا چوونەوە و بە خوێنی خۆیان دیفاعیان لە ماف و ئازادی یەکانیان کردوە.

هەشت ساڵ لەمەوپێش بەڕێز "عەبدوڵلا ئۆجەلان" سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا رۆژی ٢٧ی رێبەندانی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی لە لایەن دەزگا جاسووسی و ئەمنییەتییەکانی تورکیا بە هاوکاری و پیلانی چەندلایەنە، بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە و دوور لە هەر رێوشوێنێکی ئەخلاقی و پەیماننامە و پرەنسیپە نێونەتەوەیی‌یەکان گیراو بەرەو تورکیا رفێندرا. نیشاندانی چۆنیەتیی گیران و چاو بەستن و قۆڵبەستکردنی، بوو بە هۆی بریندار بوونی هەست و ویژدانی نەتەوەیی کورد و ئەم رەفتارو کردەوانە بوونە هۆی دەربڕینی ناڕەزایەتی و تووڕەیی خەڵك و بەهێزبوونی ناڕەزایەتی لە نێو خەڵکی کوردستان دا.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ مەحکووم کردنی ئەم تاوانە دژی ئینسانییە، ئەم رووداوە بوو بە هەل و دەرفەتێك و دەستپێکی حەرەکەتێکی گشتی و هەمەلایەنەی گەلی کورد، بۆ هێنانە گۆڕی ویست و داخوازە رەواکانی ئەم گەلە زوڵم لێکراوە و دژایەتی کردن لەگەڵ سیاسەتی سەرکوت و لە ژێر پێ نانی ماف و ئازادی یەکانی کورد. لە سەرەتادا رێژیم رێگای دا کە خەڵك بۆ مەحکووم کردنی گیرانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، رێپێوان بکەن، دیارە ئەوەش بە مەبەستی تایبەتی خۆی بوو، بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە لە ئێران دا مەسەلەیەك بە ناوی مەسەلەی کورد نیە و کوردی ئێران هەموو مافەکانیان دابین کراوە، ئەوە کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانن کە زوڵملێکراون و ئەویش پشتیوانییان لێ دەکا.

٢




بۆ رێزگرتن و هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستان

# کۆڕێکی تایبەتیی بۆ یادی خۆپیشاندانە خوێناوی‌یەکانی سنە و ماکۆ پێك هات

لە ژێر دروشمی "بەردەوامی و یەکگرتوویی گیانی بزاڤ و رەمزی سەرکەوتنن" رۆژی ٢ی رەشەممە، لە هەشتەمین ساڵرۆژی خۆپیشاندانە بەرینەکانی خەڵکی کوردستان و بە بۆنەی تێپەڕینی ساڵێك بە سەر راپەرینی خوێناویی خەڵکی ماکو، کۆڕێك بە بەشداریی ئەندامانی رێبەری و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە ساڵۆنی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردن بەڕێوەچوو. لەم کۆڕەدا وێڕای رێز دانران بۆ خەبات و خۆبەختکەریی خەڵکی راپەڕیوی کوردستان، لایەنە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوە جەماوەری‌یەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کەوتە بەر باس و هەڵسەنگاندن کە بریتی بوون لە: پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب (حەسەن قادرزادە)، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران (نەسرین حەداد)، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران (رەحمان سەلیمی)، وتاری "لە بیرەوەریی دوو رووداوی تاڵدا" (مستەفا مەعرووفی)، "ئەو بنەما فیکرییانەی دەبنە هۆی توندوتیژی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا" (رەسوول سوڵتانی)، "ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دروست بوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گشتگیر" (رامبۆد لوتفپوری) ئەو بابەت لێکۆڵینەوانە بوون کە لەم کۆڕەدا پێشکێش کران و ئەم کۆڕە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ کۆتایی پێ‌هات.

کاك حەسەن رەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆبوونەوەیەك دا لە وڵاتی سوئێد

# تیشکی خستە سەر کۆمەڵێك پرسی گرنگ



کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠٧/٠٢/١٧ کومیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی گشتیی بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری وێستەرۆس پێك هێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز کاك حەسەن رەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، باسێکی تێروتەسەلی لەسەر هەلومەرجی سیاسیی ئێستای جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین کردو لەژێر تیشکی ئەو لێکدانەوەیەدا وەزعی سیاسیی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا شی کردەوە. کاك حەسەن خۆگونجاندنی پرسی کورد لەگەڵ سیاسەتی زلهێزەکان لە ناوچەدا بە ژیرانە وەسف کردو، داهاتوویەکی روون و هیوابەخشی بۆ نەتەوەی کورد پێش بینی کرد. پاشان ئاوڕی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی گرفتە نێوخۆیی‌یەکانی حیزبی دێموکرات دایەوە، گرفتێك کە سەرئەنجام لەتبوونی ئەم حیزبەی لێ کەوتەوە و لەسەر پێویستیی گۆڕان و ریفۆرم لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پێی داگرتەوە. لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب وەڵامی پرسیاری بەشداران لەبارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکانی دایەوە. ئەم کۆبوونەوەیە کاتژمێر ٧ی ئێوارە سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

# ئەرتەش و سوپای پاسداران دانیان بە تێکەڵچوونەکانی دەوروبەری خۆیە و بەربوونەوەی هێلیکوپتێرێکی نیزامی‌دا نا

لە تێکهەڵچوونەکانی رۆژی هەینی رابردوو( ٤ی رەشەمەی ١٣٨٥)دا کە لە نێوان "هەپەگە" باسکی نیزامیی P.K.K و ئەرتەش و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی جەهەننەم دەرەی خۆیەدا رووی‌دا، زەبرێکی قورسی نیزامی بە هێزە چەکدارەکانی رێژیمی ئێران کەوت. لەم تیکهەڵچوونانەدا هێلیکۆپتێرێکی سوپای پاسداران کە ٩ کەسی تێدا بوون تەقیەوەو هەر ٩ کەسەکە کوژران. "سەردار سەعید قەهھاری" فەرماندەی لەشکری ٣ی "ویژە شهدا" و "سەردار حەنیف دروستی" فەرماندەی یەکێك لە تیپەکانی ئەو لەشکرە لە نێو ئەو ٩ کوژراوە دان. دوو بەکرێگیراوی کوردی خەڵکی مەهابادیش کە لە ساڵی رابردووەوە لە سوپای پاسداران دا دامەزرابوون، لە رێزی کوژراوەکانی رێژیم لە تێکهەڵچوونەکانی دەوروبەری خۆیە دان.



بۆ باس لە گرفتی پەناخوازانی کورد لە تورکیە

# هەیئەتێکی حیزب سەردانی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران لە ژنێڤی کرد

رۆژی چوارشەممە ٢١ی فێوریەی ٢٠٠٧، هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە هاورێیان ئاسۆ حەسەن زادەو رەحمان ئیبراهیم زادە لە ژنێڤ چاویان بە بەرپرسانی کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران کەوت تا سەرنجیان بۆ لای گرفت و بارودۆخی دڵتەزێکی پەناخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تورکیە رابکێشن. راپۆرتی ئەم دیدارە لە لاپەڕە ٣ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دایە.

UNHCR
The UN Refugee Agency

# وتووێژ بە مەبەستی ئابلۆقەی توندتری ئێران درێژەی هەیە



نوێنەرانی سیاسیی پێنج وڵاتی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش وێڕای ئەڵمان دوا سەعاتەکانی رۆژی پێنج شەممە ١ی مارسی ٢٠٠٧، وتووێژەکانی خۆیان بۆ توندتر کردنی ئابلۆقە لە دژی بەرنامە ناوکی‌یەکانی ئێران بە تەلەفون، درێژە پێ‌دا.

هەر لەم بارەیەوە دوست بلازی وەزیری دەرەوەی فەرانسە پاش دیداری هاوتای چینیی خۆی، ئەمڕۆ پێنج شەممە بە هەواڵنووسانی گوت: "فەرانسە و چین لەسەر یەکگرتوو بوون لە دەرکردنی بڕیارنامەی دووهەمی ئەنجومەنی ئاسایش دژی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران رێك کەوتن." ناوبراو گوتی: "خاڵی سەرەکی بۆ ئێمە یەکگرتوویی کۆمەڵی جیهانی‌یە و بە هۆی ئەم یەکگرتوویی‌یە، ئێران دەبێ بە شێوەیەکی ستراتیژیك هەڵبژێرێ کە ئایا تەریك دەکەوێتەوە، یا تێکۆشانی خۆی بە مەبەستی پیتاندنی ئورانیوم هەڵدەپەسێرێ."

هەوڵە نوێ‌یەکان بۆ دەرکردنی بڕیارنامەیەکی توندتر لە دژی ئێران ئەو کاتە پەرەی گرت کە کۆماری ئیسلامی لە کۆتایی مۆڵەتی ٦٠ رۆژەی ئەنجومەنی ئاسایش دا، ئامادە نەبوو بەرنامەکانی خۆی بۆ پیتاندنی ئورانیۆم هەڵپەسێرێ.

رادیۆ فەردا

# بە هۆی بڵاوبوونەوەی پارازیت، نزیك بە چل ژن لە مەهاباد، منداڵیان لەبار چووە



بە پێی هەواڵێك کە بە "کوردستان" گەیشتوە، نزیك بە ٤٠ ژنی دووگیان لەم حەوتووانەی دوایی‌دا، لە مەهاباد منداڵیان لەبار چووە. سەرچاوەیەك لەبارچوونی ئەم منداڵانەی گەڕاندەوە بۆ ئاکامە زیانبارەکانی ئەو شەپۆلانەی رێژیم بۆ پارازیت خستنە سەر کاناڵە ئاسمانی‌یە کوردی‌یەکان. بە هۆی دەکەلێك کە لە تەپەی قازی دایمەزراندوە، بڵاویان دەکاتەوە. لە بارەی زیانەکانی ئەم پارازیت بڵاوکردنەوەیە، هەر لەم ژمارەیەدا بابەتێکی سەرنجراکێش هەیە.




هەواڵەکان ٣


باسێك لە کێشەی ژنانی نێو ریزەکانی حیزب ٥


خوێنی پێشەوا و هاورێیانی نەمامی ساوای حیزبی دێموکراتی کوردستان پێ‌گەیاند ٨


گرینگیی ژیۆپۆلێتیك و ژیۆستراتژیکی کوردستان لەپێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان دا ٩


نوختە گۆڕانێك لە بزووتنەوی رزگاریخوازانەی کوردستان دا ١٠


لە قامووسی فیمینیزمدا ١١

## دیدار لەگەڵ بەڕێز لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئێنترناسیونال سوسیالیست



خالید عەزیزی — لویس ئەیالا

بریتانیا - لەندەن :ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٤ی فێوریەی ٢٠٠٧ کاک خالید عەزیزی بەرپرسی پیوەندیەکانی نێونەتەوەیی حیزب و کاک مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا لەگەڵ بەڕیز لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئینترناسیونالی سوسیالیست چاویان پێک کەوت و بۆ ماوەی نیزێک ٣ سەعات کۆمەڵیک بابەتی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران و کوردستانیان هێنایە بەرباس و لێکدانەوە.

هەیئەتی حیزبی ئەم ڕاستیەی دەست نیشان کرد کە لە کاتێک دا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆتە مەرکەزی کێشەو ناکۆکی و گۆڕەپانی ململانیی سیاسی لە ئاستی ناوچەیی و نێو دەوڵەتیدا، ئینتێرناسیونالی سوسیالیست دەبێ دەورێکی چالاکتر بگێرێت و پرۆژەو بەرنامەی دیاری کراوی بۆ سەقامگیر کردنی دیموکراسی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بەتایبەتی هەبێ.

سەبارەت بەئێران، ئامارە بەوڕاستیەش کرا کە سەڕەرای بوونی حکوومەتێکی سەرەڕۆی مەزهەبی لەتاران، کۆمەڵگای ئێران لە زۆر بارەوە لە حالی گەشەکردن و ئاڵ و گۆردایە. ئینتێرناسیونالی سوسیالیست پێویستە تێبکۆشێ گرینگی ئێران و ئالۆگۆر لە ئێران دا لە دەستوری کاری خۆی دا لەبەرچاو بگرێ و لە ئاستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا پرۆژەی هەبێ و چالاکی و جموجۆڵی پێویست بۆ ئەم مەبەستانە پێک بێنێ.

لەسەر یەک کۆمەڵیک پێشنیار سەبارەت بەچالاک بوونی زۆرتری ، ئینتێرناسیونالی سوسیالیست بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان و ئێران پێشکێش بە لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئینترناسیونالی سوسیالیست کرا.

## دیدارو و چاو پێکەوتن لەگەڵ بەڕێز لۆرد ئیریک ئیفبری و جیرمی کۆربین

بریتانیا - لەندەن: ڕۆژی پینج شەممە ڕێکەوتی ١٥ی فێوریەی ٢٠٠٧ کاک خالید عەزیزی بەرپرسی پیوەندیەکانی نێونەتەوەیی حیزب و کاک مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا دوو کۆبونەوەیان لەگەڵ بەڕێز لۆرد ئیریک ئیفبری بەرپرسی کۆمسیونی مافی مرۆڤ لە پارلمان هەروەها بەڕێز جیرمی کۆربین ئەندامی پارلمان و جێگری کاروباری مافی مرۆڤ لە پارلمان پێک هێنا.

لەو دیدارانەدا وەزعی ئیران و کوردستانی ئێران تەوەرەی سەرەکی باسەکان بوو.

هەیئەتی حیزبی پێشنیاری کرد کە کۆمیتەیەک لە پارلمانی بریتانیا دا پێک بێت بۆ کاری لۆبی پیوەندی دار بە کوردستانی ئێران و بەو جۆرە مەسەلەی کوردی ئێران و دێموکراسی و فیدرالیزم لە ئێران دا ببێت بە بەشێک لە دەستوری کاری پارلمانی بریتانیا سەبارەت بە ئێران. هەیئەتی حیزب هەروەها داوای لە ئەو پارلمانترانە کرد کە تێ بکۆشن سرنجی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بۆ قەزیەی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستانی ئێران ڕابکێشن.

## ...گەڵ بەڕێز لۆرد کلیمنت جۆن



خالید عەزیزی — لۆرد کلیمنت جۆنس

ڕێکەوتی ١٧ فێوریەی ٢٠٠٧ کاک خالید عەزیزی بەرپرسی پیوەندیەکانی نێونەتەوەیی حیزب و کاک مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا لەگەڵ بەڕێز لۆرد کلیمنت جۆنس چاوپێکەوتنیان کرد.

تەوەری سەرەکی باسەکان ئەوە بوو کە چۆن بکرێت لە پارلمانی بریتانیا دا کۆڕێک لە لۆردەکان پارلمانتێرەکان بۆ پشتیوانی لە کەیسی دێموکراسی و فیدرالیزم و کێشەی کوردی ئێران دروست بکرێت و بەوجۆرە مهسائیلی پیوەندیدار بە ئێران و کوردستان بکەوێتە نێو دەستوری کاری کۆمسیونی مافی مرۆڤ لەپارلمانی بریتانیادا .

لۆرد جۆنس، پێی وابوو کە چەند دەنگی و هەمەڕەنگی هێزەکانی کوردستانی ئێران لە ئاستی قەزیەی کورد بەیەکەوە و لەهەمان کات دا شێوەیەک لە هاوکاری و هەماهەنگی هیزەکانی ئێرانی لەگەڵ یەکتر زیاتر سرنجی دونیای دەرەوە بەرەو خۆیان ڕادەکێشن.

هەیئەتی حیزب ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لە سەر بنەمای گرینگی لێک نیزێک بوونەوە و هاوکاری کاربکات و زەمینەیەکی موناسب بۆ ئەو مەبەستە دروست بکات. لۆرد جۆنس بە نۆبەی خۆی پێشوازی لە هەڵوێست و پێشنیارەکانی هەیئەتی حیزبی کرد و بەڵێنی دا کە تێدەکۆشێ لەگەڵ بەشێک لە ئەندامی پارلمان و لۆردەکان پێشنیارەکانی حیزب بێنێتە گۆڕێ و کاری بۆ بکات.

## چاوپێکە وتن لەگەڵ خاتوو ئان لیندێ بەرپرسی پەیوەندی یەکانی ناو نەتەوەیی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئێد

ڕۆژی دوو شەممۆ ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٠٢/١٢وەڤدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەرێزان عەزیز سەید نەژادیان و کەمال حەسەنپور ئەندامانی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی دە رە وە ی کۆمیتە ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد چاویان بە خاتوو ئان لیندێ (Ann Linde) بە رپرسی پە یوە ندی یە کانی ناو نە تە وە یی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئێد کە وت. لە و کۆبوونە وە یە دا کە پتر لە کاتژمێرێکی خایاند و لە کە ش و هە وایە کی دۆستانە دا بە ڕێوە چوو سە رە تا کاك عە زیز باسێکی چڕوپڕی لە سە ر مێژووی گە لی کورد لە کوردستانی ڕۆژ هە ڵات بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبە تی کرد. ئە و سا کاك کە مال گیر و گرفتە کانی ناو خۆی حیزب بە دوای کۆنگرە ی ١٣ و هۆیە کانی دوو لە تبوونی حیزبی بە وردی شی کردنە وە. لە و کۆبوونە وە یە دا خاتوو لیندێ ئامارە ی بە گرنگی دانی پرسی کورد لە لایە ن حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سوئێدی کرد و پشتیوانی خۆی بۆ خە باتی گە لە کە مان بۆ گە یشتن بە مافە ڕە واکانی دووپات کردە وە. لە لایە ن وە ڤدی حیزبیش ئامارە بە پە یوە ندی یە لە مێژینە کانی حیزبی دێموکرات و حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سوئێد کرا و جە خت لە سە ر ویستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بە ر دە وامی ئە و پە یوە ندی یە کرایە وە.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بۆ کۆڕیادی ٣ی ڕەشەمەی سنە و ٢٧ی ڕێبەندانی ماکۆ

### کە لەلایەن کاك حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێشکێش کرا

درێژەی لاپەڕی ١

بەڵام کاتێك مەسیر و ڕێبازی ڕێپێوانەکان بە پێچەوانەی ویستو ئارەزووی ڕێژیم گۆڕاو کوردستان بوو بە گۆڕەپانی خەبات وبەربەرەکانێ دژی خۆی دەستووری سەرکوتی خۆپێشاندانەکانی بە بەکرێگیراوانی داو لە هەموو جێیەك بزووتنەوەی ئیعتڕازیی خەڵکی لە خوێن وەردرا.

ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی کوردستان لە ڕۆژی ٣ی ڕەشەمەدا، لە بەرامبەر ئەو هەموو زوڵمو بێبەشیانەی کە پێیان ڕەوا بینراوە، بە هەستێکی پیرۆزو رقێکی شۆڕشگێڕانە دەنگی ناڕەزایەتیو توورەیی خۆیان بە دروشمی دژی ڕێژیم دەربڕی، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە هێزەسەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دژکردەوە نیشان بدەنو بۆ کپکردنی هەر دەنگێکی ئازادیخوازیو حەق بێژانە، بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشیان کردە سەر ڕێپێوانی هێمنانەی شارەکانی کوردستانو لاوانی کوردیان شەڵاڵی خوێن کرد، لە ئاکام دا دەیان کەس شەهیدو بریندار بوونو دەیان کەسیش گیرانو ڕەوانەی سیاچاڵەکانی ڕێژیم کرانو ئازار و ئەزیەت درانو بەشێکی بەرچاویش لەو ئازادیخوازانە لە ترسی گیران و بۆ پاراستنی گیانیان، ماڵ و ژیانی خۆیان بە جێ هێشت و ئاوارەی هەندەران بوون .

ئەمڕۆ هەشت ساڵ بەسەرکوشتاری لاوانی شاری سنەی خوێناوی لە ڕۆژی ٣ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاویو ساڵێك بە سەر ڕووداوی جەرگبڕی ڕۆژی ٢٧ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاویی شارەکانی " ماکۆ" و " پولدەشت " و "شووت " دا ڕادەبرێ. ئەمساڵیش هاوکات لەگەڵ ساڵوەگەڕی ڕووداوی ئەم شارانە لە ڕۆژەکانی ٢٦و٢٧ی ڕێبەندان دا شاری " مەهاباد" ی پێشەنگ شاهیدی بەربەرەکانێو خەبات لە دژی هێزە بە کرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی شاری قازی یەکانو سەدان شەهیدی سەربەرزی دیکە بە بەخەت کردنی گیانی خۆیان لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیان لە مێژووی خوێناویی خەباتی نەتەوەکەمان دا تۆمار کردەوە .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای ئەو هەموو جینایەتو خوێن ڕشتنە لە شاری "ماکۆ" بە پێی بەرنامەیەکی گەڵاڵە بۆ داڕێژراو خەریکی پیلانگێڕی بوو و زۆر بێ شەرمانە بۆ بە گژیەکدا کردنی هەر دوو گەلی کوردو ئازەری، بەمەبەستی دروست کردنی ناکۆکیو دوژمنایەتی لە نێوانیان دا، حەولی دا ئەم جینایەتە بخاتە پاڵ ڕۆڵەکانی ئەم گەلەو بە قازانجی خۆی کەڵکی خراپی لێ وەرگرێ، بەڵام ڕۆڵە وشیار و وریاکانی ئەم دوو گەلە بە هەست بە بەرپرسایەتی کردنو بە بوونی ئەزموونی هاوکاریو هاوپەیمانیی لە مێژینە بە تایبەتی لە سەردەمی کۆماری کوردستانو حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان دا، نەکەوتنە داوی پیلانی بەکرێگیراوانی ڕێژیمو یەکڕیزیو برایەتیی خۆیان پاراست. ئەم دوو گەلە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا پشتیوانو هاوکاری یەکتر بوونو دەیان پیلانی لەو بابەتەیان لە ڕابردوودا پووچەڵ کردۆتەوە.

ڕاستی یەکی حاشا لێ نەکراوە کە ڕۆڵەکانی کورد بە درێژایی مێژوو بۆ پاراستنی بست بە بستی خاکی کوردستانو لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورددا و بۆ پارێزگاری کردن لە خاکو شەرەفو کەرامەتی کورد بەرەوپیلی مەرگ چوونو گیانیان لەم پێناوەدا بەخت کردووە. دەکرێ ڕۆژێك لە پێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دا دەست لە هێندێك بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی هەڵگرین، بەڵام دەسکەوتە نەتەوەیی یەکانو خاکی نیشتمان بۆ واز لێ هێنانو هەرزان فرۆش کردن نابن .

**بەڕێزان !**

لێرەدا جێی خۆیەتی، لەم بۆنە تایبەتییانەدا لەگەڵ ڕێزدانان بۆ خەباتو قوربانیدانی ڕۆڵەکانمان بە دوای هەلودەرفەتێکی لەبارترو گونجاوتردا بگەڕێین بۆ وەدیهێنانی ئاواتو ئامانجەکانمانو بۆ هەرچی زیاتر لە قاودانو شەرمەزارکردنی سەرەڕۆییو ئازادیکوژیی کۆماری ئیسلامی لە لایەكو ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردووو پێداچوونەوەیەك بە کارو ئەرکەکانمان داو دانانی بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ کارو تێکۆشانمان لە ئایندەدا بە تایبەتی گرینگیدان بە شێوەکانی خەبات و کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوەکان بە پێی هەلومەرجو شەرایەتی مومکین لە بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماسی، تەبلیغاتی، تەشکیلاتیو هەرچی زیاتر بە نێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد لە ناوەندە بڕیاربەدەستەکانو ڕێکخراوە نێونەتەوەیی یەکانو کۆڕ و کۆمەڵە جیهانیو بەشەردۆستەکانو ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ داو بۆ ڕاکێشانی سەرنجو بیروڕای ئەوان و پشتیوانی کردنیان لە مافە نەتەوەیی و ئینسانی یەکانی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە لایەکی دیکە .

لە نێوخۆی کوردستان دا بۆ زیاتربەرەوژوور بردنی ڕادەی وشیاریی سیاسیو کۆمەڵایەتیو بە هێزکردنی هەستی نەتەوایەتیو تۆخ کردنی ئەو خەباتە لە شێوەی خەباتی جەماوەری داو بۆ هەرچی زیاتر بەشداریکردنی هەموو چین وتوێژەکانی خەڵکی کوردستان پێویستی بە یەکدەنگیو یەکخستنی هەڵوێستو بیرو بۆچوونەکان هەیە دوور لە چوارچێوەی بیروبۆچوونی تەسکی حیزبایەتیو پاوانخوازی کە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئەو شێوە خەباتە. بۆیە ئەرکی هێزە سیاسیەکانی کوردستانە نەخشی بەرچاویان هەبێ لە هەماهەنگ کردنو ڕێکخستنی جەماوەرداو وەکوو دینامیزمی جووڵانەوەو پێشەنگ بوونی خەباتو پێوەندیی توندوتۆڵو پشتیوانیکردن لەگەڵ ڕێکخراوە سینفیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان کە لە حەرەکەتە ئیعتڕازی یەکان دا کاریگەریی خۆیان هەیەو ئەوەش پێویستی بە بەرنامەیەکی ڕوونو دیاری کراو هەیە، کاتێك تەواوی ئەو بەستێنانە فەعالو هەڵسووڕ بوون، لەو قۆناغە چەقبەستووە ڕزگارمان دەبێو بەرەو قۆناغێکی نوێ لە خەباتی جەماوەری هەنگاو دەنێین. گەیشتن بەو قۆناغە دڵنیامان دەکا کە خەباتی کۆمەڵانی خەڵك بەرەو پێشەوە چووەو ئامادەیی هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەمە لایەنە لە بەرامبەر هێزە دژی گەلیو کۆنەپەرستەکان داو وەکوو هێزێکی گەورەی ماددی و مەعنەوی ڕێگا خۆش دەکا بۆ وەدیهاتنی دێموکڕاسیو مافە نەتەوایەتی یەکان.






حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە، بڕوایەکی تەواوی بە خەباتی ئاشتیخوازانەو مەدەنی هەیەو بۆ ئاڵوگۆڕە بنەڕەتی یەکان لە ئێران داو دابینبوونی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان ئەم ڕێگایە بە باشترین شێوەی خەبات دەزانێو لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لە شێوەکانی خەبات ڕەت ناکاتەوەو بە پێی دەرفەت و ئیمکان کەڵکیان لێ وەردەگرێ. ئێمە هەموو حیزب و ڕێکخراوە ناسراو و سەربەخۆکانی کوردستانی ئێران بە دۆستو هاوخەباتی خۆمان دەزانینو بۆ زیاتر لێك نزیك بوونەوەیان تا گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی هاوبەش هەوڵەکانمان بەردەوام دەبێ، پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەکی کوردستانی لە ژێرهەرناوێك دا بە ئەرکێکی بە پەلەو داخوازێکی کۆمەڵانی خەڵك دەزانینو لەو پێناوەدا لەهیچ تێکۆشانێك درێغی ناکەین.

ئەم هەنگاوانەو زۆرهەنگاویتر یارمەتیدەرن بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی خەباتی ڕەوای گەلەکەمانو پاڵپشتی کردن لە خەباتی جەماوەریی خەڵکی کوردستانو چاندنی تۆوی هیواو هومێد لە ناو دڵیانو هاتنەوەی ڕوحێکی تازە وەبەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەتایبەتی ئێران بە قۆناغێکی زۆر ناسکو ئاستەم دا تێپەڕ دەبێ، وەزعێکی نائاساییو ئاڵۆز باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوەو ڕووبەڕووی نائارامی یەکی زۆر بۆتەوە، ئەم هەل و مەرجە بۆتە هۆی ئەوەی ئاڵ و گۆڕی خێرا لە ئارادابن، دیارە فاکتەرە دەرەکیو نێوخۆییەکان دەتوانن کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێو بە پێچەوانەش دەکرێ ڕەوتی ڕووداوەکان بە بوارێکی دیکەدا بگۆڕێ، بەڵام لە هەرحاڵ دا، ئەم تەئسیراتە کار دەکاتە سەر ئێرانو نەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێران. کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشێکە لەو قەیران و گیروگرفتانەی ناوچەکە و زیاتر لە هەر کات و زەمانێك لە ژێر هەڕەشە و مەترسیی ئاڵوگۆڕەکان دایەو، ئەم ڕێژیمە بە پێی فەلسەفەی بوونی خۆی لە نێوەڕۆك دا توانای هیچ ئاڵ و گۆڕێکی لە خۆی دا نیەو لە بەرامبەر ڕووداوەکان دا دژ کردەوە لە خۆی نیشان دەدات. لە ماوەی ٢٨ ساڵ تەمەنی دا تەنیا لە بازنەیەکی بەرتەسکی فکریو ئیدئۆلۆژی دا خولاوەتەوە.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ڕێژیم ڕووبەڕووی گوشارێکی زۆری نێودەوڵەتی بۆتەوە، لە لایەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە هۆی هاوکاری نەکردنی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمیو درێژەدان بە پیتاندنو بەرهەم هێنانی ئۆرانیۆم، بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمیو بۆپاشگەزبوونەوەی ڕێژیم لەو کارە بڕیاری سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بە سەردا جێبەجێ کراو، لە پێشنیارێکی دیکەدا لە لایەن ئاژانسەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پێی بڕیارنامەی ١٧٣٧، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی سەدی پەنجای یارمەتییە تکنیکییەکانی خۆی بۆ ئێران کەم کردۆتەوە. ئەمەش پەیامێکی نوێی دیکەیە کە دەبێ ئێران چاو بە بەرنامە کانی خۆی بە تایبەتی پیتاندنی ئۆرانیۆم بۆ وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی دا بخشێنێتەوە .

←

## هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ

# هەواڵەکان

## مەریوان

### ئەندامانی حیزب بەردەوامن لە سەر چالاکیی تەبلیغی

ئەندامانو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی مەریوان هەروا چالاکانە درێژە بە چالاکیی تەبلیغی خۆیان دەدەن. بە پێی هەواڵ ئەندامانیو دۆستانی حیزب لە ئاوایی پایگلانی ناوچەی ژاوەرۆی مەریوان لە درێژایی مانگی رێبەنداندا لە شوێنە گشتیەکانی ئەو ئاواییەدا بە لایەنگری لە حیزبو بزووتنەوەی کوردستان دروشمیان نووسیوەو بڵاوکراوە حیزبییەکانیان بڵاوکردۆتەوە.

## سنە

### خەڵکی سنە لە رۆژی ٣ی رەشەمەدا نەفرەتو بێزاریی خۆیان بە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم نیشان دایەوە

خەڵکی خۆڕاگری شاری سنەی خوێناوی لە هەشتەمین ساڵڕۆژی سەرکوتکرانی خوێناویی خۆپێشاندانی خەڵکی ئەو شارەدا، بە شێوەی جۆراوجۆر رقو نەفەرتو بێزاریی خۆیان لە کۆماری ئیسلامیو هێزە سەرکوتکەرەکانی نیشان دایەوە. چەند نموونەیەك لە رووداوەکانی ئەو رۆژە:

١ـ کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆ کیوسکی پاسگای هێزی ئینتیزامی لە سێڕای غەفوور کەوتە بەر پەلاماری خەڵكو ئاوری تێ بەردرا. گرووهبان فەرزاد بێنیاز لەو کیوسکەدا سووتاو بە برینداری رەوانەی نەخۆشخانە کرا.

٢ـ لە شەقامی ٦ی بەهمەن، خەڵك گاڵتەیان بە هێزی تایبەتی "نیروی ویژە" کردووە لەو شوێنە راویان ناون.

٣ـ لە مەیدانی گاز لەکۆتایی گەڕەکی حاجیئاوا لە نێوان خەڵكو بەسیج دا تێکهەڵچوونێك هەبووە. لەودا چەند کەسێك گیراونو رەوانەی پاسگای ژمارە ١٨ کراوە.

### مانگرتنی ٢ رۆژەی مامۆستایانی ناوەندیو دواناوەندی

مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری سنە، رۆژانی دووشەمەو سێشەمەی رابردوو (٣٠ی رێبەندانو ١ی رەشەمەی) دەستیان کرد بە مانگرتن لە قوتابخانەکان داو نەچوونەتە سەر پۆلەکان. هۆی ئەم مانگرتنەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی مووچەی مانگانەو گرتنو دوورخستنەوەی چەند مامۆستایەکی قوتابخانە ناوەندیو دواناوەندیەکان وەکوو دوورخستنەوەی پەیمان نۆدینییان بۆ گوندێکی زەنجان کە ناوبراو مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو. هەروەها بە هەڵواسراوی مانەوەی دۆخی دادگایی حەمید ساعدی کە مامۆستای زمانی فارسییە.

شایانی ئاماژەیە کە رۆژی چوارشەمە بارودۆخەکە ئاسایی بۆوەو مامۆستایان جارێ دەستیان لە مانگرتن کێشاوەتەوە.

## ماکۆ

### ئەندامانی بنەماڵەیەکی کورد بە شێوەیەکی دڕندانە کوژران

رێکەوتی ٨٥/١٢/١ تەرمی چوار کەسی بنەماڵەیەکی کورد (ژنو مێردێكو دوو منداڵ)ی خەڵکی ئاوایی "یارمق"ی بازرگانی ماکۆ لە ماڵەکەیاندا دۆزرایەوە. بە گوتەی خەڵکی ئاوایی، پیاوی بنەماڵەکە بە ناوی رەزا رەشیدی بەهۆی فشاری ئابووریو هەژاری ژنەکەیو منداڵەکانی سەربریوەو دواتر بە هەڵواسینی خۆی کۆتایی بە ژیانی هێناوە. کارەکانی پزیشکی یاسایی ناوەندی پارێزگاری ورمێو کارناسیی بۆ دیاری کردنی هۆکاری کوژرانی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە درێژەی هەیە .

## کرماشان

### هێزەکانی ئیتلاعات کەسێکیان راپێچی بەندیخانە کرد

رۆژی هەینی ٢٧ی رێبەندان هێزەکانی ئیتلاعات پیاوێکی ٥٠ ساڵەیان بە ناوی خالید قوبادیان دەستبەسەرو راپێچی بەندیخانەیان کرد. بەپێی هەوڵ ناوبراو لە حالێکدا دەستبەسەر کراوە کە بە ماشێن بەرەو شوێنی کارەکەی لە رێ دابوو. تا ئێستا هیچ شتێك سەبارەت بە هۆکاری دەستبەسەرکرانیو شوێنی بەندکرانی خالید قوربانی بە بنەماڵەکەی رانەگەیەنراوە.

### دەستبەسەر کرانی هاووڵاتییەکی بۆکانی

هەواڵدەریی موکریان بڵاوی کردۆتەوە کە رۆژی رابردوو هاووڵاتییەکی بۆکانی بە ناوی حەمەساڵەی کوێخاشێرە کوڕی عەزیز لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمەوە دەستبەسەر کراوەو پاشان رەواەی بەندیخانە کراوە.

ناوبراو بەر لەوەش بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە پارتە کوردییەکانی بەرهەڵستکاری رێژم دەستبەسەر کراوە، بەڵام بە کەفالەت ئازاد کرابوو.

دەوترێ کە کوڕی ناوبراویش بە ناوی فاروق کوێخاشێرە هەر ئێستا بە تاوانی سیاسی لە زیندان دایە.

### رێورەسمی دووهەم ساڵوەگەڕی تیرۆری کەماڵ شاهین

رۆژی یەك شەممە ٢٩ی رێبەندان لە سلێمانی لە باشووری کوردستان رێورەسمێکی یادو بیرەوەری بە بۆنەی دووهەمین ساڵوەگەری تیرۆری کەماڵ شاهین سەرۆکی حیزبی ویفاقی دێموکراتی کوردی سوریە بەرێوەچوو.

لەم یادەدا کە نوێنەرانی زۆر لە هێزو لایەنە کوردییەکانی پارچەکانی کوردستان ئامادە بوون، وەفدێکی حیزبی دیموکراتی کردستانیش بە سەرۆکایەتیی رامبۆد لوتف پووری، نوێنەری حیزب لە شاری سلێمانی بەشداری رێورەسمەکەبوون و پەیامی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبیان لەو رێورەسمە دا خوێندەوە.

### لە بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی مەهاباد لەگەڵ سەرکوتکەرە تالانچییەکانی رێژیم دا، لاوێك شەهید بوو



هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم، دوانیوەڕۆی ١٣٨٥/١١/٢٦ لە مەهاباد پەلاماریان بردە سەر کاسبکارانو خەڵکی زەحمەتکێشی گەڕەكو مەیدانەکانی شۆڕش، باغی شایگانو پشت تەپ، کەوتنە تێکدانی شوێنی کارو کاسپیانو دەست بەسەر داگرتنو تاڵان کردنی داراییو کەلوپەلی ئەوان.

کاتێکیش خەڵکەکە بەرهەڵستیان بوونەوە، دایاننە بەر دەسڕێژو لاوێك بە ناوی بەهمەن موراديان شەهید کرد. لەم بارەیەوە لە لاپەڕی ٤دا راپۆرتە هەواڵێك هەیە.

### ئەرتەش و سوپای پاسداران دانیان بە تێکەلچوونەکانی دەوروبەری خۆیە و بەربوونەوەی هێلیکوپتێرێکی نیزامی دا نا



ناوی ئەو دوو کەسە بریتییە لە: ١ـ سیروان نەوزەری کوری خالید، ٢ـ پەژمان یەزدانفەر کوری رەحمان.

ئەرتەشو سوپای پاسدارانی رێژیمی ئیسلامی ئەگەرچی دانیان بە تێکهەڵچوون لەگەڵ باسکی نیزامیی P.K.Kدا ناوە و گوتوویانە ئەم تێکهەڵچوونانە درێژەیان هەیە، بەڵام بۆ بەربوونەوەی هێلیکوپتێرەکە و کوژرانی سەرنشێنەکانی، خراپیی هەواو گرفتی دیکەیان وەك هۆی بەربوونەوە ناوبردوە، نەك تەقەی بەرهەڵستکارانی کورد. راگەیەنەکانی رێژیم باسی کوژرانی نزیك بە ٢٠ کەس لە هێزەکانی P.K.Kیان کردوە، بەڵام "هەپەگە" رایگەیاندوە کە ئەوان ئەم هێلیکوپتێرەیان بەرداوەتەوە ژمارەیەکی زۆر لە پاسدارو بەسیجیشیان لە تێکهەڵچووکانی رۆژی هەینیی رابردوودا کوشتوە.

ژمارەیەك جاشو پاسدار لەو شەرەدا بەدیل گیراون.

## کورتەی دیدارو چالاکییەکانی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات:

### دانمارك

رۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٧/٢/١٥ هەیئەتێك لە کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەشاری کۆپنهاك چاوی بە کومیتەی رێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ناوچەی دانمارك کەوت.

ـ رێکەوتی ٢٠٠٧/٢/٢٠ کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان کومیتەکانی وڵاتی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بۆ باسو بیروڕا گۆڕینەوە لە سەر پرسەکانی پێوەندیدار بە هەردوولا پێك هات.

### سوئێد

ـ ئێوارەی یەکشەممە ٢٠٠٧/٢/١١ لەسەر بانگهێشتنی کومیتەی لینشۆپینگی حیزبی دیموکراتی کوردستانو لە درێژەی هەوڵەکانی پێکهێنانی کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەو شارە کۆبوونەوەیەکی دۆستانە بە بەشداریی هەیئەتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

ـ لە درێژەی هەوڵەکانی پێکهێنانی کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان دا، رۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/٢/٢٦، بە بەشداریی نوێنەرانی رێکخراوە جۆراوجۆرەکان کومیتەی هاوکاری لەو شارە پێك هات. رێکخراوەکانی بەشدار لەو کومیتەیە دا بریتین لە: یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو حیزبی دیموکراتی کوردستان.

### ئاڵمان

ـ هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، رۆژی ٢٠٠٧/٢/١٦ لە کۆڕێك دا کە ناوەندی لێکۆڵنیەوەی کورد لە شاری بۆن بۆ هەواڵ خەجۆ لە سەر بارودۆخی سیاسیی کوردستانی باشوور پێکی هێنا بوو، بەشدار بوو.

ـ کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئالمان، رۆژی ٢٠٧/٢/٢٣ لە رێورەسمی رۆژی دامەزرانی کۆمەڵە کە لە شاری بۆن دا بەڕێوە چوو، بەشدار بوو.

ـ رۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٤ کومیتەی ئاڵمانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵێك لە رووناکبیرانو تێکۆشەرانی سیاسی کوردی دانیشتووی ئاڵمان پێك هێناو لە بارەی رێبازو هەڵوێستو تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای لەتبوونو بایەخدانی ئەم حیزبە بە ریفۆرمو گۆڕان لە نێوخۆی داو پێویستیی هاوکاریی رووناکبیران لەگەڵ حیزب بۆ ئەم مەبەستە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

### سویس

شاندێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سویس چاویان بە ئەندامانی کومیتەی بەڕێوەبەریی "کۆمەڵانی کوردستان" (ك.ك.ك) لەو وڵاتە کەوتو لە سەر بارودۆخی جیهان، دۆزی کوردو مەسەلەکانی رۆژ ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

### فینلاند

رێکەوتی ٢٠٠٧/٢/١٧ لە شاری هیلسینکی بە بەشداریی نوێنەرانی نزیك بە ٢٠ حیزبو رێکخراوی سیاسیو یەکیەتیو کۆمەڵەو ناوەندی کۆمەڵایەتیو مەدەنی، رێکخراوێك بە ناوی "رەوەندی کورد" لە فینلاند پێك هاتو بۆ بەدوادا چوونی کارەکانی ئەو رێکخراوەیە، ١٥ کەس وەکوو دەستەی بەرێوەبەر هەڵ بژێردران.

ـ رۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٣ لە ژێر چاوەدێریی نوێنەرایەتیی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵاتو بە بەشداریی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان، فستیڤاڵی راپەڕین بۆ رێزگرتن لە خەباتی جەماوەریی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی ٣ رۆژدا پێك هاتو کۆمەڵێك پێشبڕکێی وەرزشیو هونەریی تێدا بەڕێوەچوو.

ـ شاندێك لە کومیتەی فینلاندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، رۆژی ٢٠٧/٢/٢٤ لە مەراسیمی ٢٨ ساڵەی راگەیاندنی تێکۆشانی ئاشکرای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دا بەشدار بوو.

## دەورەی ١٧٨ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات



سەرلەبەیانیی سێشەممە (٨ی رەشەممە) بە بۆنەی کۆتایی دەورەی ١٧٨ی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی حیزب رێورەسمێکی تایبەت پێك هات.

ئەم رێورەسمە کە لە بنکەی ناوەندی ٢ی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرێوەچوو و لەودا ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبو بنەماڵەکانیان، وەفدی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، بەرپرسو بەرێوەبەرانی فێرگەو بەشدارانی دەورەی ١٧٨ بەشدار بوون.

رێورەسمەکە سەرەتا بە رێژەی بەشدارانی دەورەی ١٧٨ لەبەردەم ئامادەبووانی رێورەسمەکە دەستی پێکرد. دواتر بەشی دووهەمی رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی دەستی پێکردو بەدوای ئەودا بەشدارانی رێورەسمەکە بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان بێدەنگییان راگرت. لە درێژەی رێورەسمەکەدا بەرپرسی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب کاك برایم چووکەڵی بەم بۆنەیەوە پەیامی خۆی خوێندەوە. کاك برایم لە پەیامەکەیدا ئاورێکی کورتی لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێرانو خەباتو تێکۆشانی ئێستای حیزبی دێموکرات دایەوەو پیرۆزبایی لە بەشداربووانی دەورەکە کرد. برگەکانی دیکەی رێورەسمەکە بریتی بوون لە راپۆرتی ئامووزشیی دەورەی ١٧٨، پەیامی بەشداربووانی دەورەی ١٧٨، چەند پارچە شێعرو گۆرانی، خەڵاتکرانی چەند کەس لە بەشداربووانی دەورەکە لەلایەن تێکۆشەری دێرین کاك جەلیل گادانیو کاك سیامەك وەکیلی ئەندامی کومیتەی ناوەندییەوە.

## درێژەی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب



سەرەڕای ئەم وەزعە، بەرپرسانو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژە بە سیاسەتەکانی خۆیان دەدەنو بە بێ لەبەرچاوگرتنی بیروڕای گشتیو چاوەڕوانی یەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەروا سوورن لە سەرپەرەپێدانی بەرنامەکانی خۆیان، کە ئەمە زیانێکی زۆر گەورەی بۆ خەڵکی ئێران بە دواوەیەو دەبێ باجەکەشی بدەن، لەم بارەوە دەبێ چاوەڕوانی رووداو و پێشهاتەکانی ئایندە بکەین .

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە لە یاد و بیرەوەریی خەباتو قوربانی دانی رۆڵە لەخۆبوردووەکانی گەلەکەمان دا سەری رێزو نەوازش دادەنەوێنینو سڵاو دەنێرین بۆ هەموو شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان بە تایبەتی شەهیدانی ٣ی رەشەمەی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاویی شاری سنە و٢٧ی رێبەندانی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی شاری ماکۆ.

**سڵاو لە شەهیدانی رێبەرمان پێشەوا قازی محەممەد ، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی**

## جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێ!

**( لەسەر تازەترین جینایەتی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە مەهاباد )**

سایتی "کوردستان‌و کورد" لە هەواڵێك دا کە ڕۆژی هەینی ٢٧ی ڕێبەندان بڵاوی کردەوە، پەردەی لەسەر جینایەتێکی تازەی هێزەسەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری مەهاباد لادا. بە گوێرەی هەواڵەکە، هێزە بەناو ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم لە فەلەکەی شوانە، ئەو شوێنەی کە ناوەندی کڕین‌و فرۆشتنی نەوت‌و گازوئیل‌و بێنزینە، دوانیوەڕۆی ١٣٨٥/١١/٢٦ پەلاماریان بردۆتەسەر خەڵکی زەحمەتکێش‌و کاتێك خەڵکەکە بەرەنگاریان بوونەتەوە، دەسڕێژیان لە خەڵك کردوەو ژمارەیەکیان کوشتوون‌و بریندار کردوون‌و ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکەکەیان گرتوە. بە پێی هەواڵی سایتی "کوردستان‌و کورد" بە هۆی ئەو دەسڕێژانەوە لاوێك بە ناوی بەهمەن مورادی شەهید بووە.

دوابەدوای ئەو ڕووداوە، لە کاناڵی جۆراوجۆرەوە هەواڵ‌و زانیاریی زیاتر بە "کوردستان‌و کورد" گەیشتن‌و هۆو لایەن‌و ڕەهەندەکانی ڕووداوەکە پتر ڕوون بوونەوە. بە پێی ئەو زانیارییانە، هەر لە بەیانیی ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانەوە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە تایبەتی لە مەیدان‌و گەڕەك‌و شوێنەکانی وەك "شۆڕش"، باغی شایگان‌و پشت تەپ لە حاڵەتی ئامادەباش دا بوون. بە سەرنجدان بە نزیکبوونەوەی هەشتەمین ساڵوەگەڕی پیلانی ڕفێندران‌و تەحویلدرانەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکاران‌و لە بەرەبەرەی یەکەمین ساڵڕۆژی کوشتاری خەڵکی ماکۆو شارو شارۆچکەکانی دەوروبەردا، ئامادەیی هێزەکانی ڕێژیم بۆ دژکردەوە نیشاندان بۆ هەرچەشنە حەرەکەتێکی ئیعترازی چاوەڕوان کرابوو. بەڵام کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر هێزی ئینتیزامی لەو ناوچەیەو پشتیوانیی سەدان کەس گاردی تایبەتی کە لە میاندواوە هێنرابوون، دەری دەخست کە بەرنامەیەکی تایبەتیان لە دژی خەڵکی کاسبکارو زەحمەتکێشی مەیدان‌و گەڕەك‌و شوێنە ناوبراوەکان هەیە. بەرنامەکە دەست بەسەراگرتنی کەلوپەل‌و ماڵ‌و دارایی ئەو خەڵکە کاسبکارەو، بڵاوەپێکردن‌و تێکدانی شوێنی کارو کاسپییان لە ژێر ناوی بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغ‌و سەددی مەعبەر بوو. بۆ ئەم مەبەستە کاتژمێر ٥/٤ی دوانیوەڕۆ بە لۆدێرو بۆڵدزێرو بەفرماڵ پەلاماریان بردە سەر "دکە"و دوکانوچکەو کەلوپەلەکانی کاسبکارانی مەیدانی شۆڕش. مەئموورانی بەناو بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغ‌و سەددی مەعبەر، بێنزین‌و نەوت‌و گازوئیل‌و باری مەشرووبیان لە ماڵان دێنایەدەرو بە ٣اف و ماشێنی باریی دیکە رایان دەگوێزت، یا وەسەر کەلوپەلی کاسبکارانی دەسفرۆش دەپەڕین‌و زیانی ماڵییان پێ‌دەگەیاندن. بەرپرسی بەشی سەددی مەعبەرانی شارەداری بۆ خۆی وەسەر لۆدێر کەوتبوو لە نێوەڕاستی مەیدان دەبە بێنزینی لە خەڵك پان دەکردەوە. لە ساتەکانی یەکەم دا کاسبکاران زۆرتر لە هەوڵی گوێزتنەوەو تاقەت کردنی جنس‌و کەلوپەل‌و بارەکانیان دا بوون. پەلاماردەران دوای ئەوەی ناوەندی کڕین‌و فرۆشتنی مەشرووب‌و سیگاریان لە نێو باغی شایگان‌و مەیدانی شۆڕش لەگەڵ زەوی تەخت کرد، دەیانەویست بچنە بازاڕی فرۆشتنی گازۆئیل‌و بێنزین لە شوێنێك کە بە ناوی مەیانی شوانە ناسراوە، بەڵام لەگەڵ بەربەرەکانیی خەڵك بەرەوروو بوون. بە هۆی بەربەرەکانیی ئازایانەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو هەتا کاتژمێر ١٠ی شەو نەیانتوانی بچنە ئەم مەیدانە. سەعات ١١ی شەو دەستیان بەسەر ئەم مەیدانەش دا گرت‌و چادرو دوکانی کاسبکاران‌و کەلوپەلەکانیان ئاگر تێ‌بەردا.

لە ئاکامی دەسڕێژی هێزەسەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە خەڵك، لاوێك بە ناوی بەهمەن مورادی گیانی لە دەست دا. تەرمی بەهمەن مورادی (شۆڕش) کاتژمێر ٥ی بەیانی‌و بێ ئەوەی ڕێگا بە خەڵکێکی زۆر بدەن بەشداری بەخاك سپاردنەکەی بن، لە گۆڕستانی مەهاباد نێژراو ڕۆژی هەینی سەرەخۆشی‌یەکەی لە مزگەوتی پشت تەپ بەڕێوەچوو. ژمارەیەکی زۆریش لە شوێنی ڕووداوەکە گیراون.

بارودۆخی شاری مەهاباد لە ڕۆژی هەینی‌دا نائاسایی، شارو دوکان‌و بازاڕ تەعتیل‌و هێزەکانی ڕێژیم لە حاڵی ئامادەباشی تەواودا بوون.

بەم جۆرە جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان بەگشتی‌و خەڵکی مەهاباد شاهیدی شەهیدکرانی ڕۆڵەکانیان بە دەستی هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بوونەتەوە. هەر لە مەهاباد، لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا ئەوە چەندەمین جارە کە لاوان‌و زەحمەتکێشان سەبارەت بە دەستدرێژی‌و ڕەفتاری سەرکوتکەرانەی هێزەکانی ئەو ڕێژیمە، گیانیان لێ‌دەستێندرێ. ڕێژیمێك کە هەموو مافێکی نەتەوەیی‌و هەموو ئازادی‌یەکانی لە خەڵکی کوردستان زەوت کردوە، نەیتوانیوە پێداویستی‌یەکانی ژیانێکی نەمر نەژیشیان بۆ دابین بکاو لەمەش خراپتر، ئەگەر خەڵکەکە کاروکاسبی‌یەکی سەخت‌و پڕمەترسییش بۆ خۆیان دەدۆزنەوە، بە ناوی بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغ‌و بە بیانووی جۆراوجۆر، پەلاماریان دەباتەسەرو نەك هەر ماڵیان، بەڵکوو گیانیشیان لێ‌دەستێنێ. بەڵام وەك دەبینن هێشتنەوەی خەڵك لە ژێردەستی‌و بێبەشی‌داو، دەستدرێژی بۆ سەر ماف‌و ئازادی‌یەکانیان‌و سەرکوتی بێ‌بەزییانە، بۆ حاڵی ئەو ڕێژیمە چارەساز نەبووەو نارەزایەتیی خەڵك جار لەگەڵ جار بەگوڕتر بە ڕووی دامودەزگاو بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی دەسەڵاتداردا تەقیوەتەوە.

بە بۆنەی تازەترین جینایەتی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، هاودەردی‌و سەرەخۆشیی گەرمی خۆمان پێشکەشی بنەماڵەی قوربانی‌یەکان‌و خەڵکی کوڵنەدەری مەهاباد دەکەین، چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازین‌و ئازادیی دەست بەجێی گیراوەکان داوا دەکەین. بەڕێوەبەرانی تازەترین تاوان‌و جینایەت دەرحەق بە خەڵکی مەهاباد دەبێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دا بکرێ‌و سەبارەت بەم تاوانە بە سزای خۆیان بگەن، بۆ ئەوەی کاربەدەستان‌و بەکرێگیراوانی دیکەی ئەو ڕێژیمە نەتوانن بە هاسانی ئەم جۆرە جینایەتانە دوویات بکەنەوە.

## هەواڵەکان

دریژەی:

### سێ ئەندامی کانوونی تازە دامەزراوی نووسەرانی کورد بانگ کرانە ناوەندە ئەمنییەتی‌یەکان

هەواڵدەریی چاوەدێریی مافی مرۆڤ لە کوردستان، (شەمە ١٣٨٥/١١/٢٨): بەدوای ڕاگەیەندرانی کانوونی نووسەرانی کورد، پەیمان پاریان وتەبێژو دەبیری کاتیی کانوون‌و، لەیلا مەدەنی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری بەرپرسی حەوتوونامەی "کەرەفتوو"، بانگ کرانە ستادی خەبەریی ئیدارەی گشتیی ئیتلاعاتی کوردستان. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان پاش بانگ کردنی بەجیای هەریەك لەوان، داوایان لێ کردوە هەرچی زووتر هەنگاو بۆ هەڵوەشانەوەی کانوون هەڵبگرێ، ئەگینا بەتوندی لەگەڵیان بەرەوروو دەبنەوە. دەگوترێ لە ڕەوتی لێپرسینەوەکان دا، ئاماژە بە ڕابردووی سیاسی ژمارەیەك لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر کراوەو گوتراوە بە زوویی لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ‌و بیرۆکەی پێکهێنانی کانوونیش وەك ناوی بیرۆکەیەکی هیدایەت کراوی لەسەر دانراوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، هەڕەشە تەلەفوونی‌یەکان بەدوای هەڕەشەی جیددی لە محەممەد عەلیی تەوفیقی، ئەندامێکی دیکەی دەستەی دامەزرێنەریی کانوون، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە کانوونی نووسەرانی کورد زیاتر لە ٣٠٠ دەعوەتنامەی بۆ نووسەرانی کورد بە مەبەستی بەشداری لە کۆبوونەوەی گشتیی ڕۆژی ١٠ی ڕەشەمەی ١٣٨٥ ناردوە.

### مەهاباد

#### مستەفاو مریەمی قازی بە تاوانی ئاژاوەنانەوە بانگ کرانە دادگا

هەواڵدەریی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە کوردستان (١٣٨٥/١١/٢٨): مریەم قازی‌و مستەفا قازی بە تاوانی ئاژاوەنانەوەو تەبلیغات بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی بانگ کرانە دادگا. ناوبراوان، پێشتر لە دادگای شۆڕش دا بە تاوانی تەبلیغات لە دژی نیزام یەکەمیان بە ٥ ساڵ‌و دووهەمیان بە ٢ ساڵ حەبسی هەڵپەسێردراو مەحکووم کران.

### سەردەشت

#### گیرانی ٨ کەسی سەردەشتی

هەواڵدەریی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە کوردستان (١٣٨٥/١١/٢٨): هێزە ئینتیزامی‌یەکان ٨ کەس لە کۆڵ هەڵگرانی‌و کاسبکارانی بازارچەی مەرزیی سەردەشتیان گرت. خەبات ساڵحی کوڕی عەلی، بەهائەدین دەروێشی کوڕی قادر، تاهیر ئەحمەدی، عەلی بەرجەعوی، محەممەد میرزا مەحمموودی‌و کامڕان ساڵحی لەنێو ئەو ٨ کەسە دان. ئەو ٨ کەسە بەدوای پێکهەڵپڕژانی هێزە ئینتیزامی‌یەکان لەگەڵ کاسبکاران لە سێڕێیانی مارەغان دەستگیر کران‌و بە تاوانی سازکردنی ئاڵۆزی‌و پێکهەڵچوون لەگەڵ هێزە ئینتیزامی‌یەکانیان دراوەتە پاڵ.

### بۆکان

#### بەندی‌یەکی کورد بە ٣ ساڵ‌و ٣ مانگ زیندان مەحکووم بوو

هەواڵدەریی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە کوردستان (١٣٨٥/١١/٢٨): بەندی‌یەکی سیاسی کورد بە ناوی "فاتیح حوسێنی" خەڵکی بۆکان کە ١٠ مانگ لەوەپێش بەتاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی موخالیفی دەوڵەت، لە سەردەشت گیرابوو، بە ٣ ساڵ‌و ٣ مانگ مەحکووم کرا. ناوبراو ١٠ مانگ لە نەغەدە بەند کراوەو پاشان بۆ زیندانی بۆکان ڕاگوێزرایەوە.

### مەهاباد

#### بابێك لەجیاتی کوڕەکەی گیرا!

هەواڵدەریی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە کوردستان (١٣٨٥/١١/٢٨): کەسێکی خەڵکی مەهاباد بە ناوی سەید برایمی بەروەندی، بەو هۆیەوە کە کوڕەکەی بە دەستەوە نەداوە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتی‌یکانەوە دەستیگرا کرا. جەلال کوڕی ناوبراو بە بەشداری خۆپێشانداکان تاوانبار کردوەو ئێستا لە مەهاباد نەماوە. سەید برایم بەروەندی خەڵکی گەڕەکی "پشت تەپ"ەو لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەلایەن پاسگای ٥١٣ی مەهاباد گیراوەو ڕەوانەی ئیدارەی ئەماکێن کراوە. ناوبراو ئێستا لە گرتووخانەیە بەهۆی پیری‌و هەڵکشانی تەمەن، نەخۆشە. جەلالی کوڕی ژن‌و منداڵی هەیەو لە ترسی گیران ڕای کردوە.

#### دوو هاووڵاتی نیەری بەهۆی تەقینەی دینامیت بە سەختی بریندار دەبن

بەپێی هەواڵێك کە لە ناوچەی سنەوە بە ماڵپەڕی "کوردستان‌و کورد" گەیشتوە، ڕۆژی ٥ی ڕەشەمە، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی غەففار مینبەری‌و ئیبراهیم مینبەری خەڵکی گوندی "نیەر" بەهۆی تەقینەوەی دینامیت بەسەختی بریندار دەبن. ئەو دوو هاووڵاتیە دیانەویست لە دینامیت بۆ تەخت کردنی شوێنی خانوو کەلك وەرگرن. بەگوێرەی هەمان هەواڵ ئیبراهیم چاوەکانی لەدەست داوەو غەففاریش بە سەختی بریندار بووەو ئێستا هەردووکیان لە نەخۆشخانە لەژێر چاوەدێریی پزیشکی دان.

## خۆکوژیی لاوێك لە مەهاباد

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە مەهابادەوە پێی ڕاگەیاندین کە ڕۆژی ١٣٨٥/١١/٢٧ لاوێك بە ناوی سەعد ئەحمەدی دانیشتووی گەڕەکی پشت تەپی مەهاباد خۆی کوشتوەو جەنازەی ناوبراو لە حەمامی ماڵەکەیان دا دۆزراوەتەوە. تا ئێستا بەڕوونی دەرنەکەوتوە کە هۆکاری سەرەکیی ئەم خۆکوژی‌یە چی بووە بەڵام ئەوەی تا ئێستا زانراوەو باسی لێوە دەکرێ هۆکاری ئەم خۆکوژی‌یە بۆ کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی دەگەڕێننەوە.

## چاوپێکەوتنی هەیئەتی حیزب لەگەڵ کومیسارییای پەنابەران لە ژنێف

دریژەی

لەو دانیشتنەدا کە سەعات و نیوێکی خایاند هەیئەتی حیزب وێڕای تەحویلدانی کۆمەڵێك بەڵگەی ئامادەکراو سەبارەت بە پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە تورکیە، تازەترین زانیاری‌یەکانی پێوەندیدار بە دۆخی ئەو پەنابەرانە و ڕوانگەی وان لەسەر واقعییەتی چوونە پێشی مەسەلەکەیان وچۆنیەتیی کۆتایی هێنان بەو کارەساتە ئینسانی‌یەی هێنایەوە گۆڕێ.

هاوڕێیانی حیزبی بە هێنانەوەی کۆمەڵێك بەڵگە و ئیستدلالی قایم بەتایبەتی پێیان لەسەر بەرپرسایەتیی حقووقی و ئەخلاقیی کۆمیسارییای پەنابەران داگرت و باسی ئەوەیان کرد کە ئەو بەرپرسایەتی‌یە ئەوە دەخوازێ کە کۆمیساریا شەفافانە هەنگاوی جیددیتر هەڵێنێتەوە چ لە پێوەندی لەگەڵ ڕاکێشانی داوتەڵەبیی وڵاتانی وەرگری پەنابەردا و چ لەپێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیەدا کە بە وتەی کۆمیساریا تەواوی بونبەستەکە لە ڕێگانەدانی ڕۆیشتنی ئەو پەنابەرانە لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرێ.

هاوڕێیانی حیزبی لەو بارەوە پێشنیاریان کرد کە کۆمیسارییای پەنابەران هەوڵ بدا دیالۆگێکی سێ لایەنە پێك بێنێ لەنێوان نوێنەرانی ئەو پەنابەرانە لە تورکیە و کەسانێك لە کۆمیساریا و لە دەوڵەتی تورکیە کە هەم شارەزا بە کێشەکە بن و هەم دەسەڵاتی ئیجرایی‌یان هەبێ‌لە میانەی باسەکاندا خانمی ئایلارا هەروەها گوتی کە لە کورتخایەندا پرۆژەی ڕاگواستنی یەك لەسێی ژمارەی ئەو پەنابەرانە کە زۆرتر لە مەواریدی تایبەتی وەك پیر و نەخۆش و ... پێکهاتووە شانسی جێبەجێ بوونی قەتعییە. سەبارەت بە وڵاتانی وەرگری پ ەنابەر ئایلارا باسی ئەوەی کرد کە لە قۆناغی ئێستادا هەوڵەکانی وان زۆرتر ڕووی لە وڵاتانی وەك ئەمریکا و کانادایە و وڵاتانی

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا هەردوولا بەڵێنیان دا کە لەگەڵ یەکتر لە پێوەندیدا بمێننەوە.

## مەترسیدار بوونی پارازیتی ڕێژیم بۆ سەر کەناڵە ماهوارەیی‌یەکان

لە خوێنەرێکەوە:

لەیادم ناچێ لە پاییزی ساڵی٦٧ گۆڤارێکم بە ناوی "علم و تکنولوژی" لە خیابانی ئینقلابی تاران کڕی. وتارێکی عیلمیی تێدا بوو بە ناوی "ماهوارەکان دێن چ بمانهەوێ‌و چ نەمانهەوێ". وتارەکەم چەند جاران خوێندەوەو زۆرم پێ سەیر بوو. ئێمە لە خابگای دانیشگایە بە ئانتێنی سەربانی نەماندەتوانی کاناڵی تەلەویزیۆنی ئێرانی بگرین، کەچی وتارەکە باسی ئەوە دەکا دەڵێ: تەنیا شتێکی وەك سەرە مەنجەڵ لە بانی دادەنێی‌و سەدان کاناڵ وەردەگرێ، بێ ئەوەی بتوانن دەستی تێوەردەن‌و پارازیتی بخەنە سەر. هەرواش بوو، ٧ ـ٨ ساڵ دوایە بە پێچەوانەی هەست‌و ویستی ڕێژیمی ئێران ماهوارەکان هاتن، ئەویش نە دانەیەك‌و دوان‌و لەسەر هەمووشیان سەدان کاناڵی جۆراوجۆری تێدا بوو، بۆ هەموو چینێك‌و هەموو ویست‌و بڕوایەك. لەو چەند ساڵەش دا بە شێوەی فالانژبازی‌و بە هێرشی بێ‌ئەدەبانە بۆ سەر ماڵی خەڵك وەسەر بانان کەوتن، بێ ئەوەی حەریمی ساحیب ماڵ بپارێزن، جارجار هێندێك خەڵکیان لەم نیعمەتە بێ بەهرە کردوە، بەڵام بە شێوەی عیلمی‌و مەنتیقی نەیانتوانیوە پێشی پێ بگرن. چونکە فرێکانسی ناردنی ڕایەڵکەکان بەتایبەتی لە سەر هاتبێرد بۆ دانیشمەندانی جەوانی ڕێژیم کە هەموو ڕۆژێ دەست بەسەر تێکنۆلۆژییەك دادەگرن، بەتایبەت لە بواری ناوکی‌دا، هێشتا جێ‌بەجێ نەبووە. ئەخباری بە ڕۆژ وەرگرتن، تەحلیلی سیاسی‌و ئابووریی کارناسان‌و پسپۆڕان، شی‌کردنەوەی وەزعییەتی سیاسیی کوردستان‌و ئێران‌و چوونەسەری شعووری سیاسیی خەڵك بۆ ڕێژیمێکی ئێستاش مەرجەعی تەقلیدەکانی لە ڕەسالەکانیان دا بۆ نەخۆشیی زگچوون پێشنیار دەکەن کە قامکی دۆشاومژە هەتا نیوەی دەکۆمی خۆت ڕاکەو فلان دوعای بخوێنە زگچوونەکەت چاك دەبێتەوەو نەخۆشیەکەت دەبڕێ! زۆر گران‌و قورسە. بەو هۆیەشەوە کە نەیانتوانیوە بەشێوەی عیلمی پێشی پێ بگرن دەزگایەکیان لە ڕووسیا کڕیوە کە بۆ بافتی شاری وەك مەهاباد کە لە هەموو لایەکەوە شاخ‌و بڵیندایی‌یەو شارەکە دە دۆڵایی دایە جواب دەداتەوە. ئەم دەزگایە ئەمواجێکی وایرۆس شکڵی زۆر زۆر خراپ‌و ژەهراوی بەڕێ دەکا کە فۆڕمی ڕایەڵەی ناردراوی ماهوارە دەشکێنێ‌و سیستمی گیرەندەی ناناسێتەوەو ناتوانێ بە فۆڕمی مەنتیقیی خۆی بیدا بە ڕێسیوێر، هەتا ئەویش بیکا بە دەنگ‌و تەسویر. دلڕەشانی ڕێژیم بۆ ئەوەی پێشی ئەو تکنۆلۆژی‌یەی بگرن، ئەوەندە چوونە پێشێ کە بە هیچ جۆرێك سەلامەتی‌و بێهداشتی کۆمەڵایەتییان نەتەنیا لە بەرچاو نیە، بەڵکوو پێشێلیشی دەکەن. ئەو شەپۆلانە بۆ خەڵك‌و دانیشتووانی ئەو ناوچەیە زۆر زۆر خەتەرەو دەبێتە هۆی زۆر نەخۆشیی ڕووحی‌و جەستەیی. زیان‌و ئاکامەکانی ئەمواجی ئەو دەزگایە ئەوانەن: ١ـ ئەوانەی نەخۆشیی دڵیان هەیە بە هەموو جۆرە نەخۆشیەکی وەك فشاری خوێن، دڵە کوتە، .... گیانیان دە مەترسی دەکەوێ ٢ـ ئەوانەی نەخۆشیی ڕووحییان هەیە تەحریك دەبن ٣ـ ئیختلال دەخاتە سەر سیستمی عەسەبیی دانیشتووان ٤ـ ئیختلالی زۆر دەخاتە سەر سیستمی icu، ccu لە نەخۆشخانەکانی شارو دەزگاکانی پزیشکیی دوکتۆرەکان، مرۆڤی ساغ‌و سلامەت لە نەخۆشیی دڵ‌و روح نیزیکتر دەکاتەوە. ئەو مەترسی‌و نیگەرانیانە بۆتە هۆی ئەوەی کە هێندێك لە دوکتۆرەکانی بەرپرس کە خۆیان بەرامبەر بە کۆمەڵ بە دەروەست دەزانن ڕێکەوتی ٨٥/١١/١٥ نامەیەکیان بۆ بەرپرسی ئیدارەی ئیتلاعات‌و فەرماندەی هێزی ئینتزامی نووسی کە ئێوە بەو کارەتان بێهداشتی کۆمەڵایەتیتان خستۆتە مەترسی‌و، ئەگەر وڵامان نەدەنەوە شکایەتتان لێ دەکەین. ئەوانیش بە شەفاهی بە سەرۆکی ئەو جەمعەیان گوتوە: بۆ ئێمە ئەمنییەتی گشتیی ئێران‌و ناوچە گرینگترە لە بێهداشت‌و سەلامەتیی خەڵك. ئەوەیە وڵامی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمەیە بۆ دڵسۆزانی کۆمەڵ.

کازیوە

## ئایا لە نێو حیزب دا دەرفەت و مافی وەك یەك بۆ ژن و پیاو هەیە؟

# باسێك لە كێشەی ژنانی نێو ریزەكانی حیزب

ئا: عەلی بداغی

**ئاماژە:**

ئەگەرچی مەنشووری جیهانیی مافی مرۆڤ و زۆر لە رێككەوتننامەو جارنامەو بەیاننامەو كۆنوانسیۆنە نێونەتەوەیییەكان مافی وەك یەكیان بۆ هەموو مرۆڤەكان بە فەرمی ناسیوە، بەڵام زۆر لە مرۆڤەكان و بە تایبەت توێژی ژنان ئێستاش دەچەوسێنەوە، مافەكانیان پێشێل و پێخوست دەكرێ، دەكەونە ژێر شاڵاوی جیاوازیدانان و بە شێوەی جۆراوجۆر دەخرێنە پەراوێز و دەكرێنە مرۆڤی پلە دوو.

هەوڵی ژنانی كورد بۆ دەستخستنی مافە ئینسانییەكانیان رابردوویەكی نزیك بە سەد ساڵەی هەیەو ئەم بزاڤە لە رۆژهەڵاتی كوردستان و لە سەردەمی شكۆداری كۆماری كوردستان بە دامەزراندنی یەكیەتیی ژنانی دیموكرات پێی نایە قۆناغێكی دیكە لە خەبات و تێكۆشان.

حیزبی دیموكراتی كوردستان وەك چۆن لەبەرنامەكەیدا هاتوە، بەردەوام پشتگیری لە بزووتنەوەی ژنانی كورد بۆ یەكسانیخوازی كردوەو بە كردەوەش یارمەتی داون. ژنانی كوردیش لە رۆژهەڵاتی كوردستان ئەم حیزبەیان بە سەنگەری داكۆكی لە مافەكانیان ناسیوەو زۆر لەو ژنانەش بۆ خەبات لە پێناو مافە سیاسییەكانیان و هەروەها مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان ریزەكانی ئەم حیزبەیان هەڵبژاردوە. بەڵام ژنان لە نێو ریزەكانی حیزبی دیموكرات بە كوێ گەیشتوون؟ چەند لە مافەكانیان لە پێكهاتەی ئەم حیزبەدا وەدی هاتوەو چەسپاوە؟ تواناكانی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسیی حیزب دا چەندەن و حیزبی دیموكرات چەندە لەم تواناییانە كەڵكی وەرگرتوە؟ چەندە شوێن پەنجەی ژنان بەسەر بڕیارو گۆڕان و پلانەكانی حیزبی دیموكرات دا دیارو بەرچاوە؟ بۆ وەڵام دانەوە بەو پرسیارانەو تاوتوێكردنی كێشەی ژنان لە نێو حیزبی دیموكرات دا چەند ژنێكی خەباتكارو ئەندامی حیزبمان دواندوەو ئەم پرسیارانەمان لەگەڵ ئەو بەڕێزانە هێناوەتە گۆڕێ:

**◈ئایا لە نێو حیزب دا دەرفەتی وەك یەك بۆ ژن و پیاو بە مانای واقعی خۆی هەیە؟ ئەگەر "ئا" بۆ رۆڵی ژنان لە سەر بڕیارو گۆڕانەكانی حیزب ئەوندە كرچ و كاڵە؟**

**كوێستان فتووحی:** ئەگەر بڵێم نا، بەرپرسانی حیزب هاواریان لێبەرز دەبێتەوە بۆ نیە. ئەوە نیە ئەوانیش لە دەورەكاندا وەك پیاوەكان بەشداری دەكەن، ئەوە



كوێستان، كادری چاپەمەنیی حیزب

نیە كاریش بەوان دەدرێ، خۆیان پێش ناكەون حیزب چ بكا؟ بەڵام ئەمن دەڵێم دەرفەتی لەبار بۆ ژنان نیە. ژنان كێشەی تایبەتییان هەیە بۆیە دەبێ بواری تایبەتیشیان بۆ پێك بێ. ئەگەر بیانەوێ رۆڵی ژن و پیاو هاوسەنگ بكرێ، دەبێ هێندێك تەبعیزی موسبەت لە باری پێگەیاندنیان دا بۆ ژنان دابنرێ بۆ ئەوەی هاوسەنگییەكە پێك بێ. وەزعییەتی ئەو ژنانەی روو لە حیزب دەكەن لەگەڵ وەزعییەتی ئەو پیاوانەی روو لە حیزب دەكەن، زۆر جیاوازە. دنیای ئەو ژنانە دنیایەكی داخراو بووە، كۆمەڵێك بەربەستیان لە پێش بووە كە ئەو پیاوەی هاتوە نەیبووە. كچێك كە بەردەوام لە لایەن كۆمەڵ و بنەماڵەوە سەركوت كراوە، بەردەوام وشەی "عەیبە، مەكە، مەچۆی"ی بە گوێدا خوێندراوە كە ئەمانە هەمووی مرۆڤێكی شەرمنیان لێدروست كردوە. بەبێ رێخۆشكردن، بەبێ فێركردن و پەروەردەكردنێكی تایبەتی چۆن دەتوانێ پێ بە پێی هاوڕێ پیاوەكەی بچێتە پێش؟ با دەرفەتەكان وەك یەكیش بن، كولتووری پیاوسالاریی زاڵ بەسەرحیزب هەمیشە كچانی پێشمەرگەی تەشویق كردوە بۆ پێكەوەنانی ژیانی هاوبەش، ژیانی هاوبەشیش بۆیان سەرەتای دەستپێكردنی كۆمەڵێك گیروگرفتی دیكەیەو رێگری سەرسەختی بەرەوپێشچوونیانە لەگەڵ ئەوەی ئەركێكی قورسی دیكەشیان دەكەوێتە سەرشان كە دەبێ كاتێكی زۆریش تەرخان بكا بۆ خزمەت بە ماڵ و منداڵ ،جا ئەگەر هاوسەرەكەشی هەر بەو عەقڵییەتە كۆنەوە رەفتار بكاو هیچ هاوكارییەكی ئەو ژنە نەكا، ـ كە هەر واشە ـ ئیدی ئەو ژنە چۆن دەتوانێ وەك تۆی پیاو لە دەرفەتەكان كەڵك وەربگرێ؟ پیاوان هەمیشە بە خەیاڵێكی ئاسوودەوە كارەكانیان دەكەن و لە دەورەو كۆرسەكاندا بەشداری دەكەن، دەستیان ئاواڵاترە كە دەست ئاواڵاتر بوو دەتوانێ زۆر مەسئوولییەت قبووڵ بكا، كات و دەرفەتی بیركردنەوەو خۆپێگەیاندنی زیاترە، بەڵام ژن دەبێ بە منداڵەكەیەوە بچێتە سەر كارەكەی، بە منداڵەكەیەوە بچێتە كۆڕو كۆبوونەوەكان و..... لێرەدایە دەردەكەوێ دەرفەتەكان وەك یەك ناتوانرێ كەڵكی لێوەربگیرێ. دیارە حیزب كەمتەرخەمی هەبووە كە ئەو مەسەلانەی بە هێند نەگرتوە، هەوڵی چارەسەریانی نەداوە، زەمینەی لەباری بۆ نەرەخساندوون بۆئەوەی ئەو ژنانە بتوانن رۆڵیان بە باشی بەرێوەبەرن. دیارە هەموو ئەمانە بەو مانایە نین كە ژنانیش خۆیان كەمتەرخەم نەبوون. بەڕاستی لێرەدا دەمەوێ بڵێم سەرەڕای هەموو ئەوانە ژنانیش زۆر كەمتەرخەم بوون، هەمیشە چاوەڕوانیی فریادرەسیان كردوە كە لەم وەزعە رزگاریان بكا، خۆیان زۆر هیلاك نەكردوە، لە جیاتی لەبەرابەر گیروگرفتەكان دا راوەستن و موقاوەمەت بكەن رایان كردوە لەبەری. ئەمە زۆر كاریگەری هەبووە لەسەر كەم دەركەوتنیان.

**◈كولتووری پیاوسالاری چەندە رێگرە لە بەردەم پشكووتن و دەركەوتنی ژنان لە نێو حیزبی دیموكراتدا؟ یان بە وتەیەكی دیكە كولتووری پیاوسالاری ئاشكراو یان نهێنی بە چ شێوەیەك لە قەوارەی حیزب دا خۆی دەردەخا؟**

**كوێستان فتووحی:** پیاوسالاری لە هەر كۆمەڵێك دابێ تایبەتمەندییەكانی وەك یەك دەچێ. وەكوو ئەوەی پیاو خاوەن دەسەڵاتە لە هەموو بوارەكان دا. لەو كۆمەڵانەدا ژنان لە پەراوێز دەخرێن، وەك مرۆڤێكی كەم عەقڵ و زەعیفتر لە پیاوان چاویان لێدەكرێ، لە هەموو بوارەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیدا چالاكییان كەمترە لە چاو پیاوان، رێز بۆ كارو ئەركەكانیان دانانرێ و گوێ بۆ داخوازییەكانیان ناگیرێ و باوەڕ بە تواناكانیان ناكرێ و..... جا رەنگە لە هێندێك كۆمەڵدا ئەو سیستمە زاڵتر و بێترس یان روونتر بڵێم بێشەرمانەترو یەك رووتر ماهییەتی خۆی دەربخا.

ئەمن لە حیزبی دیموكراتدا كە وەك حیزبێكی مۆدێرن و حیزبێك كە باوەڕی بە كۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، دوو گانەگییەك هەست پێدەكەم لە سەر كێشەكانی ژنان. لە بەرنامەو گوتارە رەسمییەكانی بەرپرسانی حیزبدا شتێك دەگوترێ كە زۆر پێشكەوتووانەو جوان و جێگەی دڵخۆشین، بەڵام لە هەڵسوكەوت و رەفتاری بەشێكی زۆر لە كادرو پێشمەرگە پیاوەكان و مەسئوولین دا پێچەوانەكەی دەبینرێ. ئەم دوگانەگییە، واتە لە لایەك دانانی بە ماف و ئازادییەكانی ژنان و پێداگرتن لەسەر رۆڵی ژنان و لە لایەكی دیكەشەوە كولتوورێكی تەواو پیاوسالار دەبینرێ. ئەوانەی لە دەرەوەی حیزبن و گوێیان لە گوتارەكانی حیزب دەبێ رەنگە پێیان وابێ نێو حیزبی دیموكرات بەهەشتێكە بۆ ژنان. بەڵام ئەگەر هاتن و لە نزیكەوە دیتیان باش هەست بەو جیاوازییە دەكەن. ئەمن هەر لەیەكەم رۆژی هاتنم بۆ نێو ریزی حیزبی دیموكرات دا هەستم پێكردوەو ئێستاش هەر دەیبینم، هەست دەكەم ئەم كەلتوورە دیوارێكی لەبەینی ژنان و پیاوان دا دروست كردوە. ئەوە بە شێوەی ئاشكراو شاراوە لە قسە كردن (وشەو دەستەواژەكان)، لە هەڵسوكەوت و رەفتار، لە دابەشكردنی كارەكان، لە سەف (رین)ی چوونەژووری سالۆنی كۆڕو كۆبوونەوەكان، لە دانیشتنەكان، لە ئیزدواجەكان، لە جیابوونەوە(تەڵاق)ی هاوسەرەكان، لە هەڵسوكەوتی بنەماڵەكان لەگەڵ كچ و كوڕەكانیان و.... لە هەر هەمووی دا فەرهەنگێكی دواكەوتووانەی پیاوسالاری زاڵە بەسەر ئەو كۆمەڵە چووكەی ئێمە حیزبییەكان تێیدا دەژین. ئەم كولتوورە وا رۆچۆتە بیروزەینی بەشی زۆری ئەندامەكان كە تەنانەت بڕیارو پەسندكراوەكانی حیزبیشی لەسەر مۆدێرن بوون و باوەڕبوون بە یەكسانی و مەدەنییەت و دیموكراسی، كەم بایەخ كردوە.

ئەگەر ژنان لە حیزبی دیموكرات دا پێشكەوتنێكیان بەدەست نەهێناوە، ئەگەر رۆڵیان بەرچاو نەبووە، ئەگەر شەرمن و بێدەنگن، ئەگەر رازی دیارن، ئەگەر كشاونەتەوە لە كار، بێگومان پێوەندییەكی راستەوخۆی بەو كولتووره پیاوسالارەوە هەیە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە نە حیزب هەوڵی جیددی داوە بۆ سڕینەوەی ئەو كولتوورە، نە ژنانیش ئیعترازێكی جیددییان وەڕێخستوە. هەتا ژنیش خۆی لە كۆت و بەندی پیاوسالاری رزگاری نەكا بە هیچ بڕیارو پەسندكراوێك پێشكەوتن بەدەست ناهێنێ. لە حیزبی دیموكراتیش دا بۆ سڕینەوەی ئەو كولتوورە ئەگەر هەموومان هەوڵی جیددی بۆنەدەین، بە تایبەتی خودی ژنان لەپێشدا هەر دەبێ شاهیدی دووپاتبوونەوەی ئەو دیمەنە بین كە ئێستا هەیە.

**◈ئەگەر ژنان دەسكەوتێكیان لە نێو ریزەكانی حیزبی دیموكرات دا بووبێ، چۆنیان باس دەكەن؟ بە تایبەت كە خەباتی سیاسی ئەنگیزەی سەرەكیی ژنان بۆ حزووریان لە نێو ریزەكانی حیزب دا بووە؟**



عیسمەت، بەرپرسی یەكیەتیی ژنان

**عیسمەت نستانی:** لەگەڵ ئەوەی لە هەموو بزووتنەوە سیاسییەكانی كوردستان دا ژنان رۆڵی بەرچاوو كاریگەری خۆیان گێڕاوەو تەنات ژنان قوربانیی سەرەكیی بزووتنەوەكانیش بوون، بەڵام بوونیان قەت بە هێند نەگیراوەو بوونی ژنان تەنیا بۆ تۆخ كردنەوەی دروشمەكانیان بووە. ئەگینا ژنی كورد لە هەر بزووتنەوەیەك لە دوو تەوەری گرینگ دا رۆڵی بینیوە: خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و داكۆكی كردن لە مافە پێخۆست كراوەكانیان.

ژنانی نێو ریزەكانی حیزبی دیموكراتیش لە هەر دوو تەوەری خەباتەكەیان شێلگیر بوون، بەڵام دەسكەوتەكانیان تەنیا لە تەوەری كۆمەڵایەتی و خۆناسین و خۆپێگەیاندن بووە، ئەگینا لە تەوەری خەباتی سیاسیدا پێشكەوتنی ئەوتۆیان وەدەست نەهێناوە. ژمارەی ژنانی پێشمەرگە لە نێو ریزەكانی حیزبی دیموكرات دا كەمن و ئەوندەش كە هەن خراونەتە پەراوێزو هەوڵ بۆ بارهێنانیان و پەروەردەكردنیان نەدراوە. ئەگەر لەنێو ریزەكانی حیزبی دیموكرات دا ژنێك پێگەیشتبێ، تەنیا بەرهەمی ماندوو بوون و هەوڵدانی خۆی بووە، نەك بەرهەمی سیستماتیكی حیزب. دیارە بە خۆشییەوە لەم دواییانەدا حیزب دیموكراتی كوردستان دانی بەوەدا ناوە كە تا ئێستا لە ئاست ژنان دا كەمتەرخەم بووەو نەیانتوانیوە بواری شیاوی ژنان بۆ ئەوان برەخسێنن.تۆ دەبینی لە ماوەی ٦١ ساڵ خەباتی حیزبی دیموكرات و لە ١٣ كۆنگرەدا تەنیا ٢ ژن توانیویانە خۆیان لە ریزی ئەندامانی رێبەرایەتی دا ببیننەوە. لە كۆنگرەی ١٣ دا زۆرینەی ئەندامانی كۆنگرە بە هیچ شێوەیەك قایل نەبوون كورسییەك لە ئەندامانی ئەسڵی رێبەریی حیزب بۆ ژنان تەرخان بكرێ.

**◈حەز دەكەم ئەم پرسیارە لە ئێوەش بكەمەوە كە ئایا لە نێو حیزب دا دەرفەتی وەك یەك بۆ ژن و پیاو بە مانای خۆی هەیە؟**

**نەسرین حەداد:** ئەگەر بڵێم نا، وانیە. چونكە لە هێندێك بواری وەك بەرابەریی مووچە لەگەڵ پیاوان وەك یەكن. بەس ئەوە نابێتە بەڵگە لە گشتاندنی ئەم باسەدا. ئەگەریش بڵێم "ئا" و ئەم ماف و دەرفەتە بۆ ژن و پیاو وەك یەكە، دیسانەكەش قەناعەتم نیە. چونكە لە شێوەی دابەشینی كارو پێئەسپاردنی بەرپرسیارەتی ئەوە ژنانن كە پشت گوێ دەخرێن. پێشتر كە ژنێك داوای كاری دەكرد، تەنیا كار بۆ ژنان مامۆستایەتیی قوتابخانەو كاركردن لە نەخۆشخانە هەبوو. دەیكەی فەرموو دەنا بڕۆ لە ماڵێ دانیشە! ئەگەر ژنێكیش ناچار ئەم كارانەی قبووڵ دەكرد تەنیا بۆ ئەوە بوو كە لە رووی ماددییەوە چاو لەدەستی مێردەكەی نەبێ.

جیا لەوەش كۆسپەكانی سەر رێی ژنان لە نێو حیزب دا زۆرن و پیاوان ئەم گرفتانەیان لەبەر دەم نیە. ئەركی پێڕاگەیشتن بە ماڵ و بەخێوكردنی منداڵ لە نێو كەشی زاڵی پیاوسالاریدا هەموو كۆسپی سەر رێی ژنان بۆ چالاكبوونی زیاترن. لە تەنیشت ئەوەش حیزب هیچ میكانیزمێكی بۆ پەروەردە كردنی ژنانی نێو ریزەكانی حیزب نەبووە. ئەوەش بڵێم كە ژمارەی ژنانی نێو ریزی پێشمەرگایەتی لە چاو پیاوان زۆر كەمن، هۆیەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لەوە پێش كچان دوای هاتنیان لە لایەن بەرپرسانی حیزبەوە رەد دەكرانەوەو وەرنەدەگیران و یان دەنا لە دابەشینی كار لە سیاسی ـ نیزامی دا كاری وایان بەسەردا دەسەپاندن كە ژنان زوو لێی بێزار دەبوون ئەوەش لە جێی خۆی كە كچان هەر كە دەهاتن بۆ پێشمەرگایەتی وەك نێچیر سەیر دەكران، سەفیان بۆ دەگیراو پەیتا پەیتا داوای ژیانی هاوبەشیان لێدەكراو ئەوانیش بۆوەی تووشی گیروگرفت و بزركانی كەسایەتییان نەبن، بەناچار قبووڵیان دەكردو ئەمجار دەبوا دەست لە پێشمەرگایەتی هەڵ گرن، چونكە ئاغای ماڵ رازی نەبوو ژنەكەی پێشمەرگایەتی و كاری حیزبی بكا!

**بەڵام بەرنامەو ئەساسنامەی حیزب بە روونی باس لە یەكسانیی**



نەسرین، بەرپرسی حیسابداریی حیزب

**ژن و پیاو دەكا؟**

**نەسرین حەداد:** بەڵێ ئەوە هەیە بەڵام ئەو بەرابەرییە هەتا ئێستاش لە قازانجی پیاوان دا بووەو بە لای ئەوان دا شكاوەتەوە. با نموونەیەكتان عەرز بكەم: قەت كاری ژنان بە هێند نەگیراوە، بۆ وێنە لەو دەگمەن ژنانەی پاش شووكردن لە پێشمەرگایەتی و كاری حیزبیدا بەردەوام بوون، تۆ دەبینی پیاوەكە بۆ شوێنێكی دیكە نەقڵ دەكراو بێ ئەوەی گرنگییەك بە كاری ژنەكە بدرێ، ئەوا ژنە دەبوو حەتمەن واز لە كارەكەی بێنێ و وەشوێن هاوسەرەكەی كەوێ و جا لەو شوێنە چاوەڕوان بمێنێتەوە تا بزانێ كارێكی بۆ دەبینرێتەوە یا نا. ئایا ئەوە دەرفەتی وەك یەكو دۆخی وەك یەكو مافی وەك یەكە؟

تۆ چاو لە رێبەرایەتیی حیزب لە رابردووو ئێستادا بكە. زۆر لە ئەندامانی رێبەرایەتیی ئاستی خوێندەوارییان سەرەتایی و ناوەندین، كەچی ئەمن ئێستاش نەمزانی ئەوان بۆ شیاو بۆ بە توانان و بۆ ئێمە نالایەق و بێتوانا؟ بە دڵنیاییەوە دەڵێم بوونی زۆر لەو پیاوانە لە ئاستی رێبەرایەتی دا تەنیا سەمبولیك و رواڵەتی بوون بەڵام قەت نەهاتن بە دانانی میكانیزمێك چەند جێگەیەك بۆ ژنان تەرخان بكەن تا بۆ ئەم كارە پەروەردە بكرێن. ئەمن خۆم ٢٦ ساڵە پێشمەرگەی حیزبی دیموكراتم و لەو ماوەیەدا ١٩ ساڵ لە قوتابخانەكانی حیزب دا دەرسم گوتوەو كەس كارێكی دیكەی پێ پێشنیار نەكردم و تواناكانی دیكەم لەبەرچاو نەگیران. بەڵام بۆ پیاوان

بۆلاپەڕی ١١

## برووخێ رێژیمی كۆنە پەرستی كۆماری ئیسلامیی ئێران

## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین






### هادی عەزیزی

هەواری یادی چرۆ هەڵوەریوەکانی نێو سەنگەری خەباتی خوێناویی نەتەوەکەمان دەبەم بۆ قوروە، زێدی ئەو لاوەی کە دیمەنی و قەڵافەتی، بەهرەو تواناو تایبەتمەندییە بەرزەکانی بە تێپەڕینی زەمان، لە لام کەمڕەنگ نابن و، هەروا بە خۆشەویستیی و نەمری دەمێننەوە.

بیانووی من بۆ یادکردنەوەی کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی جوانەمەرگ لەم گۆشەیەدا، بەهرەو مایەی ئەدەبیی و هونەریی ئەوانە کە بەداخەوە، ئەم بەهرەو مایەشیان وەك ژیان و گیانیان لە پێناوی ئازادیی نەتەوەکەیان دا، زۆر زوو بوون بە قوربانی. بەڵام "هادی عەزیزی"، جگە لە بەهرەی تایبەت بە خۆی، شتێکی دیکەشی هەبوو کە ئەوی لای هەموومان خۆشەویستتر کردبووو وای کردوە ئەوەی لە نزیکەوە ناسیبێتی، هەرگیز ئەم لاوەی لەبیر نەچێتەوە. ئەویش بریتی بوو لە ئەخلاق و ڕەفتاری ئینسانیی و دروست کە تێکەڵاوێك بوو لە هێمنی، نەزاکەت، ڕێز گرتنی بەرامبەر، هەست کردن بە بەرپرسایەتی، دەستپاکی، زمانخاوێنیی و تامەزرۆیی‌یەکی سەرسوڕهێنەر بۆ فێربوون.

پاشی ٢٠ ساڵ، ئەو ئێوارەیەی ١٩ی سەرماوەزیی ١٣٦٥ م هەروا لەبیرە کە "هادی" و کۆمەڵێك نەوجەوانی دیکەیان لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی‌یەوە بۆ بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە "ئەستێرۆکان"، نارد. کە ڕوانیمە ناوەکان و زانیاری‌یەکانی دیکەی تایبەت بە هەر کامێکیان، زۆرم بەلاوە خۆش بوو کە یەکێکیان لە شاری "قوروە"، وە هاتوە بۆ پێشمەرگایەتی. چونکە پتر لە شارو ناوچەکانی دیکە کەوتبووە نێو قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بە زەحمەت و کەمتر، بۆ کارو تێکۆشانی سیاسیی و نیزامیی و هتد ڕوویان تێ‌دەکرد. بنەماڵەکەیان لە ساڵی ١٣٥٩وە کە پێگەی نیزامیی ڕێژیم هاتبووە ئاوایی‌یەکان (تەڕواڵ)، هەر بۆئەوەی خۆ لە چەك هەڵگرتن بۆ ڕێژیم بدزنەوە چوو بووە شاری قوروە، بۆ خۆی ساڵی ١٣٤٨ لە دایك ببووو، لە شار تا پۆلی ٣ی ناوەندی دەرسی خوێندبوو. پوورزایەکی پێشمەرگەی "هێزی بەیان" بووو، ئەمە هۆیەك بوو هەم بۆ ئۆگری بە حیزبی دێموکرات، هەم کاتێك لە ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٦٥ بڕیاری دا بۆ پێشمەرگایەتی ڕوو بکاتە حیزب، بێتە بۆکان و لەوێوە خۆی بگەیەنێتە هێزی بەیان.

هادی عەزیزی ماوەی ساڵێك لە یەکیەتیی لاوان مایەوە. جگە لە بەشداریی چالاکانەی لە کارو باری ڕۆژانەی بنکەو وە ئەستۆ گرتنی ئەرکی جۆراوجۆردا، لە کاروباری فەرهەنگیی ئەو یەکساڵەدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. لەنێو ئەندامانی ئەو چوار گرووپە ڕۆژنامەنووسی‌یەی کە هەر کامێکیان مانگانە ڕۆژنامەیەکی دیوارییان دەردەکرد، هادی، نەك هەر لە هەڵسووڕەکان بوو، بەڵکو لە ئیدەو ئیبتیکارو پێشنیاریشدا، لەریزی پێشەوەدا بوو. لە پێشبڕکێ‌یەکانی زانیاری‌دا، لەگەڵ هەر گرووپێك با، شانسی سەرکەوتن زیاتر بەو بوو. لە زۆربەی دەرس و تاقیکاری‌یەکاندا یەك لە چەند کەسە زۆر باشەکان بوو. لەو شانە تایبەتییانەی کە بۆ خوێندنەوەی بە کۆمەڵ (هسته مطالعاتی) پێکمان هێنابوون، هادی نموونەی ڕێکوپێکی و هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ بەردەوامیی خوێندنەوەی بە کۆمەڵ. بە پرسیارەکانی، بە ئاکامگیری‌یەکانی و سەرنجە تایبەتی‌یەکانی ئەم جۆرە کۆڕو کۆبوونەوانەی دەوڵەمەند دەکرد. کتێب هاوڕێیەکی هەمیشەیی بوو، چ لەنێو بنکەی سەرەکی، چ ئەو کاتە بە مەئموورییەت لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەی لە داوێنی چیایەکی ئەو دەڤەرەدا لەکەپرو خێوەتدا دەژیان.

تام و چێژی ئەو کۆڕەم لە یاد ناچێ کە لەسەر داوای هادی خۆی، بۆ ناوبراو پێکمان هێنا تا لەسەر جیهان بینیی "ماسی‌یە ڕەشە بچکۆلەکە" ی سەمەدی بێهرەنگی بدوێ. ئەوکات ١٨ ساڵ تەمەنی هەبوو. چەند خۆش بوو کە دەمان دیت ئەم یەکساڵ ژیانەی لە ریزی لاوانی دێموکراتداو هەوڵەکانمان لەگەڵ وی، بەرهەمی خۆی هەبووە. هادی نزیك بە سەعاتێك لەسەر ئەم چیرۆکە بەناوبانگەی سەمەدو مەبەست و ئاماژەکان، دواو لێکدانەوەی پێشکێش کرد. زۆر بە باشییش لە عۆدەی وڵامی پرسیاری بەشداران هاتەدەر. بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی ئەم کۆڕە ئەوەندەی دیکە ئێمەی بە داهاتووی ئەو لاوەو پێشکەوتنی لەبواری فەرهەنگیی و فکری‌دا گەشبینترو هیوادار کرد.

بەڵام، هەوای یارو دیارو پێشمەرگایەتی و گەشت و گەڕانی سیاسیی و نیزامی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هادیی لە یەکیەتیی لاوان هەڵکەندو لە پاییزی ١٣٦٦ دا بردی‌یەوە بۆ "هێزی زاگرۆس".

سەرەنجام، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٦٧ لە شەڕێکی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی هێزی زاگرۆس لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ژاوەرۆی سنەدا بەداخەوە بریندار بووو، دوای چەندین سەعات بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، بە جوانەمەرگی سەری‌نایەوە.

یادی بەخێر

# من ماڵێکم هەیە، ناسك



مەحموود شێرزاد
٢٠٠٧/٢/٢٠
mahmudsherzad@yahoo.com

ڕەسوڵ سوڵتانی ئەو کاتەت باش!


ڕەنگە خۆت بزانی ماوەیەکی زۆر بوو بە هۆی هێژموونی فەزایەکی ناشیرینی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە سەرم شێعرم نەنوسیبوو. بەڵام ئێستا وادیارە ئەو هەستەم تێدا زیندووبۆتەوەو جیا لەوەش لە بەردەم گۆڕانێکی گەورەی ڕۆحی و فیکری دا وەستام، لە هەندێ بواردا ڕوانگەکانم بە نیسبەت وجوودەوە بە قووڵی لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەزموونگەریدان و زۆر شتیتریش.ماوەیەکە بۆ ئەوەی بڵێم گۆڕاوم "ریش"یشم داناوەو وەك قسە کۆنەکەش بە ئیشە نەك بە ریش، بەڵام تۆ بە نیسبەت "ریش"ەوە نیگەران مەبە چوونکە لەلایەك نە ئیستاتیکایەو نە وەرچەرخانێکی ئایدۆلۆژیکی دەروونی، مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەلایەك بۆ جوانی نەمهێشتۆتەوە چوونکە پێم وایە "ریش"یش یەکێك لەو بابەتانەیە کە بوونی لە خزمەت چڵکنی و ناشیرینکردنی فەزای فۆرماڵی گشتی دایە، لە لایەکی دیکەشەوە نەبوومە کائینێکی سەلەفی کە دەرئەنجام ئەگەر لەگەڵ سەلەفی بووندما ڕاستگۆ بم دەبێ ڕۆژێك بێم و خۆم لەناوتاندا بتەقێنمەوە. بە هەرحاڵ "ریش"ەو دەبێ ڕۆژێك هەوڵبدەین وەك بەشێك لە دزێوییەت و چڵکنی بە نەرم و نیانی لە کۆڵ خۆمانی کەینەوە.

ڕاستیەکەت پێ بڵێم ئەمشەو دڵم زۆر پەرێشانی خۆم بوو، بە قەولی شاعیرە فارسەکە کەسێك کە هەموو تەمەنی ئارەزوویەکی نەهاتبێتەدی( جا بە هۆی بێ لیاقەتی خۆی بێ یادڕندەیی کۆمەڵگا یا هەر دووکیان) دەبێ بەر لە هەر کەسێکیتر بۆ خۆی بگری، بۆیە من ئەمشەو ڕەنگە بۆ یەکەمجار ڕاستەوخۆ بۆ خۆم گریابم. واتە ئەگەر ڕاستگۆبم دەبێ بڵێم لەو ساتەداو ڕەنگە لەوە بەدواش بە پلەی یەکەم هیچ کەس و هیچ شتێك بە قەرا خۆم شایانی لەسەر وەستان و بۆگریان و بۆشادی نەبێ لە لایەن خۆمەوە. دیارە ئەو تێگەیشتنە بەوشێوەیە لێکنەدەیتەوە کە مەبەستم ئەوەبێ دۆڕابم..نا، چوونکە بەلای منەوە دۆڕان یانی ئەوەی کەسێك لە پێناو هەرشتێك و بە هەرهۆیەك کۆیلەتی بە ئەقڵ و دڵ بکڕێ، کە خۆم پێم وانیە بە ئەقڵ نەك بە دڵ لە چواچێوەی شەرقدا دۆڕانێکی ئەوتۆم ئەزموونکردبێ هەرچەند لێتی نەشارمەوە من لە بنەرەتدا مرۆڤی شەرقیم پێ مرۆڤێکی تەواو نیەو زۆریش بە گەمژەیی هەندێ کەسی سیاسیی و حیزبیی و وردەنوسەرو ....هتد سەرسامم کە بەخۆیان سەرسامن، لە ڕاستی دا ئەو کەسانە دووجار گەمژەن جارێك لەبەر ئەوەی گەمژەن جارێکیش لەبەر ئەوەی نازانن کە گەمژەن کەچی خۆیان پێ سیاسی‌وسەرکردەی گەورەو نوسەرروداهێنەری مەزنن، کەوابوو قوڵترین غەمی من بەر لەهەر شتێك بەداخەوە شەرقی بوونمەو لەو چوارچێوەیەشدا هەموو گەمژەیی و بێ ئەقڵییەکانی خۆم دەتوانم پاساو بدەم. لێرەوە پێم وایە ئێمە بەشێك لەو ریشە چڵکنەین کە بەریشی پیشکەوتن و عەقڵانییەتەوە بوین و ئاوا بمێنینەوە ڕۆژێك دەکەوینە بەر پرۆسەی داماڵین و لەکۆڵکردنەوە. ڕاستی دەبوو وینەیەکی بە ریشەوەم بۆناردبای بەڵام هەروەك چۆن بۆ وێنە نەتەوە لەسەر کاغەز یانی پووش ریشیش لە وێنەدا ناتوانێ تەعبیر لە حەقیقەتی خۆی بکاو دەبێ ئۆرجیناڵەکەی ببینی و بخوێنیەوە.

ڕەسوڵی ئازیز ئەمشەو هەستم کرد دەبێ کتێبی (تیۆری کۆمەڵناسیی لە قۆناغی هاوچەرخ) دای "جۆرج ریتزر" کە خەریکی خوێندنەوەی بووم بۆ چەند ساتێك وەلانێم و بەدەم خواردنەوەی (شیرکاکائۆ) یەکەوە حەقیقەتی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی ئەو شەوەم یا بە واتا "فرۆید"یەکەش حەقیقەتی دەروونیشم بە شێعر لێکبدەمەوەو تەعبیر بکەم. یانی حەقیقەتی یەکێك لە ئەزموونەکانم و گۆشەیەك لە ژیانی حەقیقیم لە ڕێگەی شێعرەوە بەرجەستە بکەمەوە، واتە شێعر ئەو تێکستە ڕاستگۆ.. ئینسانی و قووڵەی کە لە جیهانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا هەمیشە غەدری گەورە گەورەی لێکراوە، کە کەمترینیان ئەوە بوە وەك مەزەی ڕێورەسمە بێ نێوەرۆکە سیاسی‌وحیزبیەکان کەڵکی لێوەرگیراوە کە بەداخەوە خۆشم ڕۆژێك لە ڕۆژان لەو پرۆسە ناشیرینەدا بەشدار بووم. بەڵام ئێستا پێم وایە ڕەساڵەتی کەسانی ئەهلی فیکرو ڕوانینی ئینسانی و ئازایانە ( نیچە: بە فەزیلەت گەیشتوو ) ئەوەیە کە نەهێڵن گەمژەیی و ناپاکی و ترس لەوە زیاتر جیهان داگیرو ناشیرین بکەن، بۆیە خۆزگە دەخوازم ئێمە توانیبامان ڕۆژێك لە ڕۆژان ببین بە یەکێك لەو کەسانە هەرچەند هەم بە دژواری دەزانم و هەمیش نا. بەهەرحاڵ شێعرەکەم بۆ ناردی و ئەگەر بۆ بڵاو کردنەوە بوو لەهەر کوێ حەزت لێبوو بڵاوی بکەیوە، ئەو ئاماژەیەش لە ڕاستی دا نامەیەکە بۆ تۆولێرەوە ئەوەش بڵێم ڕەنگە تارادەیەك ڕووتبونەوەو بەشیشەبوونی خۆمی تێدابێ، بەڵام ئێستێ بەبێ ئەوەی لە شکان بترسێم حەزدەکەم دەبێ لەبەردەم مرۆڤایەتی و کۆمەڵگاکەی خۆماندا ڕووت بینەوەو ببین بە شیشە دەنا جیا لەوە ئێمە درۆزنی کاریزماتیك و هەرە گەورەی گەلەکەمان دەبین و خۆمان و هەموانیش توشی کێشەو تراژێدیای گەورە گەورە دەکەین.

من ماڵێکم هەیە ناسك
ماڵێك لە سەر زەوی.. ماڵێك لە
نیشتمانی خەیاڵدا
ماڵەکەی من لە هەندێ ساتەوەختدا نە
دیوارو نە دەرگاو پەنجەرەی هەیەو
نە ژێرمیچ و نەبنی میچ
ماڵێکی ناسك.. تێکەڵاو
هەندێ جار خواش ناتوانێ بێتە ژووریێ
هەندێ جاریش هەر خوا بۆ خۆیی لە
هاتنە ژوورەوە هەڵدێ
ماڵێك بۆ هەموان و هیچ کەس.
دیوارەکانی بیانەوێ دەبن بە دەرگای
کراوەی دەست لەسەر سینگ
پەنجەرەکانی حەزبکەن بۆ هەمیشە
خۆرەتاوو دەریامان لێدەشارنەوە
دەرگاکانی مەیلیان لێبێ هەموو
جیهان لە باوەشی چوار دیوارێکدا بەند
دەکەن
یا هەموویان گەر بیانەوێ دەبن بە
چەترێك و.. چیتر.
من ماڵێکم هەیە ناسك
تۆ دەتوانی لە ناو ماڵەکەی منەوە یاری
بە قژی نەرمی خەیاڵەکانی خۆت بکەی
دەتوانی لە سەر فەرشی حەقیقەتێك
دابنیشی و
لە گەڵ هاورێکەتدا بۆن بە
سێوێکی مێخکرێژەوە بکەی
داوا لە پاییز بکەی کۆرێکت لە
سەر حیکمەتەکانی جیابوونەوە بۆ
بگرێ
بە گوڵ بڵێی
شێعرێکت لەسەر بەهار بۆ بخوێنێتەوە
یا هەرمێ سڵاوی هاوینت بۆ
بگەیەنێ
دەنا
زستان جۆرەکانی مەرگت بۆ تویکاری
بکا.
تۆ حەزبکەی یا نا..
هەندێ جاریش لە ناو ماڵەکەی منەوە
لە باوەشی بیابانێکی وەحشی دایی
بیابانێك کە پێی وایە خوێنی
تۆ شەرابێکە بۆ ئێوارەی دووپشکەکان
لاشەی تۆ خواردنێکی هاکازایی
حەیوانە دڕندەکانە
کەللەی سەرت بۆ کۆشکی مار.. شاری
مێروو..
ئاوەدانی قالۆنچەکان.
تۆ دەتوانی لە ناو ماڵەکەی مندا بە
جەهەننەمەوە بمری
یا بە دەریا و کچ و شەرابەوە
بژی
تۆ
دەتوانی... ماڵ ماڵی خۆتەو یا نەبێ.
من ماڵێکم هەیە ناسك
هەندێ جار بە هەموو شەیتانەکان
خشتێکی سەری نالەرزێ
هەندێ جاریش بە سیلەی
چاوی خودایەك سەرلەبەریم لێ دەروخێ
ماڵەکەی من.. هێزی ئەوەی نیە نەهێڵێ بە
سەرمدا نەیروخێنن
توانای ئەوەی نیە نەهێڵێ بریسکەکان
شەقم نەکەن
ڕەشەباکان نەمشێوێنن.
من ماڵێکم هەیە ماڵ..
بۆ هەناسەیەك ناتوانێ لە چاوی
جاسووسەکانی خودا و شەیتان
بمشارێتەوە ماڵەکەم
ماڵەکەی من توانای ئەوەی نیە
ماڵێك بێ
ماڵێکی سەوز بۆ ژیان
ماڵێکی سپی بۆ مردن
ماڵێکی سادە بۆ
ئینسان
من ماڵێکم هەیە... هیچ.





# فەلسەفەی زمان

## "دوو فەلسەفەی ویتگێنشتاین"

### وتووێژ لەگەڵ: ئانتۆنی کوئین تێن براین مەگی

وەرگێڕانی: ئیسماعیل زارعی

بەشی سێهەم

کتێبێك نیە کە بابەتەکان لەودا بە بێ ورەیی و ترسەوە باس کرابێ. لە پێشەکەییەکەی دا، ویتگێنشتاین دەڵێ: "من باوەڕێکی قووڵم بەوەیە کە دوایین ڕێگاچارەی هەموو گرفت و پرسە فەلسەفییەکان لێرەدا هاتوون"، و هەڵبەت هاوکات لەگەڵ ئەم وتەیە، هەر لەگەڵ ئەوەی کە ***نامیلکەی*** بە کۆتایی گەیاند، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ — واتە بۆ ماوەی نزیك بە دە ساڵ — لە فەلسەفە دوور کەوتەوە. نا، نامۆبوونی کتێبەکە بەشێکە لەو سەرنجڕاکێشیەی ئەو. نەك تەنیا هەر ئەوەش، بەڵکوو چییەتی ئەدەبییەکەشی بەرچاوە. بەو ڕستە کورت و پڕنێوەڕۆکەوە، دەڵێی دەنگێکە لە ناخی گەردەلولەوە قسەمان لەگەڵ دەکا. هەر ئەو یەکەمین ڕستەیە کە دەڵێ: "جیهان هەر ئەو شتەیە کە هەیە"، یەکێکە لەو دەربڕینە سەرلێشوێنەرانە کە تاك نازانێ چ تێگەیشتنێکی لێ بکا. ئەدی ئەو دوایین ڕستەیە — "دەبێ سەبارەت بەو شتەی ناتوانین قسەی لە سەر بکەین بێدەنگ بین" — لە یەکەمین بینین دا لە ڕوونکردنەوەیەکی ڕوون دەچێ، بەڵام دوایە تێدەگەین کە ڕوونکردنەوەیەکی تەواو ڕوونیش نیە. ویتگێنشتاین دەڵێ پەیامی سەرەکی هەموو کتێبەکە دیاریکردنی سنوور و ئاستی ئەو شتەیە کە دەکرێ بە شێوی شیاوی تێگەیشتن بیڵێین.

**مەگی:** یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین شتەکان بۆ کەسێك کە یەکەمجار ***نامیلکە*** دەبینێ، شێوەی داڕشتنییەتی. کتێبەکە یەکسەرە و بەشێوەیەکی پێوەست نەنووسراوە، بە سەر بەش گەلێکی کورت دا دابەش کراوە کە زۆر شارەزایانە بە سەر بەشگەلێکی لاوەکی و بەرلاوەکی و تەنانەت زۆربەرلاوەکیش دابەش کراوە و ژمارەی لێدراوە. (لە خۆوە نیە ئەگەر بڵێم کە لەم ڕەهەندەوە لەم ماوەیەدا لاسایی لە زۆرێك لە کتێبەکان دا کراوە کە هەموویان سەبارەت بە فەلسەفە نەبوون). ژمارەیەکی زۆر لەم دابەشبوونانە تەنیا یەك ڕستەن. هەروەك خۆشت باست کرد، پێوەندی نێوان ئەوان، یان تەنانەت واتاکانیان، هەمیشە ڕوون نیە. بۆ ویتگێنشتاین ئەم کتێبەی بەم شێوە ڕەمز و ڕازەوە نووسیوە؟


**وئین تێن:** بە بڕوای من، ویتگێنشتاین بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە وازوازی و ئەستەم پەسند بووە، بێگومان بەڵگەی ئەستەم پەسندی و وازوازی بوونی ئەو لە هەموو لایەنێکی فیکرییەوە بۆ هەموو خوێنەرێك دیار و ڕوونە. لەو شتەی کە پێم وایە دەبێ ناوی بنێین فەلسەفەی زانکۆیی بورژوایی، زۆر بێزار بوو — واتە فەلسەفە وەك پیشە، وەك کارێك کە لە ٨ی بەیانییەوە تا ٤ی ئێوارە کە بە بەشێك لە جەستەتان ئەنجامی بدەی و دواتر بە بێ ئەوەی ئیدی بیری لێبکەیەوە و لەگەڵی ڕووبەڕووببیەوە، بچی وەدوای ژیانی ئاسایت بکەوی. لە ڕەهەندی ئەخلاقییەوە، ویتگێنشتاین پیاوێکی یەکجار قورس و قایم بوو. خۆی و کارەکەی یەکجار بە جیدی دەگرت. هەرکات کارەکەی باش نەچووبایە پێش، ئازاری دەچێشت و کڵۆڵ و داماو دەبوو. ئەنجامی هەموو ئەمانە لە ناو نوسینەکانی دا دیارە. هەست دەکەی هەرچی دەیڵێ لە سەر گریمانە و وێناکردنێك ڕاوەستاوە کە لە خۆی هەیەتی. ئەنجامێکی دیکە ئەوەیە سووکایەتی بە هەموو ئەو فەلسەفانە دەکرد کە زۆر هاسان و ساکار و بە شێوەیەکی پیشەیی پێك هاتبوو و لە بەرچاوی نەدەگرتن و گرینگی پێ نەدەدان و دوورە پەرێزی لێ دەکردن. نەیدەویست بابەتەکەی لە ڕادەبەدەر هاسان و سانا بکاتەوە. نەیدەویست نووسینەکەی جۆرێك بێ کە خوێنەر زۆر خێرا چاوێکی لێ بکا و لە هەموو شتێك تێبگا*. فەلسەفەی ویتگێنشتاین ئامرازێکە بۆ سەروبن کردن و زەقکردنەوەی هەموو لایەنە فیکرییەکانی ژیانی خوێنەرانە و هەربۆیەش، بۆ گەیشتن بەو گەلێك گرفت و ئاستەنگی خراونەتە سەر ڕێ. بە بڕوای من، بە سەرنجدان بە مەبەست و ئامانجەکانی، ڕەنگە ئەمە پاساوێك بێ بۆ کارەکەی.

**مەگی:** من پێم وایە، دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەین کە دەق و نووسینی ویتگێنشتاین شتێکی ناوازە و تایبەتییە. ڕستەکان یەکجار بەهێزن و تایبەتمەندییەکی هەیە کە دەستت لێهەڵناگرێ و لە ناو مێشکتدا هێلانە دەکا و جێ خۆش دەکا و چەندین ساڵ دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی، واش هەر دەبینی واتاکانی ئەو دەگێڕییەوە. من ویتگێنشتاین بە یەکێك لە فەیلەسووفە ناوازەکانی وەك ئەفلاتوون و شۆپنهاور و نیچە دەزانم کە سەرەڕای فەیلەسووف بوونیان، دەبێ بە نووسەرانێکی مەزن و هونەرمەندی ئەدەبی بە پێزیان بزانین.

**کوئین تێن:** بەڵێ، پێم وایە ئەم وێناکردنە بۆ ئەویش درووستە. ویتگێنشتاین هونەرمەندێکی زانا و خوازراو بوو. زەین و هزرێکی ناوازە و تایبەتی هەبوو و پیاوێکی فەرهەنگی و ماقووڵ بوو و درێغی لە فیداکردنی بەرزترین سەرمایەی خۆی لە ***نامیلکە***دا نەکرد. بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بڵێین بە ئیدعاوە ***نامیلکەی*** نووسی. ڕاستە، زۆر زانیاری گەورەی تێدایە، بەڵام، بە بڕوای من، ڕووکەشی ئەدەبی ئەندێشەکانی ویتگێنشتاین لەو کتێبەدا تەواو نیشاندەر و دەرخەری فیکرییە کە دەردەبڕدرێ.

**مەگی:** بەر لەوەی وەکوو خودی ویتگێنشتاین ***نامیلکە*** پشت گوێ بخەین، پێم وایە بێ سوود نیە ئەگەر چاوێك بە سەردێڕی بابەتەکان دا بخشێنینییەوە و ئەو خاڵەی کە تا ئێستا پێی گەیشتووین دیاری بکەی.

**کوئین تێن:** یەکەمین شت کە ویتگێنشتاین گوتی، بنەماییترین تیۆرییەك کە لە نامیلکەدا هێنایە بەرباس، ئەوەبوو کە گوتەزا یان دیاردەکان وێنایین. ئەم قسەیە، وێناکردنی میتافۆریك نیە یان بە دەربڕینێکی زیندووتر ئەوە کە گوتەزاکان جیهان نیشان دەدەن. ئەو یەکجار زۆر ئەم بانگەشەیەی بە جیددی دەگرت کە گوتەزاکان وێنان و پێداگرانە دەیگوت گوتەزاکان بە ***واتای ڕاستەقینە*** [نەك لاوەکی] وێنان. ئەم تیۆرییە دووهەمین تیۆری لێ دەکەوێتەوە لەمەڕ ئەوە کە توخمەکانی ناو وێنەیەك لە گەڵ وێنەیەك کە وێنا دەکرێ هاوچەشنن. گوتەزا شتێکی تەواو ئاوێتەییە، هەرچەند کە دەبینین ڕستە لە وشەگەلێکی جۆراوجۆر درووست دەبێ. گوتەزاکان لە وشەگەلێك پێك دێن کە دەچنە ناو ڕاستییەوە. ڕیزبەستنی ناوەکان لە ناو ڕستەدا لە ڕیزبەستنی تەنەکان لە ناو ڕاستی و کەتوار دەچن. ئەم بیرو باوەڕە بە تیۆرییەکەوە نووساوە کە ئەگەر بڕیار وایە دنیا بە زمان نیشان بدرێ، دەبێ بریتی بێ لە نەزم و ڕازاندنەوەی شمەکگەلێك کە بتوانن بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر لێك گرێ بدرێن و پێکەوە کۆ بکرێنەوە. ئەو شتەی بەڕاستی هەیە بریتییە لە شێوەی نەزم و تەکووزی ئەو تەن و شمەکانە. ئەنجامی ئەوەی کە نێوەڕۆکی بنەڕەتی و واتاداری وتە و ئاخاوتن — واتە زمانێك کە دەرەتانی ئەوەی هەیە کە لە کارایی و کەڵك وەگرتنی بەڕاستی هەستەوەر دیاریکەردا کەڵکی لێوەرگیردرێ — وێناکردنی ئەو ڕاستییانەیە کە جیهان لەوان پێك دێ. بەڵام زۆرێك لەو شتانەی کە ئێمە دەیانڵێین بەو شێوەیە نایەنە بەرچاو، و وێنە و شێوەگەلێکی دیکەش لە ئاخاوتن هەن کە دواجار ویتگێنشتاین دەبوو سەبارەت بەوان شتێك بڵێ. بۆ ئەوەی ئەو ئەم تیۆری وێناییە لانیکەم لەگەڵ هێندێك ڕاستی پێوەندیدار بە کەڵك وەرگرتنمان لە زمان پێکەوە بگونجێنێ، یەکەمین تیۆری کە دەیهێنێتە بەرباس ئەوەیە کە هەموو گوتەزایەکی بەڕاستی بەسوودی واتایی لەو زمانەدا کە ئێمە کەڵکی لێوەردەگرین، تەنانەت ئەگەر خۆی وێنایەکی ساکار و سەرڕاست نەبێ لە تەن و شمەکەکان، شیاوی ڕاڤە و شیتەڵکردنەوەیە بە گەلێك دەستە و کۆمەڵی گوتەزاکان کە ئەو گوتەزایانە وێناگەلێکن لە شێوە و فۆڕمی گشتی و هەمەکی شمەکەکان. سەرەنجام ئەنجامی ئەم تیۆرییە ئەوەیە کە مێتۆدی درووست بۆ فەلسەفە، مێتۆدی ڕاڤە و لێکدانەوەیە چونکە ئەو شتەی کە لە ژێر بەرەی ڕێسا و گرێبەستە کورتکراوەکانی زمان دا شاراوەیە، دێنێتە سەر بەرە و ئاشکرایان دەکا. هەروەك دەزانین، ئەم تیۆرییە، بە تیۆرییەکی یەکجار خاوەن باندۆر و بە تەشەنە دەرچوو. ویتگێنشتاین قەت نموونەیەك لەم جۆرە گوتەزا بنەڕەتییە وێناییانە باس ناکا، و ڕەنگە لە بنەڕەتدا هیچ کام لەو گوتەزایانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەمان دا کەڵکیان لێوەردەگرین نموونەی گوتەزاگەلێکی ئەوتۆ نەبن. ئەو مەرجەی کە ئەو دای دەنێ ئەوەیە کە بۆ ئەوەی زمان واتای هەبێ، دەبێ واتایەکی واتایەکی دیار و ڕوونی هەبێ و دەبێ لە بنەڕەت دا ئەم واتا دیارە جۆرێك کاری وێنایی ئەنجام بدا. ئەم مەرجە وا دەخوازێ کە هەموو گوتەزایەکی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەگەر لە بنەڕەت دا وێنایەکی یەکە و ستاندارد نەبێ، بۆ ئەوەی واتایەکی هەبێ، دەبێ حەتمەن کۆمەڵێك یان گرووپێکی گەورە بێ لە وێناکان.



ویتگێنشتاین

---

# جێگای بەتاڵی سلووچ


عەلی بداغی

جێگای بەتاڵی سلووچ نوێترین بەرهەمی شاعیرو وەرگێڕی بەتوانای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمین گەردیگلانییە کە دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان لە توێی کتێبێکی ٤٢٨ لاپەرەییدا چاپو بڵاوی کردۆتەوە.

بەرهەمی نوێی کاك ئەمین وەرگێڕاوی"جای خالی سلوچ"، ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی گەورە نووسەری فارس، مەحموود دەوڵەت ئابادییە کە خاوەن پێگەیەکی تایبەتییە لە ئەدەبی فارسیداو لە نێو دڵی جەماوەری ئەدەب دۆستیش دا کاریگەری قووڵی خۆە جێ هێشتووە.

زمانی سادەو پاراوو تەواو ستاتیکای" جێگای بەتاڵی سلووچ" تایبەتمەندیی بەرچاوی بەرهەمەکەی ئەمین گەردیگلانییە کە توانیویەتی وێرای کورداندنی ئەم ڕۆمانە بەرزە بە جوانترینو بەهێزترین شێوە باس لە ئازارەکانی مرۆڤ بکا.

وەرگێڕ توانیویەتی زۆر بە جوانیو ئەمانەتەوە وشەو ڕستەو واتاکانی دەقەکە بە ستاتیکای تایبەتی خۆیانەوە بە بۆنو بەرامەی تەواو کوردانەوە بۆ خوێنەر ڕاگوێزێو زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێم وەرگێر بەو داهێنانە نوێیە سەر لە بەری کتێبەکەی بە بیرو ئەندێشەیەکی کوردی نووسیوەتەوە.




هەڵبژاردنی " جێگای بەتاڵی سلووچ" بۆ ئەمین گەردیگلانی وەك سووژەیەك بۆ وەرگێڕان هەروا بە سووتفەو بێ تێبینی نەبوەو وەرگێڕ وێکچوویی‌یەکی تەواوی لە نێوان ژیانی هەژارانەی خەڵکی کوردستانو دانیشتوانی "زەمینج" بەدی کردوە. "زەمینج " شوێنێکی خەیاڵییو داتاشراوی زەینی نووسەر بۆ وەرگێڕ نیە، بگرە ئەدگاری نەك سەدان گوند بەڵکوو شارە گەورەکانی نیشتمانەکەیتی کە ئایەتی مەرگو قاقڕیان لێ دەبارێو لە دواکەوتوویی‌دا ڕاگیراون.

"ژانی" مێرگان پرسۆناژی سەرەکیی ڕۆمانەکە ژانی هاوبەشی بەشێکی زۆر لە ژنانی کوردە کە دەبێ بارگەی خەمی بێ کەسیو بێ ئەنواییان لە کۆڵ نێنو بۆ پەیدا کردنی بژیوی خێزان دەست بخەنە نێو هەموو کونە مارێك.

"هەباس"ەکانی نیشتمانی وەرگێڕیش هەر بە لاوی پیر دەبن، نەك لە ترسان، بەڵکوو لە سۆنگەی خەزانی خەونەکانیان، لەبەر سیس هەڵگەرانی چرۆی هەموو ئاواتەکانیانو خنکانو فەوتانیان لە ژێر شاڵاوی ناهۆمێدیو تەما بڕاوی‌دا.


ئێستاش کچانی دەڤەری گەردیگلانی وەکوو" هاجەر" پەپوولاسا هەڵ دەوەرێن، دەژاکێنو بە زۆر دەنێردرێنە جێ خەوی عەلی گەناوەکان، هەر ئەوەندەی بەرگە بگرنو حەزو خەونە ساکارو بریقەدارەکانیشیان هەر بە توونی ئاگری حەمامەکەی عەلی گەناو!!

لاوانی کورد وەك " مرادی پوور سەنەم"و "قودرەت"و گونجانی دیکەی زەمینج دەبێ زێدی خۆیان جێ بهێڵنو بۆ دەستخستنی پاروە نانێ ڕێی هەندەرانو غەریبایەتی بگرنە بەرو لەوانەشە هەر نەشگەڕێنەوە...

ئەمانەت پارێزەری وەك سەرەکیترین ڕەگەزی وەرگێڕان تایبەتمەندیی دیاری بەرهەمەکەی گەردیگلانی‌یەو بۆ ئەمەش وەنەبێ جوانیی کارەکەی فیدای ئەم وەفاداریو ئەمانەتداری‌یە کردبێ، وەرگێڕی شارەزا بە یاساو بنچینەکانی وەرگێڕانو لە هەمان کاتیشدا شاعیرو خۆش زەوقێکی وەك ئەمین گەردیگلانی بە بەرهەمە بە پێزەی خەرمانی زمانو ئەدەبی کوردو کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر کردوە.

بەرەو ٦٠ ساڵەی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی

# خوێنی پێشەواو هاوڕێیانی نەمامی ساوای حیزبی دێموکراتی کوردستان پێگەیاند



عەبدوڵڵا ئیبراهیمی ـ ئوستڕالیا

ئاماژە:
لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ (٣٠ مارسی ٢٠٠٧) ٦٠ ساڵ بەسەر شەهیدکرانی پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستانو هاوڕێیانی بە دەست ڕێژیمی گۆڕکراوی پاشایەتیدا رادەبرێ. "کوردستان" لەم ژمارەیەرا، دەست بە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارو بابەتانە دەکا کە بەم بۆنەیەوەو لە سەر داوای هەیئەتی بەڕێوەبردنی یادی ٦٠ ساڵەی شەهید کرانی پێشەواو هاوڕێیانی نووسراون.

کۆماری مەهاباد خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کوردو هەرچەند تەمەنێکی کورتی ١١ مانگەی هەبوو، تایبەتمەندییەکانی وایان کرد کە تا ئەمڕۆش ببێتە جێگای شانازیی هەموو کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا. بەڵام ئەو کۆمارە نەك هەر شێوەی پێکهاتنی، شێوەی هاوکاریی کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەگەڵی، دۆستانو پشتیوانانو دوژمنانی، شێوەی بەڕێوەچوونیو شێوەی تێکچوونیشی هەر کامیان دەرسێكو ئەزموونێکی گەورە بوون بۆ داهاتووی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی هەموو کورد. لەو نێوەدا شێوەی شەهیدکرانی ڕێبەرو بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمارە بێگومان بێوێنەو تازەن لە مێژووی خوێناویی نەتەوەکەمان دا. ئەو ڕێبەرانە لە نێو گەل دا هەستان، لە نێو گەل دا خەباتیان کردو گەلیان بۆ خەباتێکی نوێو پێشکەوتووانەی وەها ڕێبەری کرد، کە ئەمڕۆش نموونەیەکی پێشکەوتووە بۆ خەباتی گەلەکەمانو، تازەیی خۆی لە دەست نەداوە. ئەوان پاش تێشکانیش، بوێرانە، لە جیاتی ئەوەی سەری خۆیان بە ساغی هەڵگرن ـ کە باش و هاسان دەیانتوانی ـ و سەری گەلەکەیان بە دەستی بکوژانی بسپێرن، لە نێو خەڵکەکەیاندا مانەوەو بۆ پاراستنی سەری گەل سەری خۆیان دانا. خۆ لەگەل بە زۆرتر نەزانینو خۆ لە سەرەوەی هەمووان نەهێنایە ئەژمار، بەڵکوو خۆ وەك یەکێك لەوان دانانو چارەنووسی خۆ بەوان بەستنەوە، بنەمای ئەخلاقیان بوو، سەرەنجام بە دڵفرەوانییەوە، سەریشیان لە سەر دانا. ئەوان وایان کرد کە دوای لە سێدارەدرانیش لە دڵی خەڵکیشو دوژمنانیشیان دا بە زیندوویی بژین. لە دڵی خەڵك دا وەك ئاگری خەباتو سەربەخۆیخوازیو کۆڵنەدانو لە دڵی دوژمنان دا وەك ترسێکی بێدواییو تۆقێنەر. بۆیە دوژمنان ترسنۆکانە بە تاریکیی شەو و بە دزیی خەڵك لە داریان دانو پاش ئەو کارەساتەش دڵیان هەر نەحەساوەو تەنانەت لە گڵکۆکەشیان تۆقیبوون.

لەسەر بەرهەمی خوێنی شەهیدانی دەی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی هەرچەند زۆر گوتراوە، بەڵام هێشتا کەمە. ئەو ڕووداوە فەلسەفەیەکی ژیانی کوردە کە دەبێ لە مێژووی هەموو کورددا نرخی خۆی بدرێتێ. ئەوە ڕاست فەلسەفەی مردن بۆ ژیانە.

مورتەزا زەربەخت (ئەفسەرێکی ئێرانی ئەندامی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) کتێبێکی "از کردستان تا آنسوی رود ارس"ی لەسەر کۆچە مێژووییەکەی بارزانیی نەمر بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت، نووسیوە. ئەو لە کتێبەکەیدا لە بابەتێکی کورت بەڵام خاوەنی دنیایەك نێوەڕۆكو واتای بێوێنەی شۆڕشگێڕیدا ڕێبەرانی گەلی کورد لەگەڵ ڕێبەری خۆی هەڵدەسەنگێنێ. ئەو هەڵسەنگاندنە لە دوو بارەوە بۆ ئێمەی کورد گرنگە: یەکیان ئەوەی کە بینەرێکی ڕووداوەکان بۆخۆی بە ڕاستوێژییەوە شتەکان دەگێڕێتەوە، دووهەم ئەو کاریگەرییەی پێشەوای کورد لەسەر ئەفسەرێکی سەر بە گەلێکی نە کورد هەیبووە وای لێکردوە ئاوا داوەری بکا:

"بەیانیی ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەز گەیشتینە مەهابادو داوای قازی محەممەدمان کرد. مەهاباد ئارام بوو، ئێمەیان بردە دەفتەری حیزبی دیموکراتی کوردستان. قازی محەممەد لەوێ بوو، بەگەرمیو لەسەرەخۆییو بە ڕوویەکی خۆش وەری گرتین. یەکەم پرسیاری ئەوە بوو: نانی بەیانیتان خواردوە؟

گوتمان: نانی شەویشمان نەخواردوە.

فەرمانیدا نانمان بۆ بێنن. لەسەر نانخواردن گوتی: پێرێ شەوێ پیشەوەری بە تەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە کە ئەرتەش خەریکە بەرەو تەورێز دێتە پێش، ئێمەش خەریکین خۆ ساز دەکەین بەرەو جولفا وەڕێ کەوینو بچینە شۆرەوی. پێشنیاری پێکردین ئێمەش شەوێ بە ژنو منداڵەوە مەهاباد بەجێ بێڵینو پەنا بەرینە شورەوی. لە وڵام دا گوتم لەگەڵ گەلەکەم دا لە مەهاباد دەمێنینەوەو تا دەکرێ پێش بە ئاژاوەو ڕژانی خوێن دەگرم. با ئەوەی بەسەر خەڵکەکەم دێ بەسەر منیش بێ....

ئەمن هەرگیز ئەو قسەیەی قازی محەممەدی نەمر لەبیر ناکەم. قازی محەممەد مایەوەو تەنانەت بۆ پێشگرتن بە ڕژانی خوێنو کوشتو کوشتاری بێهۆ، چووە دیداری سەرتیپ هومایوونیی فەرماندەی هێزەکانی ناردراو بۆ میاندواوو نەیهێشت ڕووداوەکانی تەورێزو ورمێو شارەکانی دیکەی ئازەربایجان لە مەهاباد دووپات بنەوە.

قازییەکان ـ قازی محەممەد، ئەبولقاسمی سەدری قازیی برایو محەممەد حوسێنی سەیفی قازیی ئامۆزای ـ یان بە دادگای زەمانی شەڕ ئەسپارد: دادگا سزای ئیعدامی بەسەر هەر سێکیان دا سەپاندو بڕیاری دادگا بە شەو، ڕاست ساڵێك ڕۆژێك کەم پاش ڕاگەیاندنی خودموختاری، هەر لەو مەیدانی "چوارچرا"یە بەڕێوە چوو کە قازی محەممەد لە ساڵی پێشتری دا، بوونی حکوومەتی خودموختاری کوردستانی تێدا ڕاگەیاند، جێبەجێ کرا".

دوو شێوە بەرەورووبوونەوەی قازی محەممەدو پیشەوەری ـ ڕێبەرانی دوو کۆمەڵی کوردو ئازەربایجانی ـ کارتێکردنی دژیەکی لەسەر گەلەکەیان هەبوو، دژکردەوەی پێچەوانەیان لێ وەدیهات: پاش تێپەڕینی زیاتر لە سیودووساڵان (واتە تا کاتی نووسرانی کتێبی باسکراو)، پیشەوەریشو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیش، هیچکامیان نەیانتوانی خۆشەویستییەك لە نێو دڵی خەڵك دا پێك بێنن، بەڵام گڵکۆی قازی محەممەد لە مەهاباد، بووە زیارەتگاو لە سەرەتای شۆڕشو ساڵیادی شەهید بوونیدا، سەد هەزار کەس لە دەوری کۆبوونەوەو ڕێزیان بۆ یادو بیرەوەرییەکەی داناو یادیان بە پیرۆزی ڕاگرت. پاش شۆرشیش، خەڵکی مەهاباد، گەورەترین مەیدانی ئەو شارەیان بە ناوی ئەو جوامێرە کردەوە.

بەڵێ، قازی محەممەد لێی پرسین: ئێستا لەو هەلومەرجەدا دەتانەوێ چ بکەن؟

گوتمان: ئێمە لێرە غەریبین، لە ئازەربایجانیش حکوومەتی فیرقە هەڵوەشاوەتەوەو گیانی ئێمەی ئەفسەری شۆڕش لە مەترسی دایە، چارەیەکمان نیە بێجگە لەوەی پەنا بەرینە یەکیەتیی سۆڤیەت، کە تەنیا پەنامانە.

قازی محەممەد لەو دۆخە ئەستەمو قەیراناوییەدا کە بەسەر مەهاباد دا هاتبوو، بە لەسەرەخۆییەکی وەها کە بۆ ئێمە هۆی سەرسووڕمان بوو، گوتی: جارێ ئەو ئافتاماتانەی پێتانە بەڵای گیانتانن، کوردان ئاشقی چەکن، هەر لەبەر ئەوانەش بێ، لە نێو ڕێگادا بێگومان گرفتو بۆ ساز دەکەن. هەر ئەو کۆڵتانەی پێتانو لە ژێر جلەکانتان لەخۆتان بەستوون، بەستانە. جلکە ئەفسەرییەکانیشتان بگۆڕن با نەناسرێینەوە. فەرمانی دا جلکی ناسپاییان بۆ هێنایین. لە هۆدەی تەنیشتێ جلەکانمان گۆڕین. هەرکەسەی دووسەد تمەنی بۆ ڕێگایە داینێو نووسراوەیەکیشی بە زمانی کوردی داینێ کە ئاوای تێدا نووسرا بوو: "برایانی کورد! ئەوانە ئەفسەرانی ئازەربایجانین کە بۆ یاریدەی ئێمە هاتبوون، هەر یارمەتییەکی لە دەستتان دێ لێیانی دریخی مەکەن." ماڵاواییمان لێکردو بەرەو ورمێ وەڕێ کەوتین..."

هەر ئەوەندە بۆ خۆی دنیایەك دەرسی تێدایە . نەبەزین، کۆڵ نەدان، لە مردن نەترسان، لە گەڵ خەڵکی خۆ ڕاست بوون، دەگەڵ خەڵکەکە ژیان و بۆ ژینی گەل مردن. ویستی تایبەتیی خۆو بنەماڵەی خۆ وەلانان بۆ ویستی بنەماڵەی گەورەتر کە گەلەو چاو لە خۆشیی دنیا پۆشین بۆ خۆشیی نەتەوە ...... وێڕای زۆر تایبەتمەندیی شۆڕشگێرانەی پێ نەزانراوی دیکە لە دەروونی پاکی پێشەوای نەمری کۆماری مەهاباد، ئەوی کردە قارەمانی نەك هەر پارچەیەك بەڵکوو هەموو پارچەکانی کوردستانو هەموو گەلی کورد . ئەو بە ڕفتارە لە سەرخۆیەکەی لە ڕۆژانی قەیرانی هەرەسهێنانی کۆمارە ساواکە، لە بیرنەکردنی خەڵك و هاوڕێیانیو بە جێ نەهێشتنیان لە تەنگانەدا خۆ نەدۆڕاندنو نەکەوتنە پەلەقاژە بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆ بە تەنێو وەلانانی قازانجی، خۆ لە بەرانبەر قازانجی گشتی دا. ئەوانەو زۆر شاراوەو نەدیاری دیکەی ژیانو مردنی پێشەوا، وای کرد کە تەنانەت بێگانەش لە حاستی دا سەریان سوور بمێنی . ئەو تەنانەت دوای کەوتنە بەندیخانەش پێشنیاری هەوڵدانی بارزانیی نەمری بۆ ڕزگارکردنیو چوونی لەگەڵیان بۆ دەرەوەی وڵات ڕەد کردەوە.

خۆ فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجانیش خودموختاریی بۆ گەلەکەی دەویست . ئەدی بۆ بەبایەکی سووك ئاوا ڕۆییو دنیایەك کوشتارو خوێن ڕژان و ماڵوێرانیی بۆ شوێنەکانی ژێردەستەڵاتی خۆی بە جێهێشتو دوایەش کە لە ناو گەلەکەی دەرچوو، خۆشەویستیی خۆشی لەگەڵ خۆدا بردو نەك هەر لە وڵات بەڵکوو لە دڵی گەلەکەش باری کردو نەگەڕاوە. ئەو وا هەڵات کە تەنانەت دەخۆشی ڕانەدێت کە هاوڕێیکانی ئاگادار کاتەوە تا ئەوانیش دەگەڵی بڕۆنو دەرباز بن. مەگەر ئەو ئەرتەشەی هاتە مەهابادیش هەر ئەو ئەرتەشە خوێنخۆرەو تێکشکاوکوژەی پەهلەوی نەبوو کە تەبرێزو شارەکانی دیکەی بەردەستی فیرقەی کردنە گۆمی خوێن؟ ئەدی بۆ لە مەهابادو شوێنەکانی بەر دەستی کۆماری کوردستان دا وای نەکرد؟

**ڕازێکی گەورەی ئەو کارە لێرە دایە کە :**

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەڵقوڵاوی ویستو ئاواتی لە مێژینەی خەڵکێك بوو، بۆیە هەر کە پاڵپشتی دەرەکیش بە جێی هێشت، لەگەڵ سەرچاوەکەی خۆی کە گەلی کورد بوو مایەوە. ئەو کە لە نێو خەڵکەکەی نەچووەدەر، لە دڵیشیان دا بە جێماو، خۆشەویستیی نەك هەر لە دەروونی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە دڵی هەموو کوردێکی هەستیاری گەلویست دا خۆی گرتو بۆ هەمیشە تێیدا جێگیر بوو. ئەوەیە جیاوازی نێوان ئەو دوو حکوومەتە. زۆر جار بیستوومە کە هێندێك کەس کە بە بیری تەسکی خۆیان، لەو هەموو گەورەییە تێناگەن، بە هێندێك دەربڕینی ناڕەوا لە نرخی ئەو لە خۆ بووردووییو جوامێرییە کەم دەکەنەوە، وەك ئەوەی گۆیا قازی بەڵێنی بەخشرانی پێدرا بوو بۆیە مایەوەو ... بەڵام هەر وەك دەبینین ئەو نەمرە دوو ڕێگای لەبەردا بوو: ڕۆیشتن بۆ شۆرەویو بە جێهێشتنی خەڵك بۆ ئەرتەشێکی درندەو لە ڕاستیدا فیداکردنی هەموو سەری خەڵك بۆ پاراستنی سەری خۆی یا مانەوەو پێشگرتن بە پێکهێنانی ئەو ڕووداوانەی لە ڕەشەکوژیو تاڵانو ڕەفتاری درندانەیەی لە شارەکانی دیکەی ئازەربایجان ڕوویان دابوو. قازی پیاوی ئەوە نەبوو هاسانترینو کەم مەترسیترین ڕێگا بۆ خۆی هەڵبژێرێ. ئەو ڕێگای ئاستەمترو مەترسیدارتری گرتەبەرو بە مردنی خۆی مانەوەی شۆڕشو گەلەکەی دەستەبەر کرد. ئەو بڕیارە بوێرانەو خۆبەختکارانەیە چەند پەیامی بۆ ڕۆڵەکانی کورد تێدا بوو:

١ـ میوانداریی تەواو شێوە کوردانە لە پەناهێنەری بێگانە، تەنانەت لە ڕۆژێك دا کە لە مانی خۆشی دڵنیا نەبوو.

٢ـ لە سەرەخۆییو خۆنەدۆڕاندن لە تەنگانەدا.

٣ـ خۆ دەبەر خەڵکی خۆ مراندن یا باشتر بڵێم بۆ ژینی گەل[مردن].

٤ـ بەڵێن بە جێگەیاندنو بە جێنەهێشتنی خەڵك لە تەنگانەدا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دوو ڕەفتاری بە جێ بەڵام پێچەوانەی یەکتر بکەین کە لە دوو ڕێبەری گەورەی کورد دەکەونە بەر چاو. مانەوەی پێشەوا لە مەهاباد، بوو بە هۆی ئەوەی کە دوژمنی دڵڕەق هەموو ڕقوقینی خۆی بە سەر وی‌و سەدرو سەیفی قازی دا برێژێو ئەوەیان لە مەهاباد دووپات نەکردەوە کە لە شارەکانی بەر دەستی فیرقەدا کردیان. بەڵام ڕۆیشتنی خوالێخۆشبوو بارزانیو هاوڕێیانیشی دەرسێکی دیکە بوو لە قارەمانەتیو بە چۆك داهاتنی چەك لە حاست ئیمان دا. ئەوان زۆر قارەمانانە خۆیان ڕاگرتو بە شەڕ لەگەڵ سێ دەوڵەتی دژی کورد، تەنیا بە ٥٠٠ کەسێكو چەند تفەنگێك، سنووری سێ دەوڵەتیان بەزاند، لەشکری دڕو تەیاری سێ دەوڵەتیان شکاندو سەرەنجام بە سنووری دەوڵەتی چوارەم دا خۆیان و ئاڵای کوردستانیان دەرباز کرد. ئەوان بەو قارەمانەتییە مانەوەی هێزی خەباتیان لە نێو گەلی کوردا بە دوژمن سەلماندو خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا و هاوڕێیانی بوونە ئاگرەوانی ئاگری زیندووی شۆڕشی کورد. لێرەدا، پڕ بە پێستیەتی کە بڵێین ئیمان چۆکی بە چەك دادا.

هەم ڕۆیشتنی بارزانیی نەمر بۆ شۆرەوی قارەمانەتییەکی بێوێنە بوو لە مێژووی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلانی سەربەستیخوازداو هەم مانەوەو سەردانانی پێشەوا بۆ پاراستنی سەری گەل نموونەیەکی بێوێنەی لە نێو پێشەوایانی گەلانی ئازادیخوازی دنیادا تۆمار کرد.

کورد گوتەنی قسە هەزارە، یەکی بە کارە. بێگومان هەڵسەنگاندنی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوە بە وتاریكو تەنانەت کتێبێکیش ناگونجێ، بەڵام زۆر جار چەند قسەیەکی کورت و پوخت، هەر وەك ئەوەی زەربەخت لە سەر پێشەوا گوتی، بە دەیان کتێبی قسە تێدایە.




**قازی پیاوی ئەوە نەبوو هاسانترین و کەم مەترسیترین ڕێگا بۆ خۆی هەڵبژێرێ. ئەو ڕێگای ئاستەمترو مەترسیدارتری گرتەبەرو بە مردنی خۆی مانەوەی شۆڕش و گەلەکەی دەستەبەر کرد**

# گرینگیی ژیۆپۆلێتیك و ژیۆستراتژیكی كوردستان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەكان دا

د.ئەسعەد رەشیدی (دوكتورای پێوەندیی نێونەتەوەیی)

١-٢

و. بۆ كوردی: عەوڵا بەهرامی

گرینگیی ژیۆپۆلێتیك و ژیۆستراتژیكی كوردستان لە پرسە نێونەتەوەییەكان، لە سەد ساڵی رابردوو و سەرەتای سەدەی بیستەم دا، روانین و مەیلی سیاسی - ئابووری هێزە گەورە جیهانییەكانی بەرەو لای خۆی راكێشاوە. لەبەریەكهەڵوەشانی دوو ئیمپراتۆریی گەورە لە ئورووپا (رووسیە تزاری) و لە ئاسیا (حكوومەتی عوسمانی) یارمەتیی بە ئاڵۆزیی پێوەندییە جیهانییەكان و دژبەرییە نەتەوەییەكانی نێوان سێ ئایدیۆلۆژیی بەهێزی رۆژهەڵاتی ناڤین (فارس، تورك، عەرەب) كرد.

سەقامگیر بوونی وڵاتانی عەرەبی كە بە نێوبژیوانیی دەوڵەتەكانی بریتانیا و فەرانسە خۆیان گرت، دواتر بوو بە پێگەیەكی دڵنیا و رێخۆشكەرێك بۆ دەستێوەردانی سیاسی و سەربازیی ئەم دەوڵەتانە لە ناوچەدا. رەوتی دوورودرێژ و پڕكوێرەوەریی "نەتەوەسازی" لە رۆژهەڵاتی ناڤین دا هەر لە سەرەتاوە، فرەیی نەتەوەیی و كولتووریی رەت كردەوە و ئامرازەكانی توندوتیژی، بۆ وێنە مەزنیخوازیی نژادی و زمانی وەك ئامێرێكی كاریگەر و بڕاپێكراو لە دارشتنی بناخەی" پرۆژەی دەوڵەت سازی" لە ناوچەدا لە قەڵەم دا.

پارچە پارچە بوونی حكوومەتی بابی عالی، بەشێكی بچووكی ئەرمەنستانی بە ئازادی گەیاند، كە لە پەنا وڵاتی سۆڤیەت توانی لە لەبەریەكهەڵوەشانی تەواو دەرباز بێ. نەتەوەكانی دانیشتووی ئاسیای نێوەڕاست (گورجستان، ئازەربایجان، توركمەنستان، كازاخستان) بە دامەزراندنی دەوڵەت گەلی بچووك و"سەربەخۆ" توانیان لە توانەوە لە كوورەی بەتینی فرەخوازیی سیاسی و سەربازیی توركە لاوەكان قوتار بن. تەنیا كوردستان بووتە جەستەیەكی بریندار و پارچە پارچە و وەك "دەستەواژەیەكی جوغرافیایی" و كۆمەڵگەیەكی ئیگزۆتیك " كە گۆیا لە بەشێك لە ئاناتۆلی هەڵ كەوتووە، درایە دەست چارەنووس.

**بزووتنەوە نەتەوەییەكانی كورد تا دەستپێكردنی نیوەی دووهەمی دەیەی هەشتای سەدەی بیستەم (بەهۆی سیاسی و مێژوویی دیاریكراو) و لە گەرمەی گۆڕانكارییە ناوچەیی و جیهانییەكان دا نەیتوانی بكەوێتە بەستێنێكی دڵنیا و جێگیرەوەو لە چوارچێوەی بزووتنەوەگەلی پرش و بڵاو، بێبەش لە ستراتژییەكی روون و وەك كارتی فشار لە هاوسەنگیی هێزی وڵاتانی ناوچەدا دەركەوت**

هەوڵەكانی كۆمەڵگای سیاسی و رووناكبیریی كوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا بە مەبەستی دامەزراندنی كوردستانێكی سەربەخۆ لەگەڵ ناكامی بەرەوروو بوو. ئەگەرچی بزووتنەوە نەتەوەییەكانی كورد لە بەشە جیاكراوەكانی كوردستان ناسیۆنالیزمی كوردی بەهێز كرد، بەڵام بە هۆی پێكهاتەی سیاسی و كۆمەڵایەتیی لە دواكەوتوویی‌دا راگیراوی كوردستان، كە لەسەر بنچینەی نەریتی و دابونەریتە سواوە ئابووری و كولتوورییەكان دامەزرابوو و، هەروەها دەستێوەردانی سەركوتكەرانەی وڵاتانی زاڵ بەسەر خاكی كوردستان دا، دەرفەتی گەشە و هەڵدانی كۆمەڵگەی كوردیی لە ژوورەوە را لەگەڵ ئاستەنگ رووبەروو كردبوو و تووشی گرفتی كردبوو، كە ئەمەش رێگای گەشە و هەڵدانی هەستی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزم دا بەربەست دەكرد. بزووتنەوە نەتەوەییەكانی كورد تا دەستپێكردنی نیوەی دووهەمی دەیەی هەشتای سەدەی بیستەم (بەهۆی سیاسی و مێژوویی دیاریكراو) و لە گەرمەی گۆڕانكارییە ناوچەیی و جیهانییەكان دا نەیتوانی بكەوێتە بەستێنێكی دڵنیا و جێگیرەوەو لە چوارچێوەی بزووتنەوەگەلی پرش‌وبڵاو، بێبەش لە ستراتژییەكی روون و وەك كارتی فشار لە هاوسەنگیی هێزی وڵاتانی ناوچەدا دەركەوت. هەرچەند هۆكارە سروشتی و ستراتیژیكییەكان و قووڵایی ستراتیژیك و هەروەها هۆكاری حەشیمەتی، كوردستانی دەخستە هەڵكەوتەیەتی هەستیار و سەرنجراكێشەوە، بەڵام پەرەگرتنی گۆڕانكارییە قووڵە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكانی دوای شەڕی سارد و هەوڵ و خەباتی هەمیشەیی كاراكتێرە سەرەكییەكانی جیهانی دوو جەمسەری بۆ جێگیركردنی هاوسەنگیی هێز و پێداگرتن لە سەر جێگیری و لە گۆڕاننەهاتوویی سنوورە جوغرافیاییەكانی رۆژهەڵاتی ناڤین، هیچ كات كوردستانی نەكردە هۆكارێكی سەربەخۆ و شوێندانەر لە ناوچە و پێوەندییە نێونەتەوەییەكان دا. لە لاگیریی بنەڕەتی و بنەمایی كامڵ بوون و هەڵبژاردنی ئەم سیاسەتانە لە لایەن هێزە گەورە جیهانییەكانەوە، تەناهی و سەقامگیری ناوچە لەبەر چاو دەگیرا و گۆڕانكاریی قووڵی سیاسی و ستراتژیكی پێشوەخت بە پێویست لە قەڵەم نەدەدرا.

ناسەقامگیرییە بەردەوامەكانی كۆتایی دەیەی شەست لە ئاسیا و ئافریقا و ئەمریكای لاتین بوونە هۆی لەبەریەكهەڵوەشانی كۆلۆنیالیسم، بەڵام پشكی كوردستان لە چوارچێوەی ئەم رووداوە سەرنجراكێشەدا لەبەر چاو نەگیرا و تەنیا لە نێوەڕاستی دەیەی هەشتای زایینی‌دا و لە سەرەتای دەست پێ كردنی هەژان لە پێكهاتە و بنەما سیاسی و ئابوورییەكان پێوەندییە نێونەتەوەییەكان دایە كە گرینگی ژیۆپۆلێتیك و ژیۆستراتژیكی كوردستان لە هاوكێشە سیاسییەكانی ناوچە و جیهان دا دەردەكەوێ.

***فاكتۆرە ژیوپۆلێتیكییەكانی كوردستان***


كوردستان سەرزەوییەكە بە رووبەری ٤٥٠ (١) هەزار كیلۆمیتر دوجا و، لە رۆژئاوای ئاسیا هەڵكەوتووە. لە باكوورەوە لەگەڵ قەفقاز و سنوورەكانی سۆڤیەتی پێشوو، لە لای چەپەوە لەگەڵ رۆژهەڵاتی توركیە و باكووری سووریە و لە لای راستەوە لەگەڵ رۆژئاوای ئێران و باكووری رۆژهەڵاتی عێراق دراوسێیە.

گرینگیی تۆپۆگرافیكی كوردستان بە چیا بەرزەكانی ئارارات و زاگرۆس و زنجیرە چیا گەورە و بچووكەكانی دیكە و هۆكارە جوغرافیاییەكانی دیكە دیاری دەكرێ، كە لە ماوەی ساڵانی دوورودرێژدا وەك كۆسپێكی گەورە لە بەردەم توانەوە (assimilation) و لە نێوبرانی نەتەوەی كورد لە لایەن" داگیركەران"ەوە خۆی دەرخستوە. هەروەها ئەو روخساربەندییە سیاسی ـ كۆمەڵایەتییە كە لە سیمای گرووپ و دەستە خێڵەكی و فیودالییەكانی كورددا خۆی نواندوە، كۆسپێكی دیكەیە كە پێكهاتە و شوناسی كوردی لە مەترسیی لە بەریەك هەڵوەشانی بێ ئەملاوئەولا دوور خستۆتەوە.

قووڵایی ژیۆپۆلێتیكی كوردستان، بەربڵاویی خاك و حەشیمەتێكی زیاتر لە ٣٥ میلیۆن كەس و هەروەها ئەو هەڵكەوتوویییە هەستیار و رووبەرە ژیۆستراتژیكییەی هەیەتی، هەڵكەوتن لە سنوورەكانی چوار یەكەی سیاسی (ئێران، توركیە، عێراق و سووریە) كە خاوەنی گرنگیی دیاریكراوی سیاسی و ئابوورین لە پێوەندییە نێونەتەوەییەكان دا سەنگی ژیۆپۆلێتیكی و ژیۆستراتژیكی كوردستان دەردەخەن.

هۆكاری گەشەكردوویی لە چوارچێوەی ئەم چەمكەدا: بوونی سەرچاوە سروشتی و كانزاییەكان، نەوت، ئاسن، مس، كرۆم، سەرزەوییەكی دەوڵەمەندییان لە كوردستان دروست كردوە، كە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وڵاتانی سەنعەتیی جیهانی بۆ لای خۆی راكێشاوە. كانگای كرۆم كە لە نێوان رێگەی دیاربەكر(لانگ) هەڵ كەوتوە، یەكێك لە گەورەترین كانگاكانی كرۆمی جیهانە كە بە بەرهەمێكی نزیكەی ٨٣٢٠٠٠ تۆن، كە ساڵی ١٩٦٧ دوای سۆڤیەتی پێشوو توركیەی كردە دووهەمین بەرهەمهێنەری ئەم مادە كانزاییە. بە پێی راپۆرتی رێكخراوی هاوكارییەكانی پەرەپێدانی ئابووری (OECD) لە ساڵی ١٩٦٧دا بەرهەمهێنانی ئاسن لە دیورگیی كوردستانی باكوور، زیاتر لە ١/٥ میلیون تۆن بووە. دەرهێنانی نەوت لە گۆڕەپانە نەوتییەكانی دیاربەكر و سیرت گەیشتۆتە ٤ میلیون تۆن".(٢)

هەڵكەوتنی كوردستان لە بەشی سەرووی رووبارە گەورەكانی دیجلە و فورات بە تایبەت گەورەبوونەوەی "قەیرانی ئاو" كە ساڵانێكە یەكێك لە هۆكارەكانی ئاڵۆز بوونی پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیكییەكانی سووریە و توركیەی پێك هێناوە، فاكتۆرێكی بە هێزی دیكەیە كە دەتوانێ لە داهاتوودا




دەورو گرینگیی ژیۆپۆلێتیكی كوردستان لە كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناڤین دا زیاتر بكا. هەروەها دەبێ ئاماژە بە گرێبەستی نەوتیی باكۆ ـ جەیحان بكرێ كە بەشێكی بەرچاوی هێڵە نەوتییەكان لە خاكی باكووری كوردستان (توركیە)وە تێپەر دەبێ. بە هەڵكەوت نیە كە بێجگە لە بەهێز بوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی كوردستانی باكوور، بەشێك لەو فشارە سیاسی و دیپلۆماتیكییانەی كە یەكیەتیی ئورووپا دەیخاتە سەر ئانكارا، لەو ناسەقامگیرییە بەردەوامەوە سەرچاوە دەگرێ كە ساڵانێكە بە هۆی كێشەی كوردەوە تووشی توركیە بووە و [ئەوەش] لەگەڵ تەناهیی بەرژەوەندییەكانی كۆمپانیا نەوتییە گەورەكان یەك ناگرێتەوە، كە حەز ناكەن رەوتی گوازرانەوەی وزە لە توركیەوە بۆ ئورووپا تووشی ئاڵۆزی و قەیران بێ.

بوونی سەرچاوە نەوتییەكان لە كوردستانی رۆژهەڵات (ئێران) هەڵكەوتوو لە نەوت شای كرماشان و بەرینایی سەرچاوە سروشتیەكان، لەوانە زەوییە لەبارەكان بۆ كشتوكاڵ و ئاژەڵداری فاكتۆرگەلی گرینگی دیكەی پێكهاتەی ئابووریی كوردستانیان پێك هێناوە.

دۆزرانەوەی نەوت لە شارەكانی كەركوك و موسڵ هەڵكەوتوو لە كوردستانی باشوور(عێراق) و تایبەتمەندییەكانی ئەو، لەوانە هەرزان بوون و هەروەها ئاڵۆزی و قەیرانە بەربڵاوەكانی پێوەندییە نێونەتەوەییەكان لە كۆتایی شەڕی جیهانی یەكەم دا، لەندەن و ئانكارای لەسەر خاوەندارێتیی نەوتی كوردستان لە بەرامبەری یەك دا راگرت.

***بزووتنەوە نەتەوەییەكانی كورد***

بە بەسترانی پەیماننامەی لۆزان لە ٢٤ ژووئیەی ١٩٢٣دا و رێككەوتنەكانی دواتری نێوان توركیە و بریتانیا سەبارەت بە " دانی ١٠ لە سەد لە داهاتی نەوتی كەركوك بە دەوڵەتی توركیە"(٣) مستەفا كەماڵ لە داوا كردنی خاكی كوردستانی عێراق و هەروەها شاری كەركووك چاوپۆشیی كرد. یەكێك لەو هۆكارە گرینگ و بەرچاوانەی كە وای لە بریتانیا و فەڕانسە كرد كە وەدوای سەربەخۆیی یان ئوتۆنۆمیی كوردستان نەكەون[بریتی بوو لە ]پێكهاتن لەگەڵ توركیە لەسەر نەوتی كەركوك، كە رێگای بۆ پەیماننامەی لۆزان خۆش كرد. لەم پەیماننامەیەدا كوردستان لەبیر كراو باسێك لە ماددەكانی ٦٣ و ٦٤ی پەیمانی سێور كە لە ١٠ی ئووتی ١٩٢٠دا بەسترابوو نەكرابوو. لە ماددەی ٦٢دا بە روونی باس لە ئوتۆنۆمیی كوردستان كرابوو.

" ماددەی ٦٢ ـ كۆمیسیونێك كە لە قوستەنتینیە كۆدەبێتەوە و بە ریز لە سێ نوێنەری دەوڵەتەكانی بریتانیا و فەرانسە و ئیتالیا پێك دەهات، لە ماوەی شەش مانگ دا لە [ رێكەوتی] جێبەجێ كرانی پەیمانەكەوە گەڵاڵەیەك بۆ ئوتۆنۆمیی ناوچە كوردنشینەكانی هەڵكەوتوو لە رۆژهەڵاتی فورات، باشووری سنووری باشووری ئەرمەنستان، كە دواتر دیاری دەكرێ و، هەروەها ئەو ناوچانەی لە باكووری سنووری توركیە لەگەڵ سووریە و میزۆپۆتامیا هەڵكەوتوون، بە چەشنێك كە لە مادەی ٢، ٢٧، ٣دا دیاری كراوە، ئامادە و دادەرێژێ." (٤)

هەوڵی كۆمەڵگای رووناكبیریی كورد لە كۆتایی شەڕی جیهانیی یەكەم دا لە پێناوی باش كردنی هەلومەرجی سیاسی - كۆمەڵایەتی و كولتووریی كوردستان لەگەڵ ناكامی و دڵساردی بەرەوروو بوو. بزووتنەوە نەتەوەییە چەكدارەكان لە بەشەكانی باكووری كوردستان، بزووتنەوەی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)، شێخ مەحموود بەرزەنجی لە كوردستانی باشوور (١٩١٩ـــ١٩٢٢)، سمكۆ لە كوردستانی رۆژهەڵات (١٩٢٠)، نەیانتوانی كێشەی كورد بكەنە كێشەیەكی نێونەتەوەیی بە چەشنێك كە هێنانە بەر باس و چارەسەركردنی ئەو ـ بەبێ لەبەر چاوگرتنی تواناییە دەروونییەكانی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی كوردەكان ـــ لە چوارچێوەی هاوكێشە و پێوەندییەكانی كۆمەڵگەی جیهانی‌دا زیاتر شیاوی تێگەیشتن بێ.

یەكەمین كۆماری كوردستان، كە ناوی كۆماری كوردستانی سوور بوو، لە ماوەی نێوان ١٩٢٣ـ١٩٢٦ لە نێو كۆماری سوسیالیستی ئازەربایجان دا دامەزرا. (٥) بەڵام بە هۆی فشارە سیاسییەكانی دەوڵەتی توركیە كە توانیبووی راپەڕینی شێخ سەعید پیران سەركوت بكا و هەروەها فشاری ناسیونالیستەكانی ئازەربایجانی سۆڤیەت تووشی شكست بوو. (*)

لە ساڵی ١٩٤٦دا لە شاری مەهاباد كۆماری كوردستان بە پشتیوانیی سۆڤیەتی پێشوو دامەزراو دوای یازدە مانگ بە هۆی دەوڵەتی قەوام و هاوكاریی سیاسی و دیپلۆماتیكی دەوڵەتەكانی بریتانیا و ئەمریكا رووخا. هۆكارەكانی دەركەوتن و ئاوابوونی كۆماری كوردستان دەتوانین بەم چەشنە كورت بكەینەوە: فاكتۆری نێوخۆیی (لاوازیی بزووتنەوەی دیمۆكراتیك لە ئێران بەگشتی و بەتایبەت لاوازبوونی كۆڵەكە كۆمەڵایەتییەكانی پێكهاتەی سیاسی دەوڵەت، بەرتەسكبوونی ناوچەی نفووزی كۆمار لە بەشو ناوچە كوردنشینەكانی كوردستانی رۆژهەڵات، هەروەها پێكهاتەی لەرزۆك و لە دواكەوتوویی‌دا راگیراوی كولتووریی كوردستان) و فاكتۆری دەرەكی كە دەوری زۆر بەرچاوی لە رەوتی رووداوەكانی وڵات دا هەبوو و هۆكارێكی شوێندانەر بوو لە دامەزران و دواتر لەنێوچوونی كۆمارەكانی كوردستان و ئازەربایجان دا.

گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لە جیهان دا بە قازانجی دوژمنانی كۆماری كوردستان، پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە دەوڵەتی لاوی كوردستان كە لە سیاسەتی دەرەكیی دەوڵەتی سۆڤیەت دا رەنگی دابۆوە لەرزۆك دەكرد.

ئەم پەرۆشی و گۆڕانە لە نامەكەی ستالین لە بەرەبەری ئامادەبوونی سوپای شاهەنشاهیی ئێران بۆ سەر كوردستان و ئازەربایجان بۆ میر جەعفەر پیشەوەریی سەركۆماری ئازەربایجانی باشووری نووسیبوو بەروونی دەبینرێ. ستالین لە نامەی ٨ی مەی ١٩٤٦دا بۆ پیشەوەری نووسی:" ئەمریكاییەكان و ئینگلیسییەكان بە ئێمەیان گوت، ئەگەر سوپای سۆڤیەت دەتوانێ لە ئێران بمێنێتەوە بۆ دەبێ سوپای ئینگلیس نەتوانێ لە میسر و سوریە و ئەندۆنزی و یۆنان و سوپای ئەمریكا لە چین و ئیسلەند و دانمارك بمێنێتەوە. بۆیە ئێمە بڕیارمان دا كە سوپاییەكانمان لە ئێران و چین بانگ بكەینەوە و بەم چەشنە بیانوو لە ئەمریكا و ئینگلیس بڕین و بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە كولۆنییەكان پەرە پێ بدەین و بەم شێوەیە رەوایی بە سیاسەتی ئازادیخوازانەی خۆمان ببخشین و كاریگەری بكەین".(٦)

بەم چەشنە كۆماری كوردستان كە درێژە و رەنگدانەوەی خواست و ئاواتە لەمێژینە و سەركوتكراوەكانی نەتەوەی كورد بوو، بووتە قوربانیی ناتەبایی و ململانێیەكانی كۆمەڵگەی جیهانی كە لە چەمكی شەڕی ساردا خۆی دەرخست.

پەیمانی ئەلجەزایر لە ساڵی ١٩٧٥دا جارێكی دیكە بزووتنەوەی كوردی ئەمجارەیان لە باشووری كوردستان دەكرێ بڵێین بە هەمان هۆیەكانی كۆماری كوردستان لە نێو بردبوو، هاتە ئاراوە و بۆ جارێكی دیكە نیشانی دا كە بەرژەوەندییەكانی بزووتنەوەی كوردستان لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتژیكییەكانی هێزە گەورە جیهانییەكان و پێكهاتە سیاسییەكانی ئەو كاتی جیهانی هاوچەرخ، كە بە ناتەبایی و ململانێیە هەمیشەییەكان دەناسرایەوە ناگونجێ.

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بابەتانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# نوختە گۆڕانێك لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دا

حوسێن ئەحمەدپوور

## بەشی یەکەم

و:بۆ کوردی ڕەسووڵ سوڵتانی

مەبەستی ئەم بابەتە لێکدانەوەو تاوتوێ کردنی لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە (وەك گەورەترین حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)و تێیدا هەوڵ دەدرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە کە، گەلۆ، ئەم لەتبوونەش وەکوو جیابوونەوەکانی پێشوو دەبێتە ئەزموونێکی ناسەرکەوتوو؟ یا ئەوەیکە بە پێچەوانەی ڕابردوو ئەم لەتبوونە ئاکامی " جەبرێکی" مێژووییە بۆ دەرباز بوون لە قەیرانە سیاسیی و تەشکیلاتیەکانی ئەو حیزبە؟ هەروەها ئەوە کە بڵێی ئەم لەتبوونە بتوانێ ببێتە سەرچاوەی گۆڕانی بنەمایی و نۆژەنکردنەوەی پێکهاتەی حیزبو گیانێکی نوێ بە بەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دا بکاتەوە؟و..

بزووتنەوەی مەدەنیو خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا وێڕای ئەوە کە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی مێژووی پێکهاتنی خۆیەوەو فۆرمو شێوازێکی گشتگیرتری بە خۆوە گرتووە، بەڵام نەبوونی ڕێبەرییەکی کارامەی — وەك گەورەترین گرفت — پێوە دیارە. ئەگەرچی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەستەو گرووپ گەلێك بۆ ڕێکخستنو مۆبیلیزە کردنی ئەم بزووتنەوەیەو لە ڕاستیدا " بۆ شەپۆل سواری" سەریان هەڵدا، بەڵام ئەم گرووپانە لە بەر ئاستەنگی یاسایی، نەبوونی پێگەیەکی نەتەوەیی لە نێو خەڵكداو ڕابردووی خراپی سیاسی و بەڕێوەبەرێتیی هێندێ لە کەسایەتیەکانی، بە گشتی هەڵگری مەرجو توانای پێویست بۆ ڕێبەریی کردنی بزووتنەوە نەبوونو لە ئاست ڕووداوەکانی کوردستان زیاتر ڕۆڵی چاولێکەرێکی بێ لایەنو بێ دەنگیان هەبووە.

لەم حاڵەتەدا خەڵکی کوردستانیش بەو تێبینییەوە کە لە لایەکەوە لە کۆماری ئیسلامیدا هیچ کات ئیزنی چالاکیی سیاسیو هینانە گۆڕێی داخوازییەکانی خەڵك لە ڕێگەی نوێنەری ڕاستەقینەیانەوە پێ ناردرێ و لە لایەکیشەوە بە هۆی ڕابردووی سیاسیی شۆڕشگێرانەی گرووپو حیزب و ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەرەوەی وڵات، هەروا دەستەوئەژنۆ چاوەڕوانی ڕێبەرییەکی کارامەو چالاك لەو دیو سنوورەکانەوەن.

حیزبە کوردییەکان کە بەگشتی پێکهاتەیەکی ئیدئۆلۆژیکی چەپییان هەیەو هەروەك زۆربەی حیزبە هاوشێوەکانیان (دیارە هێندێ دواتر) تووشی قەیرانی قووڵی ئیدئۆلۆژیکی، سیاسی، تەشکیلاتیو بەڕێوەبەرێتین. ئەم حیزبانە دوای هەرەسی بلۆکی ڕۆژهەڵاتو لەرزۆکبوونی پێگەی حیزبە چەپییەکانو هەروەها شاڵاوی بیروباوەڕی لیبرالیستی لە کۆمەڵگادا، سەرەڕای ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی هەیانبوو، هەتا ئێستاش نەیانتوانیوە خۆیان دەگەڵ هەلومەرجی سەردەم ڕێکخەنو لە ماوەی پازدە ساڵی ڕابردوودا لە توانایان دا نەبووە مۆدێلێکی نوێ بۆ ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بێننە گۆڕێو دەوری ئەو حیزبانەو چالاکیەکانیان نەگەیوەتە ئاستی چاوەڕوانیەکانی خەڵك.

بە پێچەوانەی بیروڕای سیاسەتڤانانی دەرەوەی پێکهاتەی حیزبەکان، پێویستە بگوترێ کە سەرەڕای ئەو ڕەوشو دۆخەی ئاماژەمان پێکرد: ئەو حیزبە کوردستانیانەی خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتیو ڕابردووی [پرشنگدارن]واتە "دیموکراتو کۆمەڵە" هێشتا ئەوەندە لاواز نەبوون کە بە هۆی بۆشایی نەبوونی ئەوان بواری لەبار بۆ سەرهەڵدانو پێکهاتنی حیزبی تازە نەفەسو خاوەن ئیدئۆلۆژیو پێکهاتەی نوێ، بڕەخسێ.

بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە هەنووکە خەڵکی کورد پێیان وایە ئەم حیزبانە پرۆگرامی پێویستیان نیە بۆ ڕێبەریو ڕێنوێنی کردنی ئەم بزووتنەوەیەو ئەوانیش لە چاوەڕوانییەکی "گۆدۆیی"دان بۆ دەربازبوون لەم بنبەستانە. تەنیا وەڵامو دژکردەوەی نێو حیزبەکانیش بەم قەیرانە ڕوو لە هەڵچوونانە، کەرتبوونی یەك لەدوای یەکو هێندێك جاریش گۆڕینی تاکتیكو هەڵوێست بووە لە پێوەندییە سیاسیەکانیان دا لەگەڵ حیزبو دامەزراوە نێو دەوڵەتیەکان.

ڕادەو ئاستی قەیرانەکان لە نێو حیزبە کوردستانییەکان دا بە پێی داخراوی، ئیدئۆلۆژیك بوونو لاوازیی ڕێبەرەکانیان، جیاوازییان هەبووە. بۆ وێنە، وێنەی قەیرانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانو لقی کوردستانیەکەی (کۆمەڵە)و تەنانەت ڕێکخراوی تازە دامەزراوی "پژاك" لە بەراورد دەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان، تەواو لێك جیاوازن. جوێبوونەوەکانی ئەم دواییانەی نێو ئەم دوو حیزبە سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن. حیزبی دیموکرات لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا نەك هەر تووشی جوێبوونەوە نەهات بەڵکوو ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی، ئەزموونی وەسەریەك کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکراتی تێکەڵبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەم قۆناغەی مێژووی خۆیدا تۆمار کرد.

**ئەگەرچی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەستەو گرووپ گەلێك بۆ ڕێکخستنو مۆبیلیزە کردنی ئەم بزووتنەوەیەو لە ڕاستیدا " بۆ شەپۆل سواری" سەریان هەڵدا، بەڵام ئەم گرووپانە لە بەر ئاستەنگی یاسایی، نەبوونی پێگەیەکی نەتەوەیی لە نێو خەڵکداو ڕابردووی خراپی سیاسی و بەڕێوەبەرێتیی هێندێ لە کەسایەتیەکانی، بە گشتی هەڵگری مەرجو توانای پێویست بۆ ڕێبەریی کردنی بزووتنەوە نەبوونو لە ئاست ڕووداوەکانی کوردستان زیاتر ڕۆڵی چاولێکەرێکی بێ لایەنو بێدەنگیان هەبووە**

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لە ڕاستیدا دەبێ پێی بگوترێ حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان (لەبەر ئەوە کە زۆربەی هێزو بەشی زۆری چالاکیەکانی پەیوەندییان بە کۆمەڵە، لقی کوردستانییەکەی ئەو حیزبەوە هەیە)، لەو ماوەیەدا دووجار جوێبوونەوەی تێدا ڕوویداوە. جوێ بوونەوەی یەکەم کۆمۆنیستی کرێکاری، ئەزموونێکی ناسەرکەوتوو بووو نەیتوانی ڕێچکەیەك بۆ نێو خەباتی جەماوەریو تەنانەت بزووتنەوەی کرێکاریش بکاتەوەو هەر لە سەرەتاوە کەوتە پەراوێزەوە. بازنەی چالاکیەکانی ئەم حیزبە لە کاتی ڕووداوەکان دا لە دەرکردنی ئەو ڕاگەیەندراوانە دا قەتیس مایەوە کە هیچ کات نەگەیشتنە دەستی خەڵكو تەنانەت لایەنگرەکانیشی.

دووهەمیان، جوێبوونەوەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو کە دەکرێ وەکوو جوێ بوونەوەیەکی تا ڕادەیەك سەرکەوتوو بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی کوردستان دابنرێ. ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بە وەرگرتنی هێندێ چەمکی لیبرال دیموکراسیو پێك هێنانی ئاڵوگۆڕی بنەمایی لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی خۆیدا توانی مزگێنیی بەردەوامبوونی خۆی لە پرۆسەی سیاسیو ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا، بدات بە لایەنگرانی کلاسیکی کۆمەڵە لە کوردستان دا. بەڵام سەرەڕای ئەو ئاڵوگۆڕە گرینگانەی ئەم ڕێکخراوە لە ٦ساڵی ڕابردوودا لە خۆیدا کردوونی، هێشتا بۆ تێپەڕین لە قەیرانەکان پێویستی بە گۆڕانکاریی بنەمایی دیکەش هەیە. هێندێ لەو هەواڵانەی لە نێوخۆی ئەم ڕێکخراوەوە لە مانگەکانی ڕابردوودا بە تایبەت لە دوایین کۆنگرەکەیان دا درزی کردۆتە دەرەوە، سەلمێنەری ئەم بۆچوونەن.

### حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

هەروەکی ئاماژەی پێکرا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەیەو نیوی ڕابردوودا نەك هەر جوێبوونەوەی بە خۆیەوە نەبینی، بەڵکوو شایەدی تێکەڵ بوونەوەی دووباڵی ئەم حیزبە، یا مامۆستا حەسەن زادە سکرتێری پێشووی ئەم حیزبەو میعماری ئەم کردەوەیە وتەنی، "یەککگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات" بووین. خۆ ئەگەرچی دژبەرانی حەسەن زادە لە



نێو ڕێبەری دا هەر لەو کاتەوە تا ئێستاش ئەم کارەی ئەو بە کردەوەیەك لە پێناو پتەو کردنی پێگەی خۆی (حەسەن زادە) لە پلەی سکرتێری دا دەزانن، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ وەکوو تێگەیشتوویی و وردبینیی سیاسیی ئەو چاوی لێ بکرێ. نووسەری ئەم دێڕانە پێی وایە، بە سەرنج دان بەو ڕاستییەی کە پاش تیرۆری ڕێبەرانی هەڵکەوتووی حیزب دوکتور قاسملووو د. شەرەفکەندی، ئەم حیزبە بۆشایی ڕێبەرییەکی بە ئەزموونو کارامەی پێوە دیار بوو دەکرێ ئەم هەنگاوەی حەسەن زادە، وەکوو هەنگاوێك لە پێناو قەرەبوو کردنەوەی ئەم لاوازیو بۆشاییەی حیزبی دیموکرات دا لێك بدرێتەوە. سەرەڕای یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دیموکراتو سکرتێریی کەم خەتای حەسەن زادە، ئەو حیزبە هەتا ئێستاش نەیتوانیوە ئاڵوگۆڕی بنەمایی لە خۆیدا پێك بێنیو خۆی دەگەڵ هەلومەرجی خەباتی سەردەم بگونجێنێ.

بەواتایەکی دیکە: حیزبی دیموکرات هەتا ئێستا نەیتوانیوە پێ بە پێی ئاڵوگۆڕو گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکانی کوردستانو هەلومەرجی نەزمی نوێی جیهانی بە گوێرەی پێویست لە بنەماو پێکهاتەی خۆی دا ریفۆرمو چاکسازی بکا.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە هاوینی ٨٣ لە یەکەمین ئاخافتنی پاش دەورانی سکرتێریی خۆی دا وتی، لە سەردەمی سکرتێریی من دا هەڵەیەکی سیاسیی ئەوتۆ تەنانەت لە ئاستی ڕادەربڕینێکی کورتیش دا نەکراوە کە ئەندامانی حیزب لە ئێستاو داهاتوو دا شەرمی لێ بکەن. لەوانەیە ئەوە گەورەترین سەرکەوتنی من بێ لە ماوەی سکرتێریم داو ئەم سەرکەوتنەش بەرهەمی کەڵك وەرگرتنە لە عەقڵی گشتیی ئەندامانی ڕێبەری لەم ماوەیەدا. کۆمەڵگای ڕووناکبیریی کوردستان ڕاستیو دروستیی ئەم وتەیەی سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتیان بۆ ڕوون بۆتەوە. بەڵام چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای ڕۆشنبیریی بەرزترە لە کەم هەڵەیی سیاسیو وردە ئاڵوگۆڕ لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب دا. لەولاشەوە، بە پێی وتەو بیروڕاکانی هێندێك لە بژاردەی نێو حیزبی دیموکرات کە داکۆکی لە کردەوەی ١٠ساڵەی سکرتێریی حەسەن زادە دەکەن، وێڕای قەبووڵ کردنی ئەم ڕەخنەیەی کۆمەڵگای ڕووناکبیری، هۆکاری سەرەکیی ئەوە کە بۆچی گۆڕانکاری بنەمایی نەکراوە، دەگێڕنەوە بۆ هەلومەرجی نالەبارو هاوکێشە ناوچەییەکان نەك ئەوە کە ئەوان هەستیان بە پێویستیی وەها گۆڕانێك نەکردبێ. بە شێوەیەك کە بەشی هەرە زۆری هەوڵو هێزەکانی ئەوان بە شێوەیەکی نەخوازراو، بۆ بەرگریو خۆپاراستن دەکار کراون. حیزبی دیموکرات لەم سەردەمەدا بەهۆی نیشتەجێ بوون لە کەمپەکانی لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان دا، بە شێوەی کردەیی ڕێگای هاتنەوە بۆ نێو خەڵکی کوردستانی لێ گیرابووو بە پێچەوانەی ڕابردوو کە هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات دا بەربەرەکانێی ڕێژیمی دەکرد لەم قۆناغەدا ئەوە نێردراوانی وەزارەتی دیفاعو گوردانەکانی سوپای پاسداران بوون کە بە کەڵك وەرگرتن لە بۆشاییو نەبوونی هێز لە باشووری کوردستان هێرشیان دەکردە سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبی دیموکراتو بەسەریان دا دەدان. حیزبی دیموکرات لە ئاکامی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی ڕێژیم دا زیاتر لە ٢٠٠ ئەندامو کادری بەوەجی خۆی لەدەست دان.

هەروەها ئەم کەسانە ڕایان وایە کە ئێستا، بە هەرەس هێنانی ڕێژیمی سەدامو بوونی هێزەکانی هاوپەیمان لە عێراق، دابین بوونی تەناهی لە کوردستانو کورت بوونەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی لە هێرشی نیزامی بۆ سەر ئۆپوزیسیۆنی کوردیو پێگەیشتنی توێژێکی لاوی خوێندەوارو چاو کراوەو ریفۆرمخواز، بەگوێرەی پێویست دەراو خۆش بووە بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری.

بە گشتی دەکرێ قۆناغی ١٠ ساڵەی سکرتێریی حەسەن زادە بە قۆناغی یەکیەتیو پاراستنی یەکریزیی ریزەکانی حیزب، پاراستنی پێگەو پرستیژی حیزب، لە هێندێ بواریش دا هەڵکشان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان، پاراستنی ڕۆحی شۆڕشگێڕیی ئەندامان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیو پێکهێنانی وردە ئاڵوگۆڕی باشو دیموکراتیك لە پێڕەوی نێوخۆدا لەقەڵەم بدرێ. تا ئەو جێگەیەی کە زۆر لە پسپۆڕانو خاوەنڕایانی هەلومەرجی کوردستان حەسەن زادە بە جێگرێکی لێوەشاوەی دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی دەزانن.

**تەنیا پرۆژەی زۆرینە لە کۆنگرەدا پرۆژەیەکی نێوخۆیی بوو ئەویش بریتی بوو سڕینەوەی هەمیشەیی دژبەران. ئەم زۆرینەیە لە کاتی هەڵبژاردندا نەك دەنگیان بە لایەنگرانو گەڵاڵەداڕێژەرانی ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییەکان نەدا بەڵکوو خستیاننە پەراوێزەوە**

### کۆنگرەی ١٣و دەرکەوتنی قەیرانە نێوخۆییەکانی حیزبی دیموکرات

کۆنگرەی ١٣ی حیزبی دیموکرات کە لە پوشپەڕی ١٣٨٣دا گیرا دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ گۆڕان ئەگەرچی هێندێ گۆڕانی پێشبینی کراوی وەك گۆڕینی دروشمی ستراتێژیك لە خودموختارییەوە بۆ فیدرالیزم پێك هێنا، بەڵام لە ڕوانگەیەکەوە کۆنگرەی ١٣ سەیرو سەمەرەترین کۆنگرەی مێژووی حیزب بووە. ئەوانەی خوازیارو گەڵاڵەداڕێژی گۆڕان بوون کەوتبوونە کەمایەتیو دژبەرانی گۆڕانکارییش زۆرایەتی بوون. ئەم زۆرینەیەی ڕێی کەوتبوە کۆنگرە پێشتر بۆ گەیشتن بە کۆنگرە دەستی دایە پرۆپاگەندەی پۆپۆلیستیو بە وەرگرتنی دەنگی بەدەنەی حیزب خۆیان وەك وەفادار بە ئامانجی شەهیدانی ڕێبەر لە قەڵەم دەداو هەر جۆرە گۆڕانێکیان تەنانەت گۆڕینی دروشمی ستراتیژیکی حیزبیان بە خەیانەت بە خوێنی ڕێبەرانی شەهید لە قەڵەم دەدا. ئەم تاقمە لە کۆنگرەی دوازدەش دا بەم پرۆپاگەندەیە بوونە کۆسپ لەبەردەم هێندێ لەو گەڵاڵەی چاکسازیو ریفۆرمانەی بژاردەکانی حیزب هێنابوویاننە گۆڕێ. بەڵام جەبری زەمانە زۆرینەی کۆنگرەی ١٣ی هێنایە سەر ئەوەیکە مل ڕاکێشێ بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کەمایەتی کۆنگرە پێشنیاری کردبوونو بەم جۆرە هەموو قەولو بەڵێنەکانی خۆیان پێ ڕێخست.

لەم بارەیەوە پێویستە بگوترێ کە تەنانەت مستەفا هیجری سکرتێری هەڵبژێردراوو دەسنیشان کراوی زۆرینەی کۆنگرەی ١٣ لە دژایەتی دەگەڵ پەسندکردنی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کۆنگرە دا قسەی کرد.

هەروەکی گوترا زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە، بە نابەدڵی ملیان بۆ هێندێ گۆڕان ڕاکێشا کە بەهیچ شێوەیەك هەر بە خەیاڵیشیان دا نەهاتبوو وەك پرۆژەیەکی سیاسی کار لە سەر ئەم گۆڕانانە بکەن. بۆ یە دەبینین بۆ وێنە: ئەوان پاش تێپەڕینی زیاتر ٣٠ مانگ لە بەسترانی کۆنگرە هێشتا نەیانتوانیوە پێناسەیەکی دیاریکراو لەو فیدرالیزمە بەدەستەوە بدەن کە پەسندیان کردوە. تەنیا پرۆژەی زۆرینە لە کۆنگرەدا پرۆژەیەکی نێوخۆیی بوو ئەویش بریتی بوو سڕینەوەی هەمیشەیی دژبەران. ئەم زۆرینەیە لە کاتی هەڵبژاردندا نەك دەنگیان بە لایەنگرانو گەڵاڵەداڕێژەرانی ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییەکان نەدا بەڵکوو خستیاننە پەراوێزەوە. بەو جۆرە لاپەرەیەکی نوێ لە قەیرانە نێوخۆییەکانی حیزب لە کۆنگرەدا هەڵدرایەوە کە دواجار پاش دووساڵو برێك لەتبوونی حیزبی لێ کەوتەوە.

دریژەی

## باسێك له كێشەی ژنانی نێو ریزەكانی حیزب

وانیەو پیاوان ساڵ به ساڵ دەرفەتی باشترو شیاوتریان بۆ دەرەخسێندرێ.

ئێستا ئەمن كارێك دەكەم كە پێش من ئەندامێكی كومیتەی ناوەندی كردوویەتی‌و تا ئێستاش لە رووی بەرپرسیارەتی‌و كاری‌یەوە قسەیەكم نە هاتۆتەوەسەر، كەواتە جیاوازی ئێمە لەكوێ دایە؟ دیسان دوپاتی دەكەمەوە كە دەرفەتی بەردەم پیاوان لە نێو حیزب دا بۆ ژنان وەك یەك نەبووە.

**◈حیزبی دیموكرات وەك رێكخراوێكی پێشڕەو بە كردەوە چەندەی داكۆكی لە مافی ژنان كردوە؟ دروشمەكانی حیزب چەندە لەگەڵ رەفتارو عەمەلكەردی رێبەران‌و بەرپرسانی ئەم حیزبە دێتەوە؟**

**گەلاوێژ حەسەنزادە:** ماددەی ١٩و ٢١ی فەسڵی سێهەمی بەرنامەی حیزب داكۆكی‌و پێداگری‌یە لە سەر مافی ژنان‌و حیزبی دیموكراتی كوردستان لەم دواییانەدا لە "هێڵە گشتی‌یەكان"ی خۆی‌دا پێی لەسەر ئەو مافانەو بەشداریی ژنان داگرتەوە، بەڵام ئەمجارە بە دروشمی دانانی میكانیزم پێ دادەگرێتەوە. بەڵام بە داخەوە سەرەڕای هەمووی ئەوانە نە بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەریی حیزب داو نە بارودۆخی ژنان بە گشتی لە حیزب دا لەبارو دڵخواز نیە. هەموو بەرپرسان‌و رێبەران‌و



گەلاوێژ، بەرپرسی كۆڕی پەروەردەی حیزب

ئەندامانی حیزب بە پێی بەرنامەو پەسندكراوەكانی حیزب ناجوولێنەوەو تەنانەت هەن كە قسەو عەمەلیان فرێ بە سەر یەكترەوە نیە. دیارە بەشێكی ئەم خەسارانە دەگەڕێتەوە سەر ژنان‌و نەناسینی ماف‌و كەسێتی خۆیان، دەنا هەر لە نێو رێبەرانی ئەم حیزبەداو ئەندامەكانی دا هەن كەسانێك كە هەوڵی خۆش كردنی رێگەی بەشداریی ژنان‌و باشكردنی وەزعی ژنان دەدەن.

**◈باسی خەمساریی ژنانت كرد. یانی ژنانی حیزب لە پەنا تێكۆشانی سیاسی لە ماف‌و خواستە تایبەتی‌و كۆمەڵایەتی‌یەكانیان دابڕاون؟**

**گەلاوێژ حەسەنزادە:** نا بەپێچەوانەوە. دروستتر بڵێین ژنان لەبەر توانەوەو خافڵاندن بە كێشە كۆمەڵایەتی‌یەكان كەمتر بە مافە سیاسی‌یەكانیشیان گەیشتوون. بەشی زۆری ژنانی نێو ریزەكانی حیزب زیاتر ئەركی نەریتی خۆیان واتە كابانیی ماڵێ دەكەن. ئەوەشمان لەبیر نەچێ كە ئێمە لێرە دەژین‌و نەبوونی ناوەندە كولتووری‌و كۆمەڵایەتی‌یەكان‌و نەبوونی ئیمكاناتی پێویست كۆسپی سەرەكیی هاتنە دەرێی ژن لە ماڵ‌و بەشداریی كاری سیاسی‌و رێكخراوەیین. هەر بۆ وێنە نەبوونی دایەنگا یان شیرخۆرگە دەبێتە هۆی ئەوەی بە پێی نەریت دایكان لە ماڵێ بهێڵێتەوەو وابكا كاروباری سیاسی بە جۆرێك رەنگی پیاوانە بەخۆیەوە بگرێ‌و ژنانیش لە داواكردن‌و دەستەبەركردنی مافە سیاسی‌و كۆمەڵایەتی‌یەكانیان دوابكەون.

**◈ژنانی نێو ریزەكانی حیزب لە دەركردنی بڕیارە سیاسی‌یەكان‌و گۆڕانەكان غایب بوون، حزووریان كەمەو یان هەر نیە. هۆی ئەمە بۆ پێكهاتەی حیزب دەگەڕێنیتەوە یا خۆ كەم توانایی ژنان خۆیان؟**

**سوهەیلا قادری:** حیزبی دیموكرات ساڵانێكی دوورو درێژە خەبات بۆ یەكسانی ژن‌و پیاو دەكا، بەڵام بە بڕوای ئەمن ئەوە زیاتر لە چوارچێوەی دروشم دا قەتیس ماوەتەوە.ئەگەر كەم توانایی ژنان بووبێتە هۆی كەم دیاربوونی رۆڵی ژنان، ئەوا حیزب چەند قات تاوانبارە كە لە پەروەردەو پێگەیاندنی ئەندامانی ژنان دا كەمتەرخەمی كردوە.

ئەوە راستی‌یەكە نیزامی پیاوسالاری‌و ژن بە لاوازو كەمگرتن



سوهەیلا، وێژەری رادیۆی دەنگی كوردستان

لە وجوودی پیاوانی ئێمەدا ریشەی داكوتاوە، با پێشمەرگەش بن، با با دیموكراتیش بن. هەر بۆیەش دەبینی بواری شیاو بۆ ژنان نارەخسێندرێ، بەرپرسیارەتیی بەڕێوەبردنی ئورگانێك بە ژنان نادرێ، هیچ ئەندامێكی ژن نەیتوانیوە كادرێكی باڵای تەشكیلاتی بێ‌و یان تەنانەت لە پلینومەكانیش دا ژنانێك وەك ئەندامی موشاویر هەڵ نەبژێردراون تا لەو ئاستەدا پەروەردە بكرێن‌و تا ئێستا میكانیزمێك نەبووە تا حزووری ژمارەیەكی زیاتری ژنان لە كۆنگرەو رێبەرایەتیی حیزب دا مسۆگەر بكا. تا بڵێی ئاستەنگ لەبەر دەم ژنان دانراوەو ئەوانەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ساختاری حیزب نەك كەم توانایی ژنانی نێو ریزەكانی حیزب. تا ئێستاش سكرتاریای حیزب بوونی تاقە ژنێكی بە خۆیەوە نەبینیوە. من ناڵێم ژنانی حیزب هەموو بە توانان‌و مافیان خوراوە، بەڵام دەڵێم زۆر ژنی بە تواناتر لە پیاوانی دەسەڵاتبەدەستمان هەیە كە پشتگوێ خراون. با رێبەرایەتیی حیزب دڵنیا بێ كە لە سەر ژنی ئاگاو بە توانا پەكی ناكەوێ، با بێن میكانیزمێك بۆ جێگیركردنی حزووری ژنان لە ئاستی خۆیان دا دابنێن.

بە داخەوە ئەوە بۆتە كولتوور لە نێو پیاوانی ئێمەدا كە ژنانی مەزنتر لە خۆیان نەبینن. بۆ ئەوان زۆر تاڵە لە ئورگانێك دا كاربكەن كە بەرپرسەكەی ژن بێ‌و بڕیار لە ئەو وەربگرێ. جا بۆیە بە دروشم دان‌و بەخۆدا هەڵگوتن ناتوانین گۆڕان



رووناك، كادری دەرمانی

دروست بكەین، دەبێ فیكرو ئەندیشەكانمان بە دانانی میكانیزمی گونجاو پراكتیزە بكەین‌و بگەین بەوەی ئیدیعای دەكەین.

**◈حیزبی دیموكراتی كوردستان لە هێڵە گشتی‌یەكانی خۆی‌دا وێڕای رەخنەگرتن لە رابردووی خۆی خوازیاری بەشداریی ژنان لە بڕیارو گۆڕانگاری‌یەكانی حیزب دایە. هۆكاری ئەم گۆڕانە لە چی دا خۆی دەردەخا؟**

**رووناك خاتوونی:** یەكەم شت لە داخراو بوون‌و بەربەستبوونی پێكهاتەی حیزبدا. چونكە سەرەڕای گونجاندنی ٢ مادە بۆ داكۆكی لە ژنان لە بەرنامەی حیزبدا رەنگدانەوەو پراكتیزەكردنی قەت لە ئاستی بڕیارو پلانرێژی‌و بەڕێوەبەریی حیزب دا خۆی دەرنەخست. ئەوەش جێی رەخنەو گازندەیە. ژنان رابردوویەكی دوورو درێژیان لە گیانبازی‌و فیداكاری‌و لەخۆبردوویی لە قۆناغە سەخت‌و دژوارەكانی حیزب دا هەیەو هەمیشە قەڵاو پشتیوانێكی قایم بۆ حیزب بوون. حیزب تا ئێستا لەم فیداكاری‌و خۆبەختكردنەی ژنان تەنیا بۆ تەبلیغاتی حیزبی‌دا كەڵكی وەرگرتوە، بەڵام لە كردەوەدا بۆ ژنان كەمترین كاری كردوە. بەڵام ئێستا كە هەوڵی بەخۆداچوونەوەو ریفۆرمی هێناوەتە گۆڕێ، دەبێ پێشوازی لێبكرێ.

**◈میكانیزمی جێبەجێ كردنی ئەم دروشمەو گۆڕانانە چۆن‌و لە چی‌دا دەبینی؟**

**رووناك خاتوونی:** دەبێ بە پێی دەرسەد (٪) رێ بۆ بەشداری ژنان لە هەموو بوارەكان دا خۆش بكرێ تا لێوەشاویی‌و توانایی ژنان زیاتر بپشكوێ‌و گەشە بكا. مەیداندان بە ژنان‌و هاندانی بەكردەوە دەتوانێ رێژەی ژنانی چالاك زۆر لەوە زیاتر بەرێتە سەرێ‌و ژنان بۆ قۆناغی سەرووترو بەرپرسیارەتیی زیاتر ئامادە بكا.

**ئەم باسە لە ژمارەی داهاتووش دا درێژەی دەبێ**

## له قاموسی فیمینیزمدا

(٢٨)

وەرگێڕانی: ب.هانا

**فیمینیزمەكان** Fiminisms

ئەم پێناسەیە، هەم بیردۆزەی مافی یەكسانی بۆ ژنان (بزووتنەوەی رێكخراو بۆ بەدەستهێنانی مافەكانی ژنان) دەگرێتەوە و هەم ئایدۆلۆژیایە كە بۆ پێكهێنانی گۆڕانێكی كۆمەڵایەتی كە ئامانجەكەی دروستكردنی جیهانێكی بەرزتر لە یەكسانیی كۆمەڵایەتیی تەنیا بۆ ژنانە.گێردا لێرنێر دەڵێ: فیمینیزم دەبێ جیاوازی دابنێ لە نێوان مافەكانی ژنان و رزگاریی ژنان دا (lerner1968).

لەسەر یەك، فیمینیزم ئایدولۆژیای رزگاریی ژنانە، چونكە لە هەموو ڕەگەكانی دا ئەم بڕوایە بە شێوەیەكی شاراوە بەدی دەكرێ كە ئێمە ژنان بە هۆی رەگەز (جنس) مانەوە دیلی بێعەداڵەتین. لە ژێر ئەم چەترە بەرینەدا، فیمینیزمە جۆراوجۆرەكان، لێكدانەوەی جیاواز لە بارەی هۆیەكان‌و هۆكارەكانی سەركەوتوویی ژنان دەخەنە ڕوو.

فیمینیستە ماركسیستەكان بە زۆری دابەشكردنی كار لە سەر بناغەی جینسی بەهۆی سەركوت ناو دەبەن. كە وابوو فیمینیزمی ماركسیستی، رێوشوێنێكە بۆ گۆڕانی ئابووری. لە لایەكی دیكەوە كاترین مەك كینون حەزو ویستە جینسی‌یەكان وەك بواری كۆمەڵایەتی سەرەكیی دەسەڵاتی نێرینە، سەیر دەكا. ناوبراو دەڵێ: تیۆریی سیاسیی فیمینیستی دەبێ لەسەر پێكهاتەو جەبری كۆمەڵایەتیی هەستی جینسی چڕ بێتەوە. چونكە لە روانگەی فیمینیزمەوە هەر شتێكی كەسی (شخصی) لە باری مەعریفەتناسی‌یەوە، سیاسی‌یەو، مەعریفەتناسی‌یەكەی، سیاسەتەكەیەتی (Mackinnon،١٩٨٢).

فیمینیزم ئەگەر بە تئۆریی روانگەی ژن دابنرێ، هەر لەو كاتەش دا ئەو مێتۆدە جیاوازانە دەگرێتەوە كە تایبەتن بە لێكدانەوەو بیردۆزە. بەرەو ژوور بردنی ئاگایی میتۆدی سەرەكیی فیمینیزمە. بەو هۆیەوە كە فیمینیزم بە واتای [هەبوونی] جۆرێك زانست‌و ناسین بەرامبەر بە شتەكان لە ژێر تیشكێكی نوێ دایە، پێویستی بە شیكردنەوەیەكی جیاواز و روون لە بارەی میتۆدو بیردۆزەوە هەیە.



میتۆدی فیمینیزم، ئەو راستی‌یەی هەوڵ دەدا وەسفی بكا، بە شێوەی بیردۆزە، كورت‌و كۆ دەكاتەوە. بۆ نموونە، فیمینیزم گومان دەخاتە سەر هەموو گشتاندنێك (تعمیم گرایی)و هەوڵدان لە پێناوی بەدەستهێنانی ئاگایی بەشێوەی فۆرمێك لە تیۆری‌و كردەوەی سیاسی بەكار دێنێ (Hartsock،1979).

لە راستیدا هێندێك لە تیۆرداڕێژانی فەڕانسەیی كەڵكوەرگرتن لە وشەی "فیمینیزم یان" بەو ناوە كە ئەمەش هەر "ئیزم" (ism)ێكی دیكەیە، وەلا ناوە (Makward ،1980) . ئەو پێناسانەی فیمینیستەكان لە بارەی فیمینیزمەوە خستوویانەتە روو، لەژێر كاریگەریی پەروەردە، ئایدولۆژی یا چینی ئەوان دا دروست بوون. بۆ نموونە، فیمینیستە سۆسیالیست‌و ماركسیستەكان لەسەر هەڵسوكەوتی نێوان چین‌و جنسییەت لە نێو فیمینیزم دا پێ دادەگرن‌و لە سەر جیاوازی‌یە كۆمەڵایەتی‌یەكانی نێوان پیاوان‌و ژنان چڕ دەبنەوە (1976و Mitchell.& Oakley). فیمینیستە رەشەكان زیاتر لە هەر شتێكی دیكە بە شوێن راڤەیەكی یەكپارچە دا دەگەڕێن كە بتوانێ سیستمە جۆراوجۆرەكانی سەركوت شی بكاتەوە ( 1981,B.Smith). بیردۆزە فیمینیستی‌یەكان بە پێی جیاوازی‌یەكەیان لە باری سیاسی‌یەوە، هەر كامێكیان وەك بابەتێكی سەربەخۆ، گونجێندراون (تۆمار كراون): بۆ نموونە، بڕوانە: Anarchist Feminism or) (Marxist Feminism

**فیمینیست** Fiminist

"فیمینیست" یش وەك فیمینیزم، پێناسەیەكی یەكگرتووی نیەو ناتوانێ هەبێ، چونكە فیمینیستەكان لە بارەی بە گرنگتر زانینی جنس، چین‌و رەگەزەوە، جیاوازیی زۆریان لەگەڵ یەكتر هەیە. بە كورتی، فیمینیست، ژنێكە كە خۆی بە فیمینیست دەزانێ‌و كەسانی دیكەش ئەو بە فیمینیست دەزانن. ئەمەش بەوە بەستراوەتەوە كە ژنێك بە ئەزموونی بەرەو ژوور بردنی ئاگایی دا تێ پەڕێنێ‌و زانستێكی لەباری سەركوتی ژنانەوە هەبێ‌و گەیشتبێتە ڕادەیەك لە تێگەیشتن لە بارەی خاڵە جیاوازو هاوبەشەكانی ژنانەوە.

هێندێك لە فیمینیستەكان لایەنگری پێناسەیەكی داهاتوو تەوەرن، واتە فیمینیستێك دەبێ لە بارەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی‌یەوە، تێگەیشتنێكی هەبێ (1984 ,Eisenstein). ئەوانی دیكە لایەنگری پێناسەیەكن كە ئیعتباری ئەزموونەكانی ئەمرۆی ژنان بە رەسمی بناسێ (١٩٨٣, Duelli Klein). "من بۆخۆم هیچكات نەمتوانیوە بە روونی تێبگەم كە فیمینیزم چیە. تەنیا ئەوەندە دەزانم هەركات ئەو هەستانە دەردەبڕم كە من لە [ژنێكی سەرك,تكراو یا سۆزانی‌یەك جیا دەكاتەوە، خەڵك پێم دەڵێن فیمینیست" (West. 1982. p 219).

بەڵام هەموو فیمینیستەكان لە جۆرێك دەروەستی بەرامبەر روانگەیەكی ژنتەوەرو بوونی روانگەیەكی ئەوتۆدا هاوبەشن.

**كتێبی "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی" نووسینی مەگی هام و سارا گەمبل ، وەرگێڕان بۆ فارسی "فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی" لاپەرەكانی ١٦٣و ١٦٤و ١٦٥**

**له دەوری ئاڵای حیزبی دیموكراتی كوردستان كۆ ببنەوە**

KURDISTAN
The Official Organ of Democratic Party of Kurdistan - Iran
No: 456 1 March 2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، رۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨
www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

# دوو دیداری گرینگی هەیئەتی حیزب لە بریتانیا

بریتانیا ـ لەندەن
رۆژی چوارشەممە ١٤ی فێوریەی ٢٠٠٧ کاك خالید عەزیزی بەرپرسی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی حیزب‌و کاك مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لە بریتانیا لەگەڵ بەڕێز مایك گەیلٚ بەرپرسی سیاسیی سەفارەتی ئەمریکا بۆ کاروباری ئێران دیدارو چاوپێکەوتنیان کرد.

لەم دیدارەدا کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار بە ئێران‌و ناوچەکەیان لێك دایەوە. لەو دانیشتنەدا هەیئەتی حیزبی بۆ جارێکی دیکە تەئکیدی کردەوە کە مافی مرۆڤ‌و ئازادی‌و دیموکراسی کە بەدەیان ساڵە لە ئێران دا پێشێل دەکرێن نابێت بکەونە ژێر سێبەری کێشەی ئەتۆمیی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی‌و ئێران. چونکە ئێران بە ئاشکرا لە دۆسیەی ئەتۆمی کەلك وەردەگرێ بۆ داپۆشینی گیروگرفتەکانی رۆژانەی سیاسی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئێران. لەبەر ئەوە ئەو کێشەیە دەبێ سنوورێکی بۆ دیاری بکرێ.

هەروەها رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٥ی فێوریەی ٢٠٠٧ هەیئەتی حیزب سەردانی بارەگای ئەمنێستی ئینترناسیۆنال (رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن) یان کرد.

هەیئەتی حیزب لەگەڵ هەیئەتێکی ئەمنێستی ئینترناسیۆنال کە پێك هاتبوو لە هەیئەتی کاروباری ئێران بەسەرپەرستیی بەڕێز ئەنا هاریسن‌و هەیئەتی کاروباری تورکیە بە سەرپەرستیی بەڕێز ئێما سینکلەر ویب‌و بەڕێز دروری دیك‌و هەیئەتی کاروباری عێراق.

لەو دانیشتنەدا پێشەکی باسێکی تێرو تەسەل دەربارەی مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی‌و کوردستانی ئێران بە تایبەتی کرا. هەیئەتی حیزب هەروەها داوایان لە ئەمنێستی ئینترناسیۆنال کرد، کار بکەن بۆ ئەوەی روون بێتەوە کە محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی کە یەکێك لە داڕێژەران‌و بەڕێوەبەرانی تیرۆری رێبەری حیزبەکەمان د. قاسملوو بووە، ئایا لە نێو ئەو گیراوانەدایە یان نا، کە لە لایەن هێزەکانی ئەمریکایی‌یەوە لە هەولێر دەستگیر کراون.

بەشێکی دیکەی باسەکان دەربارەی وەزعی زۆر نالەباری پەنابەرانی کورد لە تورکیە بوو کە هەیئەتی حیزب داوای کرد ئەمنێستی، هەموو ئیمکاناتی نێودەوڵەتیی خۆی بۆ رزگارکردنی پەنابەران لەو چارەنووسەیان بەکار بێنێ.




# چیاکانی کوردستان
## عەوالان، هاوارە بەرزە، ئەوالان Awallan



چیایەکە بەرزاییەکەی ٢٩٤٠ میترەو، لەسەر رێگای سنە ـ کامیاران‌و لە راستی‌دا لە بەدیمەنترین شوێنی ئەم پارێزگایە، هەڵ کەوتوە. هەر بۆیەشە باغەکانی سەر رێگای سنە ـ کامیاران‌و دۆڵی سەرسەوزی ئەم رێگایە، وێرای باغە جوانەکانی ئاوایییەکانی "نشور"، دڵی هەر رێبوارێك دەرفێنن.

عەوالان، لەو چەند بەرزایی‌یەیە کە پەناگەی زستانییان بۆ شاخەوانان‌و سروشت دۆستان هەیەو تا کۆتایی مانگی جۆزەردان، پەڵە بەفری سپی هەر پێوە دەمێنێ.

رووبەری گیایی‌و سەر سەوزیی تایبەتی داوێنەکانی، تەنیا لە داوێنەکانی چل چەمەدا دەبینرێ. جۆراوجۆری‌یەك لە گوڵە رەنگاورەنگو بۆنخۆشەکان، باغاتی پڕ لە میوەی وەرزی، ئاژەڵدارانی داوێنی چیا بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا، کانیاوە فێنك‌و هەمیشەیی‌یەکان لە تایبەتمەندی‌یە سەرنجراکێشەکانی ئەم کوێستانە دلگرەن.

"ئەوالان" لە ٤٠ کیلومیتریی رێگای سنە ـ کامیاران هەڵ کەوتوەو دەروانێتە سەر ئاوایی "نشووری سەروو". ئاوە وەرزی‌و هەمیشەیی‌یەکانی چیای عەوالان، دەڕژێنە قووڵایی سیروان. گورگ، رێوی، کەو، هەڵۆ، پشیلەی وەحشی، مار، مارمێلکە، زەردەقۆرە، چەقەڵ، شین شێنکە، کیسەڵ‌و ژووشك لەو گیانلەبەرانەن کە لەم چیایە زۆرو زەوەندن. هێندێك گوڵ‌و گیا لە بنەماڵەی چەتریان، دافنە، لێرەواری بەڕوو، بادامی کێوی، گێوژ، کەما، لۆ، گەوڵە، ئەرخەوان، کەنگر، پشووك، هەڵاڵە برمەو... لەم چیایە دەبینرێن.

ئەوالان لە ریزی پێشەوەی ئەو چیایانەی کوردستاندایە کە سرووشتدۆستان بۆ شاخەوانی و سەیرانی بەهاران‌و پاییزان رووی تێ دەکەن. ماوەی چوونە سەرو گەرانەوە لە ترۆپکی ئەوالان، ٧ کاتژمێرە.

سەرچاوە: " جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول: کوەها" ( دیمەنە سرووستی‌یەکانی کوردستان، دەفتەری یەکەم: چیاکان)
ئامادە کردنی: ئەکبەری وەلەدبەیگی

# رووخسارە هاوبەشەکانی بنەماڵە، حیزب، وڵات، دین
## تەڵاق، جیابوونەوە، دابەشبوون‌و لە دین وەرگەڕان

بەر لەماڵاوایی

ناسر ئیرانپور- ئاڵمان

دەستەی یەکەم (بنەماڵە، حیزب، وڵات، دین) لە کۆمەڵە داخراوو نەریتی‌یەکان دا، پیرۆزو گومان هەڵنەگرن. پاراستنی هەرێم‌و تەواوەتیی هەر چوار چەمك، ئەرکی ئەندامان‌و کەسانی نێو ئەوانن. بەم پێیە، دەستەی دووهەم، بەرهەمی لادان لە رێوشوێنەکانی دەستەی یەکەمن‌و بە توندی شیاوی سزادانن‌و وەڵام بەوان بریتی‌یە لە قەتڵە ناموسی‌یەکان، تیرۆری فیزیکی‌و کەسایەتی، لەشکرکێشیی نیزامی‌و جیهادی ئیلاهی. چەند زۆرن ئەو مرۆڤانەی سەبارەت بە داواکردنی بێجێ یا بەجێی تەڵاق، جوێبوونەوە لە حیزب، هێنانە گۆڕی داوای سەربەخۆیی‌و، لە دین وەرگەڕان، کوژراون.

یەك لە جیاوازی‌یەکانی نەریتخوازی‌و جیهانبینی‌یەکانی پێش مۆدێرنیزم لەگەڵ مۆدێرنیتەو پاش مۆدێرنیزم، بەتایبەتی لەوە دایە کە لە یەکەمیان دا، تاك بە تەنیا هەوێن‌و هەڵگری هیچ مافێك نیە، بەڵکو کۆمەڵگەکان ئەسڵ‌و بناغەن‌و، بەم پێیە هەر چوار کۆمەڵی بنەماڵە، حیزب، وڵات‌و دین پیرۆزن‌و، لە نەفسی خۆیان دا شیاوی داکۆکی لێکردنن، جا بە هەر نرخێك بێ. بەڵام لە دووهەمیان دا، وێڕای ئەوە کە هەر کام لەوان جێگای رێزن، پشت تێکردنیان نەك هەر هیچ سزایەکی لەگەڵ دا نیە، بەڵکوو شیاوی سەرکۆنەش نین. رەوتی ژیانی مرۆڤیش، راست پێشاندەری سڕانەوەی پیرۆزیی کۆمەڵەکان، بۆ وێنە کۆمەڵەکانی وەك بنەماڵە، حیزب، دین‌و وڵاتن. هەموو ئەم چەمکانە لە دنیای ئەمرۆدا بە شێوەیەکی روو لە زیاد بوون لەگەڵ گرفتی رەوایی (مشروعیت) بەرەو روون. هەر بۆیە ئەم رەوتانە، هەروەك باس کرا، بۆخۆیان بەشێکن لە ئاکامەکانی پرۆسەی کۆمەڵ سڕینەوەو، بەگشتی نیشانەی کۆتایی‌هاتنی تەمەنی روانینە کۆلۆکتیویستی‌و فراوانخوازانەو ملهوڕانەکان‌و، هەڵکشان‌و قووڵبوونەوەی ئیندیڤیدوالیزم (تاك باوەڕی‌و تاك گەرایی)و هەروەها پەرەگرتنی هزرو بیری دیموکراتیك‌و لایەنگری مافی مرۆڤ و بەڕەسمی ناسینی مافی کەمایەتی‌یەکانن کە لەم گۆڕانە چەندی‌و چۆنییانەی خوارەوەدا خۆیان دەرخستوە:

١) هەرچی بچووکتر بوونەوەی بنەماڵەکان، زۆربوونی ژمارەی تەڵاق، کەمبوونەوەی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش‌و سکوزا،
٢) زۆربوونی ژمارەو جۆری حیزب‌و رێکخراوە سیاسییە هاوشێوەکان،
٣) زیاد بوونی ژمارەی وڵاتانی سەربەخۆی جیهان‌و لە ئاکامدا هەرچی بچووکتر بوونەوەی ئیمپراتۆری‌یەکان‌و وڵاتە گەورەکان‌و،
٤) زۆربوون‌و پەرەگرتنی دابڕان‌و دووریی مرۆڤەکان لە دین‌و دینداریی‌و بەگشتی هەموو ئایدیۆلۆژیا فراوانخوازەکان (سەرەڕای پەرەگرتنی توندوتیژی‌یە ئایینی‌یەکان کە زیاتر نیشاندەری قەیرانی دینی‌یە نەك پەرەگرتنی خۆشەویستیی دین، بۆ نموونە دەتوانی بڕوانیە ئاماری بەجێ هێشتنی کەلیسە لە ئاڵمان).

بە بڕوای من لایەنگرانی فەناتیك‌و بنیاتگەرای هەر چوار کۆمەڵی ناوبراو (بنەماڵە، حیزب، وڵات، دین) لە یەك کات دا هەم پاتریالشالن، هەم سێکتاریست، هەم فراوانخوازو هەم دین مەنێش‌و، بۆ پاراستنی کۆمەڵەکان کە بە هەرێمێکی پیرۆزی دەزانن، ئامادەن خوێن بڕێژن‌و گیان بستێنن. هەموویان موتڵەق گەرا، لە بیرکردنەوە بێزار، دوگماتیست، ماکیاوێلیست، توتالیتێر، ئازادیکوژو دیکتاتۆرن.

بۆیە هەرکات لە کۆمەڵی ئێمەدا بەستراوەیی بە یەکێك لە کۆمەڵە بنەماڵەیی، سیاسی، دەوڵەتی‌و دینی‌یەکان نەبێ بە مایەی ئیمتیازو، وەدەرکەوتن لەوان بە گوناهی کەبیرە نەژمێردرێ‌و بە شیاوی مەحکوومکردن‌و تەمبێکردن نەزانرێ، هەرکات تەڵاق، جیابوونەوە، دابەشبوون‌و لەدین وەرگەڕان، بێ سەرنجدان بە هەموو سەرچاوەکانیان‌و لە نەفسی خۆیان دا وەك دیاردەیەکی درێوو بێز لێکراوو شیاوی رەخنەو تۆڵە ستاندنەوە سەیریان نەکرا، دەکرێ بڵێین خەڵك لەو کۆمەڵە ناوبراوانە دا، ئازادن. پێچەوانەکەش هەر راستە:

١) هیچ بنەماڵەیەك سالم‌و دادپەروەر نیە ئەگەر لەوێدا مافی یەکسانی تەڵاق‌و ئاکامە لە سەداسەد یەکسانەکانی بۆ هەر دوولایەن (ژن‌و مێرد) ئەگەر هاتوو جیا بوونەوە، وەك یەك دەستەبەر نەبێ.

٢) هیچ حیزبێك سالم‌و دیموکراتیك نیە ئەگەر لە پێشەوە لە پێڕەوی نێوخۆی‌دا مافی موخالیفەت، ئۆپۆزیسیۆن، پلاتفۆرم، فراکسیۆن‌و تەنانەت جوێبوونەوەی بە رەسمی نەناسیبێ‌و لە کاتی پێویست دا بەکاریان نەهێنێ‌و، ئەگەر ئەم جوێبوونەوەیە ئاکام‌و بەرهەم‌و مافی لە سەداسەد یەکسانی بەدواوە نەبێ. (دیتراوە کە هێندێك کەس پاش چەندین ساڵ زەحمەت‌و هەوڵدان‌و تێکۆشان لە هێندێك حیزبان جیابوونەتەوە بێ ئەوەی بچووکترین پشتیوانییان بەدوای جیابوونەوەدا بەدی کردبێ. هێندێك جار ئەو جیابوونەوەیە بە کۆمەڵ رووی داوە، بەڵام لەگەڵ هەڕەشە لێکردن‌و بوختان بۆ هەڵبەستن‌و درۆ بۆ ساز کردن‌و تەنانەت پەلاماری فیزیکی بەرەو روو بووە. هەربۆیە دەبێ مەرجی پێشەوەی هاوکاریی هەر رووناکبیرێك لەگەڵ رێکخراوی سیاسی، بەرەسمی ناسینی ئەو مافە بێ)،

٣) هیچ سیستمێکی دەوڵەتی، سالم‌و دادپەروەرانە نیە کە لەوێدا مافی جیابوونەوە نەبێ‌و، لە پێشەوە چەکی سپیی وەك بەڵگەی وەفاداریی ئەبەدی لە خەڵك ستاندبێ.

٤) هیچ دینێك ناتوانێ بانگەشەی سالم بوون‌و ئازادبوون‌و خەڵکی‌بوون بڵاو بکاتەوە، بەڵام وەك شەقامی یەکسەرە (یەك لایەنە) وابێ‌و هەرکەس لێی لادا، لەگەڵ بەرتەسککردنەوەی مافەکانی، سەختگیری‌و بەتایبەتی مردن بەرەو رووبێ. (مەرجی لە پێشەوەی بڕواهێنان بە هەر دین‌و کۆمەڵێکی دینی‌و عەقیدەتی ـ فەلسەفی دەبێ مافی هاتنە ناوو بە تایبەتی چوونە دەری دڵخوازانە بێ).

٢٦ی ژانویەی ٢٠٠٧

وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە: ع. وریا
سەرچاوە: ویبلاگی "راە روانگە"

# ناڕەزایەتی دەربڕینی تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ گرفتی مین لە کوردستان دا

٦٥ تێکۆشەری بواری مافی مرۆڤ لە بەیاننامەیەك دا داوای پێکهێنانی کۆمیتەیەکی تایبەتیان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی گەورەی مین لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، ئیلام، کرماشان و کوردستان دا کرد. لە بەیاننامەکەدا گوتراوە سەرەڕای تێپەڕینی ١٨ ساڵ لە شەڕی ئێران و عێراق تا ئێستاش دانیشتووانی پارێزگە کوردنشینەکان لەگەڵ مەترسیی تەقینەوەی مین و تەقەمەنیی بەجێماوی سەردەمی شەڕ بەرەوڕوون و تووشی کارەسات دەبن. بەیاننامەکە دەڵێ تێپەڕینی زەمان، هەڵکەوتی جوغرافیایی و کەشوهەوا بوون بە هۆی گوێزرانەوەی مینەکان و گرفتەکەیان ئاڵۆزتر کردوە.

بەیاننامەی ئەو کۆمەڵە لە داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ دەڵێ بە پێی ئاماری UN، ١٦ میلیۆن مین لە ژێر زەوی‌یەکانی ئێران دا هەن کە بە شێوەیەکی نێونجی رۆژانە دەبنە هۆی قوربانی ٢/٢ کەس. سەدی ٧ی ئەو مینانە لە خاکی کوردستان دان کە تا ئێستا بوون بە هۆی کوژرانی سەدان کەس و هەزاران کەسیان تووشی کەم ئەندامی و نەقوستانی کردوە. ئەمەش لە حاڵێك دایە کە بە گوێرەی قانوونی بنەڕەتیی وڵات، بەرپرسایەتیی پارێزگاری لە ئاسایشی گیان و ماڵی هاووڵاتیان لە ئەستۆی دەوڵەت دایە. بەیاننامەکە رۆژی ٢٨ی رێبەندان دەرچووە.

هەواڵدەریی چاوەدێری
مافی مرۆڤ لە کوردستان


# نزیکەی سەدی ٥٠ی زمانەکانی جیهان خەریکن لە نێو دەچن

لە پەیامێك دا کە کۆیچیرۆ ماتسورا، بەڕێوەبەری گشتیی یۆنسکۆ بە بۆنەی ٢١ی فێوریە رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی ناردی، هاتوە نزیکەی سەدی ٥٠ی ئەو ٦ هەزار زمانەی لە سەر زەوی هەن خەریکن لەنێو دەچن. لە سەدا ٩٦ی زمانەکان تەنیا لە لایەن لە سەدا ٤ی سەرجەم دانیشتووانی زەوی قسەیان پێ دەکرێ. کەمتر لە سەدی ٢٥ی زمانەکان لە سیستەمی فێربوونی وڵاتان دا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. کەمتر لە ١٠٠ زمان لە دنیای دیجیتاڵ دا بەکار دەهێنرێن.

بەڕێوەبەری گشتیی یۆنسکۆ گوتی: زمانی زگماکی (زمانی دایك) بۆ هەموو مرۆڤەکان خۆشەویست و جێگای رێزە. یەکەم وشەکان بە زمانی زگماکی گۆ دەکرێن: زمانی زگماکی بۆ دەربڕینی هەستەکانی تاکیش باشترین زمانە.

سەرچاوە: "ایران امروز"

# ژمارەی تازەی گۆڤاری "تیشك" بڵاو بۆوە



کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردن بەم دواییانە ژمارەیەکی تازەی گۆڤاری "تیشك"ی چاپ و بڵاوکردەوە. ژمارە ١٨ی "تیشك" کە تازەترین ژمارەی ئەو گۆڤارەیە وتارێکی تێرو تەسەلی لە سەر رۆڵ و کەسایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو تێدایە و هەروەها چەند وتارێکی فکری و لێکۆڵینەوەیی لە خۆگرتووە کە گرنگییەکی تایبەتیان بە دیمۆکراسی‌و بزاڤی نەتەوەیی کورد داوە.

# ئاکامەکانی حەفتاو نۆیەمین خولی بەخشینی خەڵاتی ئوسکار

BBC: سەر لە ئێوارەی یەك شەممە ٢٥ی فێوریە لە سالۆنی کۆداکی هالیود حەفتاو نۆیەمین خولی دانی خەڵاتی سینەمایی ئوسکار بە بەشداریی بەناوبانگترین هونەرمەندانی دنیای سینەما بەڕێوە چوو.

فیلمی "لەدەستچوو"ی مارتین سکۆرسیزی وەك باشترین فیلم هەڵ بژێردراو لە سەر یەك چوار خەڵاتی وەرگرت. ئەوە یەکەم جار بوو مارتین سکۆر سیزی پاش چەندین ناکامیی یەك بەدوای یەك دا توانی خەڵاتی ئوسکار وەربگرێ.

خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن درا بە هێلین میرن کە لە فیلمی مەلەکە (شاژن) دا رۆڵی ئیلیزابێتی دووهەم شاژنی بریتانیایی هەبوو. خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاویش درا بە فارست ویتاکر کە رۆڵی "ئیدی ئەمین"ی لە فیلمی دوایین پادشای سکاتلەند دا نواند بوو. خەڵاتی باشترین دەرهێنانی هونەری درا بە فیلمیکی میکزیکی. باشترین ئەنیمەیشنی کورت، فیلمی "شاعیری دانمارکی"و باشترین کورتە فیلم "چیرۆکی لێواری رۆژ ئاوا" بوو کە خەڵاتی ئوسکاریان وەرگرت. فیلمی "نامەکانی ئایوو جیما" خەڵاتی باشترین دەنگی وەرگرت.

"حەقیقەتی تاڵ" کە ئەل‌گۆڕ جێگری سەرۆك کۆماری پێشووی ئەمریکا لە بارەی پاراستنی ژینگەو ئەو مەترسییانەی هەڕەشە لە ژینگە دەکەن، دروستی کرد بوو، خەڵاتی باشترین فیلمی دوکومێنتیی درێژی وەرگرت.

خەڵاتی حەفتاونۆیەمین خولی دانی خەڵاتەکانی ئوسکار بۆ دیمەنە تایبەتی‌یەکان درا بە فیلمی دزانی دەریای کارائیب (سندووقی پیاوە مردووەکە).

